## بەشی چوارەم

# فایەق

**١٨٠٦ – ١٨٨٩**

### ژیانی فایەق

عوسمان کوڕی حاجی ئیسماعیل کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا فازیل. لە بنجدا بنەماڵەی ناوبراو خەڵکی گوندی دەرگەزێنی هەمەدانە. لە ساڵی ١٨٠٦ لە سلێمانی لە دایک بووە. خوێندنی ئاسایی بووە هەموو قۆناغەکانی لە حوجرە و مەدرەسەی مزگەوت تەواو کردووە. بەفەقێیەتی هەندێ شوێنی کوردستان گەڕاوە. دوا مەنزڵی خوێندنی لە ئاوایی تەوێڵەی هەورامان بووە. خوێندنی مەلایەتی (شەریعەت) و سۆفیزمی (تەریقەت)ی لە لای شێخ عوسمان سەراجەدینی تەوێڵە تەواو کردووە و ئیجازەی مەلایەتی و دەروێشی لەو وەرگرتووە و بووە بەسۆفی و موریدی. لە پاشانا گەڕاوەتەوە سلێمانی و کە خانەقای ئێستا بەناوی کوڕییەوەیە «خانەقای حاجی مەلا عەلی» وەک پێشنوێژ و مودەریس و ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندی دامەزراوە.

نازناوی شیعری «فایەق» و هەندێ جاریش «حەزین» بووە. لەقەبی تەریقەتی عیمادەدین بوو، بەڵام لە ناو خەڵکیدا بەمەلا وەسمان ناسراوە. وەک لە ژیانی دەردەکەوێ ئەم شاعیرە هەموو ژیانی لە خانەقا بردۆتە سەر و خەریکی زانستییەکانی ئایینی ئیسلام و دانانی کتێب بووە بەشێوازی کۆن لە مەیدانی زانستییە ئایینییەکاندا. فایەق ژیانێکی هێمن و لەسەرخۆی بردۆتە سەر و کۆمەڵێک شیعری نایابی پلە بەرزی خستۆتە ناو مێژووی ئەدەبی کوردییەوە. لە ساڵی ١٨٨٩ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە خانەقای حاجی مەلا عەلی بەخاک سپێرراوە.

### شیعری فایەق

فایەق بەقەوارە شیعری کەمە، بەناوەڕۆک بەرزە، نموونەی چاکی بەرهەمی شیعری کلاسیکی کوردستانی باشوورە. لە ڕووی کێش و قافیەوە هەموو مەرجەکانی کێشی عەرووز و یەکێتی قافیەی پاراستووە. ژمارەی دێرە شیعرەکانی بەزۆری حەوت دێری و نۆ دێرییە. شیعرێکی دوازدە دێری هەیە بەغەزەلی ژماردووە لە ڕووی ژمارەی دێرەکانییەوە. هەروەها شیعرێکی هەڤدە دێری هەیە ئەمەی بەقەسیدە حسێب کردووە.



لە هونەرە شیعرییەکانی دیکە دوو چوارین و پێنج تاکی هەیە. هەروەها سێ پێنج خشتەکی هەیە، دووانیان لەسەر دوو غەزەلی نالی کراون، ئەوی دیکەیان لەسەر غەزەلێکی حاجی کراوە.

ناوەڕۆکی شیعری فایەق لە چوارچێوەی دڵداری و وەسف نەچۆتە دەرەوە. دڵداری ئەم شاعیرە بەتوانایە لە ناو تەمومژی وێنەی ڕەوانبێژی نوقوم بووە بەئاسانیش ناسنامەی دیاری ناکرێ. لە هەموو شیعرێکیدا هەست بەهەناسەی هەموو جۆرە دڵدارییەکانی ئەدەبی کلاسیکی ئیسلامەوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێ، دەمێک سۆفیزمی کۆزمۆسییە، لەپڕ دەبێتە سۆفیزمی ئیسلامەوی، ئینجا مووەکە لە نێوان دڵداری حەقیقی و مەجازیدا ون دەبێ، هەندێ جاریش دلبەرەکە کچێکی نازەنینی ڕازاوەی هاوچەرخە، نموونەی بووکی ماچوموچ و دەسبازییە.

### نموونەی شیعری فایەق

– ١ –

لە شیعرێکیدا فایەق دەڵێ:

سەر خەتی ئەهلی وەفایە خەتتی سەبزی میشک بوو
میشک بیزان خەتایە جەمعی زولف و خاڵ و ڕوو
سەرخۆش و مەست و خەرابم ڕووبەڕووی دیداری یار
میسلی پەروانە لە بۆ شەمعم بەتاب و جوست و جوو
عیلمە کالای مەغفیرەت پشتانی بالای ئادەمی
ژەنگی عوسیان دەیڕزێنێ تۆبە دەیکاتن رفوو
عیشقە مایەی مەعریفەت بازاڕی نرخی مەیکەدە
چاک وەهایە خاکی ڕێگەی کەین بەموژگان روفت و ڕوو
هەر لە خوتتەی ماسیوا یەک خەتوە هەڵنێی دەردەچێ
هاو و هوو لادە (ئەنا و ئەنتە) نەمێنێ غەیر هوو
مەرگە ببڕێ ڕێی تەمەع هەودای پڕ پێچی ئەمەل
تا نەمردووی مەردومی کە بمرە بەس کە هات و چوو
لەم نەسیحەت نامەوا (فایەق) یەدی بەیزات هەیە
لادە گەر تۆ ئەهلی سیدقی خیرقەیی هەممارە پوو

ئەم شیعرە وەک پەندێکی دانایانە دەکەوێتە ڕوو. شاعیر لە مەشقدایە لە نێوان ئامۆژگاری و بیری قووڵی سۆفیزم و دروستکردنی وێنە و ڕستەی داهێنراوی پڕ لە ڕەوانبێژی بەپێی مەرجەکانی ئیستێتیکی ڕۆژهەڵات.

- ٢ -

لە شیعرێکی دیکەیدا فایەق دەڵێ:

نالّەی من و نالّەی نەی جەنگی بێ پەروا دەکەن
واقیعی هەردوو لە لای من بێ دەلیل دەعوا دەکەن
ساز و سۆزی هەردوو لا گەر یەک گرن وێران دەبێ
خانەیی ئەهلی ڕیا ئۆلکای عیشق ئاوا دەکەن
تای چەلیپای زولفی تۆ بۆ دڵ بووە دامی بەلا
بێ تەماشا چاوی مەستت ڕاوی سەد عەنقا دەکەن
تەن بووە کۆلک لە بۆ چۆگانی دەستی دلبەران
دڵ نیشانەی تیری موژگانە عەجەب غەوغا دەکەن
ڕەسمی شەهر ئاشووبییە تاتایی زولفی مەه ڕوخان
جەمعی مەستانە مەگەر جەمعییەتێ بەرپا دەکەن
عادەتی خووبانە ئەی دڵ سووچی چاوی ئەو چییە
بێ مووبالاتن حەریفان والەو و ڕیسوا دەکەن
بۆ نیساری نەزمی (فایەق) ئەهلی وەجد و مەعریفەت
ئەشکی خوێنین دادەڕێژن لوئلوئی لالا دەکەن

لەم شیعرەدا فایەق وێنە و تەعبیرە لەبەردەستەکان دووبارە دەکاتەوە بەشێوازێکی تازە، واتە سیفەتەکانی دلبەر لەگەڵ بزووتنەوەکانی سروشت وێنەیێکی دیاریکراویان هەیە، شاعیر ئەم وێنانە بەشێوەیێکی تازە دووبارە دەکاتەوە، ئەمەیان نابێتە لاسایی یا وەرگرتن بەڵکو دەبێتە داهێنان.



- ٣ -

لە لیریکێکیدا فایەق دەڵێ:

بەیازی گەردەنت تا دەستی مووسا
بەڵێ ئەنوەر وەکو ئەحمەد لە عیسا
موسوڵمان و مەسیحی ڕوو لە ڕووت کەن
سوحوف باوێتە ئاتەش پووری تەرسا
شوکور زاهید کە پیشەی لەومی عیشقە
بەدامی گێسویی مەحبووبە تاسا
شکست و بەستی تۆ بەم فەتحی بابە
مەدەدکاریم ئەکا ئاخر شەحیشا
درێغ بۆ خەرمەنی چل ساڵە تاعەت
لە بەرقی مەعسییەت هەڵسا بڵێسا
کەبابی دڵ لەسەر خوانچەی مەزەللەت
ڕفاندی تورکی یەغما و نەترسا
لە دنیا تێر نەبوو (فایەق) هەتا مرد
غەریقی بەحری ڕەحمەت بێ خوداسا

فایەق لەم شیعرەدا هەندێ ڕومووزی ئایینی و سۆفیزم و گێڕانەوەی ئەفسانەیی بەکار دێنێ بۆ وەسفی دلبەر وەکو کەرامەتی پێغەمبەران و ئەفسانەی ئایینی جەلجەلووت ئامێز. بۆ ئەم مەبەسە زاراوەی «شەحیشا»ی بەکارهێناوە. ئەمە وشەیێکی سریانییە جادووی تێدایە بەهۆی ئەوەوە هەموو داخراوێک بەهۆی کلیلەوە بەبێ کلیل دەکرێتەوە. ئەم شیعرە لە ناو تەمومژی سیمبۆلیزم و سۆفیزم و ڕۆمانتیک خنکاوە. شیعرێکی جوانە چونکە شیعردۆست ماندوو دەکا و هەندێ شتی لێ فێر دەبێ. دیارە قافیەشی سەرنج ڕادەکێشێ چونکە ئەم جۆرە قافیەیە لە شیعری کوردیدا بەدەگمەن بەکارهێنراوە.

لە لیریکێکی دیکەیدا فایەق دەڵێ:

شەهیدی شەهدی لێوی ئاڵی تۆ بووم
ئەسیری دامی زولف و خاڵی تۆ بووم
لە قەندابی دەهانت بوو حەیاتم
قەتیلی چاوی مەست و کاڵی تۆ بووم
وەکو یووسف لە چاهی غەبغەبتدا
زولەیخای کان و دوڕ و لالی تۆ بووم
سەراسەر خوێن بوو مەغز و گۆشت و پۆستم
حەنایی پەنجەیی شمشاڵی تۆ بووم
وەکو نێرگس نەبینا بووم لە ڕووتدا
وەکو گوڵ فەرشی پێ و خڵخاڵی تۆ بووم
زەمانەی تەرزە بارانی هەم و غەم
خەواڵووی خێوەتی شاباڵی تۆ بووم
وەکو خاک بووم لە ڕێی مەیخانە ساکن
شەو و ڕۆژ داییما پا ماڵی تۆ بووم
ڕەقیب وەک بادی سەرسەر هات و دای لێم
پەرێشان غافڵی ئەحواڵی تۆ بووم
شوکور (فایەق) بەتەوری تووری سینا
لە سۆزی سینە کۆی زوخاڵی تۆ بووم

لەم شیعرەدا فایەق لەگەڵ یاری قسە دەکا، لە هەموو شتێکدا تەنیا لەگەڵ ئەوە. ئەو گەورە و فایەق بچووکە، هەمیشە دیل و پێش خزمەتی بووە، گوڵی چیمەن بووە بۆ ئەوەی دلبەر بەپێ بەسەریدا بڕوا، هەر چۆنێ بێ ناتوانێ بیر لەوە بکاتەوە لە کارێکدا ئەو خەریکی بێ و دلبەری تێدا نەبێ.





لە شیعرێکیدا فایەق دەڵێ:

لە عوقدە و چینی زولفت ماهی سیما
گوشاد بوو بابی ئەلغاز و مەعەمما
بەحەللی عوقدەیی عاشق گرفتار
بەعەین و حاجیب و خەدد و چەلیپا
بەقەید و حەبسی چین چینی موجەرڕەد
لە قەیدی سووڕەت و دامی هەیوولا
لە خاتر لوتفی تۆ بوو ئانی حوسنت
سەباحی یووسف و عیشقی زولەیخا
خەیاڵی ئێمە تا حوسنی جەماڵت
بەشێوە مەرکەزە بۆ ئەوجی ئەعلا
عەجەب جیلوەی لە تافەت شێوەیی تۆ
تەجەللی بەخشە بۆ ئەدنا و ئەقسا
لە ڕەمزی دەفتەری حوسنت پەرێشان
سەحیفەی دانش و ئەفکاری دانا
لە ڕەزمتدا پەرێشان جەمعی دوژمن
لە بەزمتدا بەجەمعییەت ئەحیببا
مەگەر (فایەق) ئەسیری دامی هیجران
بەیادی وەسڵی تۆ جوویایی عەنقا

هەرچەندە ئەم شیعرە دەچێتە دەلاقەی وەسفەوە کەچی وەکو هەموو شیعری دیکەی فایەق وێنەی گشتییانی گرتۆتە خۆ.

## پێنج خشتەکییەکانی فایەق

نالی جێگەی دیاری هەیە لە ناو دڵ و دەروونی هەموو شاعیرانی دوای خۆی. شاعیرێکی بەرزی وەکو فایەق هەڵوێستی تایبەتی هەبووە بەرامبەر بەهەموو شاعیرانی پێش خۆی، ئینجا لە ناو ئەم شاعیرانەدا دووانیان هەڵدەبژێرێ نالی و حاجی، شیعریان دەکا بەپێنج خشتەکی. ئەمە ڕەمزی ئەوەیە ئەم دوو شاعیرە جێگەی تایبەتییان بووە لە لای فایەق.

پێنج خشتەکی فایەق لەسەر شیعرێکی نالی

شوکری شەکەرئامێزی خودا واجیبە بۆ من
پەیوەستە کە ئەربابی نەزەر مەستی سەبوومن
دامی هەموو بارباده لە ڕێی بازی وەکو من
(ئەم سەرسەری بازانە کەوا هەمسەری بوو من
موشکیل بگەنە ساعیدی شاهێکی وەکو من)

چاوت چییە ساقی دەهەنت پڕ مەیی باقی
مەحروومی نەشئەیی ئەو مەیە هەر سفلەسوقاقی
ئەهلی دو جیهان هەرچی هەیە فانیی و باقی
(تا نەشئە نەچێژێ لە لەبی کەوسەری ساقی
بێ چارە جوزانێ کە هەموو مەستی زەقوومن)

عیشقی ئەزەلی پرتەوی حوسنی لە هەموودا
گەهـ چەشمەیی خورشیدە لەسەر سەفحەیی ڕوودا
گەهـ بادەیی گوڵ فامە لە جام و لە سەبوودا
(ڕووناکی ڕوو شەوقە لە نێو زوڵمەتی موودا
وەجهی ئەوەیە دڵ هەموو پەروانەیی موومن)

ماهم لەزەقەن ماهیە هیندوو بووە دانە
بەودام و دوو گێسوویی بەڵا خێزی زەمانە
یەک نوکتە لە غیرەت بخەمە شەرح فسانە
(زولفت بەنەسەب سیلسیلەیی ڕەفعەت و شانە
من دەیخەمە بەرپێ کە حەبەش زادەیی ڕوومن)

نایابە لە بەنگالە و چین سوورەتی کالام
حەیرانی منن عالەمی ڕووحانیی و ئەجسام
شەهبازی موجەڕڕەد لە غەمی خانەیی عەنقام
(من سەروی ڕەوانی چەمەنی عالەمی باڵام
(نالی) بەتوفەیلی بووەتە سایە لە دوو من)





پێنج خشتەکی فایەق لەسەر شیعرێکی دیکەی نالی

میزاجی ئەهلی عەیش و نۆشی ئەهلی دنیا پەست و سەوداوی
لە دوونی هیممەتی گەردوونە وا کەوتوویە ناو داوی
بەرابەر ئەبرۆیی ساقی بنۆشە بادەیی چاوی
(نەفەس بگرە لە هات و چوونی خۆڕایی هەتا ماوی
کە ئەم بابە هەتا ئێستاکە هەر عومری بەبا داوی)

لە ئیجادی هەموو عالەم عەرەز هەر نەوعی ئینسانە
عەرز لادە لەگەڵ جەوهەر بەهیمەش وەک تۆ حەیوانە
ئەگەر زیندووی برۆ بمرە لە ڕێی ساقی و مەیخانە
(حەیاتت نەقدی تەحسیلی بەقا و ڕیبحی ڕیزوانە
ئەتۆ دەیکەی بەمایەی دەخل و خەرجی کەسبی بەدناوی)

بەبادەی مەعریفەت مەخموور و عومری خۆم بەبا نادەم
لە شوربی غەیری مەی نادەم ئەگەرچی کەوسەر و زەمزەم
لە ڕازی بەزمی ئەهلی مەعریفەت پەندێکی تۆ دادەم
(مەسەل دنیا ژنە و چەرخیش خەڕەک دەمدەم بەدووخی غەم
ڕەگی تاری ووجوودت بادەدا هێشتاکو هەر خاوی)

لە مەحشەر حوججەتی مونجی خەتی مەهـ لالە خەددێکە
عەسای پیر و جەوان باڵای نەمامی سەروو قەددێکە
چ بێهۆشی بەپڕ جۆشی گوزەر ناکەی چ سررێکە
(عەجەب ماوم لە جەرگت ئەی دڵەی غافیل کە موودێکە
لەسەر ئەم ئاگرەم داناوی هێشتا هەر نەبرژاوی)

لە لای ئەهلی حەقیقەت تۆ حەقیقەت هەر نیکوشەخسی
لە ئیدراکی کەم و جوزئی عەجەب حەیران و پڕ یەئسی
بەڵێ تاتای ئەمەل نەپسێنی خەستەی شیددەتی بەئسی
(مەگەر مەیخانەیە دنیا کەوا کاسی لە بە کەئسی
بەنەغمەی عوودی سووتاوی بەنەشئەی تاسی تاساوی)

ئەگەر دنیایە تاڵاوە قیامەت بەحری زووخاوە
چەلیپازەن بەهەردوو لا قەرارت بێ یەکتاوە
بەغەفلەت خۆت مەکە زایع لە عومرت ئەندەکی ماوە
(ئەمێستەش گەرچی عەیش و عوشرەتت هەر تاڵ و تاڵاوە
بەمەرگی تۆ لە پاشانیش دەخۆی تاڵاو و تاڵاوی)
بلێسەی مەعسییەت سووتاندی یەکسەر خەرمەنی عومرت
وەکو فیرعەون غەریقی بەحری دەهری ئاتەشە قەبرت
لە قەعری فیقری زیللەتدا پساندت ڕشتەیی سەبرت
(هەوای سەیری بەڕ و بەحر ئاگری بەرداوەتە عومرت
کە تۆزی مونعەقید خاکی دڵۆپەی مونجەمید ئاوی)
بەزنجیری عوبوودییەت موقەییەد بە بەئازادی
لە پەستی خاکە تۆ ئەمڕۆ ئەساسی عولوی بنیادی
مەشۆ ڕوخساری مینای خۆت بەئاوی حسرەت و شادی
(کە خاکی خاکی دامەن بەوەگەر نە تۆزی بەربادی
کە ئاوی ئاوی گەوهەر بەوەگەر نەبڵقی سەر ئاوی)
لە زەننی من نییە فیکرت کە ئێستا ساعەتی حەشرە
شوهوودی خەجلەتت حازر مەحەککت دۆزەخ و جیسرە
سەبووی مەی بێنە دەست و دامەنی پیری موغان بگرە
(نەوالەی نەوبە دەربێنە هەتا تەن نەبووە سفرە
پیاڵەی تەوبە مەشکێنە هەتا وەک کووبە نەشکاوی)
قەبایی ئەتلەسی عالی لە لای دڵ مایلی پەستە
چ نیلی بێ چ ماوی بێ دوو سێ هالە لە جاو بەستە
مەهـ ئاسا عالی هیممەت بەزەیلی ڕۆژ کرێ دەستە
(هەتا شەقڤی فەلەک نەبووە بەکافووری کەفەن هەستە
کە ئەمشەو فرسەتە هێشتا فەلەک ماوە ئەتۆش ماوی)
تەریقەت بۆ شەریعەت بێ چ نووربەخشی چ حولوانی
شەریعەت گەر حەقیقەت بێ چ ڕەببانی چ عوسمانی



چ فەرقێکە لە مابەیندا بوخاری یاخو گەیلانی
(کە مەیلت بۆ عیبادەت بێ چ فەوقانی چ تەحتانی
کە حوببت بۆ سیادەت بێ چ بەرزنجی چ باراوی)
کیلابی جیفەیی دنیان بوزورگ و خورد و مەردوزەن
لە جیلبابی بەدەن دەرچۆ مەبە عامی هەموو ڕەهزەن
نەفەس بگرە لە خۆت لادە لە بەزمی قودسیان دەمزەن
(وەرە ئەم نوکتەیە من پێت بڵێم (نالی) ئەگەر فەرزەن
هەموو دنیات ببێ هێشتاکو هەر حەیران و داماوی)

پێنج خشتەکی یەکەمی فایەق لەسەر پارچە شیعرێکی نالییە لە پێنج دێر پێک هاتووە هەمووی کردووە بەپێنج خشتەکی. پێنج خشتەکی دووەم لەسەر قەسیدەییێکی نالییە لە هەژدە دێر پێک هاتووە، شاعیر تەنیا دوازدە دێری لەو قەسیدەیە هەڵبژاردووە و کردوویەتی بەپێنج خشتەکی.

فایەق لە ناو شاعیرانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم و شاعیرانی دەوروبەری ژیانی خۆی تەنیا نالی و حاجی هەڵبژاردووە و شیعریانی کردووە بەپێنج خشتەکی، ئەم کردەوەیە مانای زۆر دەگەیەنێ، چونکە فایەق شاعیرێکی شارەزا و ڕەسەن بوو، کە ئەم دوو شاعیرەی بەگەورە زانیبێ متمانە بەقسەی دەکرێ و ڕاستی پلەی هونەری بەرزی ئەم شاعیرانە دەکەوێتە ڕوو چونکە شایەدی فایەق لەم لایەنەوە گرنگە، ئەگینا چەند شاعیرێکی دیکە شیعری نالییان کردووە بەپێنج خشتەکی، زیادەکەی سەر شیعری نالی لە لای هیچ یەکێکیان نەگەیشتۆتە پلەی ئەسڵی شیعرەکە، کەچی سێ نیوە دێرە شیعرەکانی فایەق لە پلەی هونەری شیعرەکانی نالی نزیک بوونەتەوە.

لە پێنجینی دووەمدا هەندێ ناو و زاراوە کەوتوونەتە ناوەوە پێوەندییان بەسۆفیزم و دەروێشیزمەوە هەیە، لەوانە نووربەخش ئاماژەیە بۆ محەمەد نووربەخش (١٣٩٢ - ١٤٦٤) لە کاتی خۆیدا بەناوی سۆفیزمەوە ئایینزاییێکی داناوە لە هەندێ لە دەستوورەکانی سوننە و شیعە دروستی کردووە. مەبەس لە حولوانی ئەحمەد شەهابەدینە (١٨٩٠ مردووە) خەڵکی حولوانی میسر بووە. هەروەها ئاماژە هەیە بۆ «عوسمانی»، ئەمەیان یا مەبەس عوسمانی کوڕی عەففانە وەک ئیمامی هەندێ لە تەریقەتەکانی دەروێشی یا شێخ عوسمان جەراجەدینی تەوێڵەیە. کە ئاماژە بۆ بوخاری کراوە لەوانەیە مەبەسی محەمەد فاروق بەهائەدینی نەقشبەندی (١٣٨٩ مردووە) دامەزرێنەری تەریقەتی

نەقشبەندی بێ چونکە خەڵکی بوخارایە و لەوێش نێژراوە. لە بابەت «باراوی»یەوە، «باراو» گوندێکە لە ناوچەی سرووچک (بەرزنجە) بنەماڵەییێکی سەیدانی بەرزنجە لە باراو نیشتەجێ بوون، لەباتی بەرزنجەیی باراوییان پێ وتوون وەک بەشێک لە تەریقەتی قادری.

فایەق شیعرێکی حەوت دێری حاجی قادری کۆیی کردووە بەپێنج خشتەکی، لە دیوانەکەیدا بەم جۆرە هاتووە:

خزری ڕەهی زوڵمانیە دەست خەتتی ئەمانی
مەختوومە بەخاڵی سیەهـ و دەوری دەهانی
ڕەمزێکی لەتیفە لە بۆ ئەربابی مەعانی
(نەقاشی دەمی نوقتەکی دانا بەنیشانی
زانی کە زەمی کردووە بێزارە لە مانی)

تا شەمعی شەب ئەفرووزە لە ئەیوانی سەباحەت
سەییارە سەراسیمە لە مەیدانی سەباحەت
توغراکەشی دیباجەیی عینوانی فەساحەت
(سوورەتگەری سەر لەوحەیی دیوانی مەلاحەت
دوو یووسفی کێشاوە بەبێ ئەووەل و سانی

ئەو پێشڕەوی شاهانە بوو ئاداب و سولووکی
تەجهیزی فەرەح بەخشە لە بۆ غەزوی تەبووکی
موژدەی شەرەفی مەقدەمی جان بەخشی مولووکی
(فەرقێکی نەبوو غایەتی ئەو کردییە سووکی
زوو هات و ئەتۆ باعیسی نازت بەگرانی)

تاریکی زوڵفینە کە شامی غورەبا بێ
ڕووناکیی ڕوخسارە کە سوبحی عورەفا بێ
هەم لەعلی شەکەر بارە کە قانوونی شیفا بێ
(پێم خۆشە غەزەل فەرشی قودوومی عوقەلا بێ
نەک بێن و لەبەر کەن جوهەلا لەفز و مەعانی)

مەعشووق کە مەخموورە بەنەشئەی تەرەب و مەی
مەشغوولە بەنالەی منی ڕەنجوور و نەوای نەی



وەک خوسرەوی پەرویزە لەسەر مەملەکەتی کەی
(تا دەستی نەدا خەنجەری نەیفەرموو دەسا دەی
(حاجی) بکوژن خێرە ئیتر مەیدەن ئەمانی)

سەرڕاف بەدیقەت نەزەری زەڕڕە دەکێشن
خەییات لە چوستی کەمەریدا چ لە پێشن
لەم نوکتەیە حەیران و عەجەب سینە پڕ ئێشن
(ئیمکانی لە کن ئەو عولەمای موو دەقەڵێشن
عەنقاو و وەفا بوو چ میانی چ دەهانی)

(فایەق) بەهەوەس کەوتە هەوای دانەیی دامت
سووتاوی بڵێسەی شەغەف و شەوقی غەرامت
بێ نام و نیشان وا لەو سەرگەشتەیی نامت
(ساقی بەفیدات بم لەگەڵ ئەو دەورەیی جامت
لەو مەجلیسە ئێمەش بکە یەک جورعە فشانی)

لە نێوان شیعرەکەی حاجی و پێنج خشتەکییەکەی فایەق هەندێ جیاوازی لە وشە و ڕستەدا هەیە، بەتایبەتی لە ڕێزی دێرە شیعرەکان. لێرەدا شیعرە پێنج خشتەکییەکە بەو جۆرە بڵاو کراوەتەوە کە لە دیوانی فایەقدا هاتووە نەک لە دیوانی حاجی چونکە مەبەس پێنج خشتەکییەکەیە نەوەکو غەزەلەکەی حاجی.

لە پێنجینی دووەمدا «سەباحەت» وەک قافیە دووجار دووبارە کراوەتەوە، یەکەمیان «سەباحەت = صباحت» بەمانای جوانی هاتووە، دووەمیان «سەباحەت» بەمانای مەلەوانی هاتووە.

## چوارینەکانی فایەق

دیوانی فایەق دوو چوارین دەور دەکاتەوە:

بەچاوی تۆ قەسەم چاوم هەمیشە چاوەڕێی ڕێتم
لە سەیلی چاوەیی چاوم وەکو خاشاکی ژێر پێتم
لەحیتەی دائیرەی عەقڵ و مەعاریف قیسمەتم ناوێ
لە خەتتی مەسحەفی ڕوخساری تۆ مەعلوومە من شێتم

***

عەزیزم میسری تۆ مولکی دڵانە
نەباتی لێوی تۆ ڕووحی گوڵانە
چلەم یەک دەم بەسە گەر هەمدەمی تۆ
ڕیازەتی عیشقی ڕووی شێخی چلانە

فایەق لەم شیعرە ناسکانەدا خەریکی «من» و «تۆ»یە، هەرچەندە بەلای ئەوەوە هەردووکیان یەکێکن، کەچی «من» دەکا بەبەندەی «تۆ»، ئیتر «من» هەروا بەشێتی دەمێنێتەوە تا تێکەڵ بەیەکدی دەبن.

لە لایێکی دیکەشەوە ئاماژە بۆ عەزیزی میسر (بووتیفار)ی وەزیری فیرعەون یا سەرۆکی پۆلیس و مێردی زولەیخا دەکا. ئەمە دڵداری «یووسف و زولەیخا»ش دێنێتە گۆڕێ کە ئەدەب و فەلسەفە و سۆفیزمی ڕۆژهەڵاتی تەنیوە.

**تاکەکانی فایەق**

دیوانی فایەق هەندێ تاک دەور دەکاتەوە:

بنازم پەنجەیی شەمشادی ساقی
عەتای کرد یەک قەدەح بۆ عومری باقی

***

غەرەز خاڵ و ڕوخی تۆیە لە داغی لالە ڕوخساران
لە شێوەی عیشقی ڕووی تۆیە گوڵ و نەسرین و گوڵزاران

***

نازەنینان باری عاشق هەڵگرن هیچ زۆر نییە
باری عیشق ئەرچی نیازە نازشی لێ دوور نییە

***

عەجەب سەفحەی عەدەم بۆ نەقشی عالەم بێ غەش و ساف
لە توێی پۆدا دەبینی ڕایەڵی دیبا غەزەل باف

ئەم تاکانە وەک بروسکەییێکن لە شاعیرییە تێک هەڵقولاون وەستایانە توانیویەتی نرخی جوانی لە تەبیعەتی سروشت و هەستی ئادەمزاد بەرجەستە بکا و قسەییێکی جوانی لێ دروست بکا.

***



مەلا وەسمان «فایەق» یەکێکە لە شاعیرە گەورە و بەدیمەنەکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم لە باشووری کوردستان. بەقەوارە شیعری کەمە، بەسەنگ قورسە. هەموو ئەدگارەکانی شیعری کلاسیکی پاراستووە و پەرەی پێ داوە، بەمانا و داهێنانی وێنەی هونەری ڕازاندوویەتییەوە. ناوەڕۆکی شیعری بریتییە لە مەبەسە هەرە گرنگەکانی ئەدەبی کلاسیکی، دڵداری و وەسف و سۆفیزم بەهەموو دیاردەکانیانەوە. شیعری فایەق سەرچاوەییێکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لە تەواوی شیعری کلاسیکی لە باشووری کوردستاندا.

## بەشی پێنجەم

# جافەر قولی

**١٨١٤ – ١٩٠٥**

### بەسەرهات

جافەر قولی شاعیری ناسراوی کوردی خۆراسان و وڵاتی تورکمانستانی ئاسیای ناوەڕاست ئەوەندەی لای خەڵکی بەناوبانگ و خۆشەویستە ئەوەندە لە ژیان و شیعری نەکۆڵراوەتەوە.

جافەر (جەعفەر) قولی کوڕی مەلا ڕەزا قولی لە دەوروبەری ساڵی ١٨١٤ لە گوندی شکافکۆی لە بنەماڵەیێکی ڕەنجبەری دێهاتی لە دایک بووە، ئەم گوندە کەوتۆتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاوایی قۆچان. باوکی لە ئێلی کوردی زەنگەلانلوو بووە. لە ناو خەڵکی بەجافەر قولی زەنگلی، جافەر قولی بێچارە، جافەر قولی عەندەلیب، جافەر قولی موختار ناسراوە، هەندێ لەم ناوانە خۆی بۆ خۆی داینابوون و لەناو شیعریدا بڵاوی کردوونەتەوە. خوێندنی بەرێکوپێکی نەبووە. لە تافی لاویەتیدا گرفتاری جوانی کچێک بووە، ناوی ملواری بووە. لەم لایەنەوە دەڵێ: مەلە نینم خود بەندم وەسی جزمێ قورئانێ (مەلا نیم شاعیرم بەسی جزمی قورئان). کوردی خۆراسان لە بابەت جافەر قولییەوە دەڵێن، دڵداری جافەر قولی بۆ ملواری وەک دڵداری مەولانا جەلالەدینی ڕۆمییە بۆ شەمسی تەبریزی. ئەوان ئەم شاعیرەیان بەدڵدار و هونەروەر و جیهانگەرد و مۆسیقار و دانای دەژمێرن، کە ناوی دەبەن مەلیکولشوعەرای کرمانجی پێ دەڵێن.

وا دەگێڕنەوە جافەر قولی شاعیرێکی میللی بووە، دوو تاری بەملەوە بووە و بەدەم گۆرانی لە شیعری خۆیەوە دوو تار لێداوە.

شار بەشار و کووچە بەگووچە گەڕاوە، ماوەیێکیش لە سارا و بیابانان لەگەڵ ئاژەڵ و درندە و باڵداران ژیاوە. ڕۆژگارێکیش لە وڵاتی خوارزەمدا ژیاوە لەو خاکانەی ئێستا بەکۆمارە ئیسلامییەکانی ئاسیای ناوەڕاست ناویان دەبەن.

بەشی زۆری ژیانی جافەر قولی پێوەندی بەو کچەوە هەیە کە ناوی ملواری بووە، هەمیشە بەدەنگە خۆشەکەی بەدەم ئامێری تارەوە گۆرانی بۆ خەڵکی چڕیوە، زۆربەی گۆرانییەکانی بۆ ملواری خۆشەویست وتووە. خەڵکی کوردی خۆراسان و تورکمانستان



ئەوەندە هۆگری جافەر قولین دەزانن باوکی ملواری ناوی کاروالا گولییە و خەڵکی گوندی زەنگلانە لە ناوچەی دەرەگەزی ئێران. جافەر قولی لە بابەت خۆشەویستەکەیەوە دەڵێ:

ملوازی قیزا کاروالا گولی
سوور و چقەر و داخەملی
ئاشق کریە جافەر قولی

هەندێ ئەفسانەی میللی ناو خەڵکی کورد تێکەڵ بەژیانی جافەر قولی بوون. وەکو ئەوەی دەڵێ: جافەر قولی لە تافی لاویەتیدا لە خەو کچێکی جوان دەبینێ و حەزی لێ دەکا، کچی خەونەکە ناوی ملواری دەبێ، لە پاشانا بەرێکەوت چاوی بەکچێک دەکەوێ ئەویش ناوی ملواری دەبێ و شێوە و ئەدگاری لە کچی خەونەکە دەکا، ئیتر لەگەڵ ئەوەی جافەر قولی تا ڕادەیێک ئەمەیان بەئەو دەزانێ بەڵام هەمیشە دەڵێ ملواری خەونەکە نەدۆزمەوە لە شێتی ڕزگاریم نابێ.

هەر چۆنێ بێ ئەم بەسەرهاتە ئەفسانەییانە چێژ و خەیاڵی شاعیری خەڵکی نەخوێندەوار و ساکاری ناو میللەت دروستیان کردووە. جافەر قولی لە دوای تەمەنێکی درێژ لە ساڵی ١٩٠٥ لە خوارزەم کۆچی دوایی کردووە.

### شیعری جافەر قولی

جافەر قولی لە ناو کۆمەڵی کوردی خۆراسان و تورکمانستانی ئاسیای ناوەڕاست شاعیرێکی چاک و دەنگخۆشێکی بەناوبانگ و دوو تارژەنێکی ڕەند بووە. لە هەموو زەماوەندێک بەشداری کردووە، هەرچی دیاری و سەوقاتی پێشکێشیان کردووە ئەویش بەسەر هەژاراندا بڵاوی کردۆتەوە.

بەگشتی شیعری جافەر قولی دەکرێ بەدوو بەشەوە:

١- جۆرە شیعرێک زیاتر بەلای شیعری میللی دەشکێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە غەزەل و قەسیدە نزیک دەبێتەوە، ڕاستە ناتوانرێ هەموو شیعری بەبەحرەکانی عەرووز بکێشرێن بەڵام لە گەلێ لایەنەوە لە شیعری کلاسیکی ئیسلامەوی دەکەن بەتایبەتی لە ڕووی بەکارهێنانی وشەی بێگانە و هەندێ لە لیریکەکانی لە تەرجیع بەند و تەرکیب بەند دەکەن. هەروەها لە شیعرێکدا لەوانەیە دێرە شیعرێک یا نیوە دێرێک بەبەحری عەرووزی بکێشرێ، لەبەر ئەوە کێشی شیعری جافەر قولی دەشکێتەوە سەر کێشی سیلابی خۆماڵی.

هەرچی قافیەشە ئەمەیان لە بنجدا جووت قافیە (مەسنەوی)یە، جارجارە یەکێتی قافیە لە شیعریدا بەرچاو دەکەوێ.

٢- شیعری خۆماڵی میللی، ئەمەیان لە شیعری سەر زاری فۆلکلۆرییەوە نزیکە. هەندێ لە گۆرانییە سێ نیوە دێرەکانی جافەر قولی لەگەڵ گۆرانی فۆلکلۆری میللی تێکەڵ بەیەکتری دەبن، چونکە ئەم جۆرە گۆرانییانە گەلێک باون لە شیعری سەر زاری کوردی خۆراسان و تورکمانستان.

لە بەرهەمی شیعری جافەر قولی لە هەندێ جێگە شیعرە میللی و ئاساییەکانی بەڕوونی لە یەکتری جیا دەکرێنەوە و هەریەکەیان شەقڵی خۆی پێوەیە، کەچی زۆرجار هەردوو بابەتەکە تێکەڵ بەیەکتری دەبن و هونەرێکی بەرز دەکەوێتە ناوەوە.

شەوێک شاعیر خەون دەبینێ بۆ بەیانی دەبێ بەشیعر:

شەڤێ چووی وە خەوێ دادانە من وی دوتارێ
شەڤێ ئاخر چارشەمبێ کەتم وە وی ئازارێ
من گەراندن شەهر وە شەهر برنە خێوە و بوخارێ
پەردە هاتە هلانین من دی وێ گولئوزارێ
من میناوێ سەنەمێ نەدی لە تو دیارێ

ئەم شیعرە داهێنانێکی وەستایانەی تێدایە لە نێوان شیعری لاسایی ئاسایی و شیعری میللی، ئەو جوانەی لە خەونی جافەر قولیدا پەردەیان لەسەر ڕوو لاداوە بێ گومان ملواری بووە. لێرەدا هەوڵ دەدرێ ناوی گرنگترین و جوانترین بەرهەمی بابەتەکانی جافەر قولی بخرێتە ڕوو، مەبەس لە هەموو بابەتەکان شیعری کلاسیکی لاسایی و میللی و فۆلکلۆرئامێز و شیعر تێکەڵ کراوەکانە.

١- لە مەیخانە، لە شێوەی تەرکیب بەندە، لە حەوت خشت پێک هاتووە.
٢- ئیزدواجی عەلی و فاتیمە.
٣- میعراجنامە، لە ١٧ پێنجین پێک هاتووە.
٤- دیداری ملواری لە باغ، لە ١٧ پێنجین پێک هاتووە.
٥- داستانی فیتنەی سالار لە خۆراسان، بەزمانی تورکییە لە ساڵی ١٨٤٧ نووسراوەتەوە.
٦- داستانی سلێمان و بەلقیس، بریتییە لە ٣٤ پێنجین.



٧- شیعرێکی بۆ قاتوقڕی و نەهاتی ساڵی ١٨٧١ وتووە، لە شێوەی موناجاتدایە، لە ١٨ پێنجین پێک هاتووە.
٨- ٣٢ حەرفی ئەلفوبێ بەشیعر لێکدراوەتەوە.
٩- ملواری دلێ من برد.
١٠- کەچکێ نە قزڵ حەسارێ.
١١- گولجهان ژە من جودا وو.
١٢- جان و دل بێ تابن ئیرۆ.
١٣- داستانێ مرتەزا عەلی و بەندێ بەربەر.
١٤- پوور و پشێمانی دەوون، لە ١٦ پێنجین پێک هاتووە.
١٥- لە دیوانی جافەر قولیدا ٥٨ چوارین دەکەوێتە بەرچاو.
١٦- ملواری ڕەندە، ئەمە قەسیدەیێکی درێژە.

لەم دواییەدا کوردی خۆراسان کارێکی گەورەیان بەئەنجام گەیاند بەهۆی کۆششی کەلیموڵڵای تەوەحودی (کانیمال) تەواوی بەرهەمی جافەر قولی لە دیوانێکدا لە ساڵی ١٩٩١ لە مەشهەد، خۆراسانی ئێران بڵاوکرایەوە. ئەم چاپە سەرچاوە و کەرەستەیێکی گرنگە بۆ ساغکردنەوە و دووبارە چاپکردنەوەی دیوانی جافەر قولی بەشێوەیێکی زانستی.

## نموونەی شیعری جافەر قولی

### ملواری لە شیعری جافەر قولیدا

بەشی زۆری شیعری جافەر قولی لە بارەی دڵداری و جوانی دلبەرە خۆشەویستەکەیەتی کە ناوی ملواری بووە. تەنیا لەو شیعرانەدا ناوی نەهێناوە کە بەتایبەتی بۆ جوانی ئەوی نووسیوە، بەڵکو لە هەندێ لە شیعری دیکەشیدا ئاوڕی لە ملواری داوەتەوە و ناوی هێناوە، لە شیعرێکیدا دەڵێ:

ڕوو قرمزە قونچەگوڵ لێو خەندان پستە دهان
مەم نازکن بەلگی گول سەدەفێ هوورن ددان
لە گەردەنێ سواحی حەمایل کریە مرجان
ئەگەر جارێ بوینم لە دل نامینی ئەرمان

مومکن ناوی وەرکەڤم ژە خاکێ خۆراسانێ
سینگێ یارێ بوستانە بەرپا کر شەڕشوورە
مەم ئەنار و نارنجن بەدەن مینا بلوورە
بولبول لە گلی شێدا ئەزێ بوومە ڕەنجوورە
هێسیر کرم وە دووخا لە من نەما هەدوورە
خەزان کەت لە گوڵزارێ لە خاکێ خۆراسانێ

شاعیر لەم دێرانەدا وێنەیێکی نزیک لە فۆتۆگراف بۆ ئەندامانی دەموچاو و سنگ و بەرۆکی ملواری دەکێشێ لە مەرجەکانی غەزەلی کلاسیکی نەچۆتە دەرەوە.

لە لیریکێکی دیکەیدا شاعیر دەڵێ:

نام پەریبی نام کو حووری
مەم ئەنار و سینگ بلووری
حێفا تەکو ژە من دووری
چاڤی جادوونە کەوان ئەبروونە
ئەنبەر گێسوونە خالێ هندوونە
هەردوو مەمێ مینا لیموونە
ئەڵڵا خادێ ملواری رندە
ئارێ عشقی ملواریێ توندە
دەستێ من ناگێ بەژن بلندە
حلمی مەسیحا ئەڵڵا وەمن دە
سەوری ئەیووب ئەڵڵا وەمن دە

لەم شیعرەدا جافەر قولی هەستی ناوەوەی دەردەبڕێ، باس لەو پێوەندییە پڕ سۆزە دەکا کە ئەو و ملواری لە یەکتری نزیک کردۆتەوە، ئەمە وەک گیان، کەچی لە واقیعدا لێی دوورە، نزیکبوونەوە لە ملواری حیلمی مەسیح و سەبری ئەیووبی گەرەکە.

لە پارچە شیعرێکی دیکەیدا جافەر قولی دەڵێ:

جافەر قولییێ بی چارە
بەرەڤ دەکا زەکاتە



ملواری دانە تاتتان
برنە مەمەد ئاواتە
وەنەسیوە ڕوویێک بوە
ئەم کوللوهەننی داوەتی

جافەر قولی لەم شیعرەدا پارەی زەکات کۆ دەکاتەوە، ملوارییان داوەتە تاتان و بۆ ئاوایی مەمەد ئاواتیان بردووە. کورد بەهەموو کەسێکی بێگانە تاتی پێ دەڵێ، بەفارس و تورکی عوسمانی و هی دیکە. ڕەنگە لێرەدا لە تات مەبەسی تورک بێ، چونکە ئاوایی مەمەد ئاوات تورک زمان بوون.

## داستانی سلێمان و بەلقیس

جافەر قولی داستانی سلێمان و بەلقیسی بەشێوە شیعرێک هۆنیوەتەوە، دەتوانرێ لە خانەی جۆرە تەرجیع بەندێک دابنرێ. هەر پارچەی (کۆپلەی) شەش نیوە دێر و لەگەڵ تەرجیعەکەی دەبێتە حەوت نیوە دێر، لەو داستانەدا دەڵێ:

سلێمان حیشمەتوڵڵا ڕوونشت لە تەخت شاهی
پەرەندە لێ سایەوان ژە قودرەتێ ئیلاهی
ژە جانبێ خورشیدێ روشنایی پێ داویی
سلێمان نەزار کر شوونێ هووپ هووپ نەمایی
ژە ڕووی خەشمی قەسەم خوار وە جەلالێ خودایی
زەجرەکێ لەویی بکە خەوەرگێ گاو و ماهیی
فەرمان دا لە پەرەندان هەرن هوون بکەن پیدا

***

هووپ هووپ نامە هلانیی چوو گیشتە پای مەنزەر
ژە کونگری قەسرێ وێ مانەند باد سەڕسەڕ
وارد بوو لە خەوێ دی بەلقیس نیک ئەختەر
نامە لەسەر سینگ دانیی وەبالێ خاکر خەوەر
بەلقیس ڕابوو ژە خەوێ مسلی تەلای ئەحمەر
لە نامێ تەماشە کر خێلەک بوویە موکەددەر
فەرمان دا زوو حازر کەن گشتی وەزیر و وزەرا

بەسەرهاتی دڵداری سلێمان پێغەمبەر و بەلقیسی ژنە جوانی قەرالیچەی مەملەکەتی سەبا لە گێڕانەوە ئەفسانەییەکانی ڕۆژهەڵاتی دێرینە. گەلێ حیکایەت و چیرۆکی لێ دروست کراوە. ئەم دێڕانە بەشێکن لەو چیرۆکە شیعرییە (پۆیێمە) جوانەی جافەر قولی هۆنیویەتییەوە لە بابەت ئەو دڵدارییەوە.

### کچی گورجی

کچی گورج لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات و قسەی ناو خەڵکی بەنموونەی ژنی جوان و ڕەوشت پاک و خانومان لە قەڵەم دەدرێن، بۆ ئەم مەبەسە جافەر قولی قەسیدەیێکی نووسیوە لەسەر بنەمای پێنجین. لە کۆپلەییێکی ئەم قەسیدەیەدا دەڵێ:

جافەر قولی تو مەجنوون کا لێلی نیشانێ تە
تو فەرهاد کووهکەن کا شیرین زمانێ تە
خەلایق ڕاناکەڤن ژە ئاه و فغانێ تە
هات موسمێ بەهارێ کا باغ و بۆستانێ تە
تو بولبولی بستانیی گولێ باغانە گورجی

لەم دێڕانەدا جافەر قولی گفتوگۆ لەگەڵ خۆیدا دەکا و دەڵێ، ئەگەر تۆ مەجنوونی کوا لەیلا! ئەگەر تۆ فەرهادی کوا شیرین! لەگەڵ هەموو ئێش و ئازارێکیش بەهۆی دووری لە دلبەرەوە، دەڵێ ئەگەر تۆ بولبولی باغان بی، بێ گومان کچی گورج گوڵی ئەو باغانەیە.

### ئیمام ڕەزا

جافەر قولی وەکو موسڵمانێکی شیعی ڕێزی تایبەتی بووە بۆ ئیمامی عەلی و نەوەی ئەو، واتە دوازدە ئیمامەکە. دیارە شاعیر کە زیاتریش هۆگری ئیمام ڕەزا بووە، لەبەر ئەوەیە لە مەشهەدی خۆراسان نێژراوە ئیتر کوردی ئەوێ لە نزیکەوە ئاگادارین بۆیە بەگشتی سوێندیان بەئیمام ڕەزایە – ئەبولحەسەن عەلی کوڕی مووسای کازم ئیمامی هەشتەمی شیعییان.

جافەر قولی لە شیعرێکیدا لە ستایشی ئەو ئیمامەدا دەڵێ:

ئەی لە حوسنی تە پەیدا ئەنواری پادشاهی
لە تینەتی تە پەیدا ژە خۆر تا گاو و ماهی
دەلیلی جنن و بەشەر هەم لە ئەرز و سەمائی



لە فیکری تە پەنهانە سەد حیکمەتی ئیلاهی
موستەجاب دە وی دوعا لە وەختێ سەحەر گاهی
یا زامنێ قەریوان تو ئومێد و پەناهی
حاسیل کە میدای دلان یا زامنێ قەریوان

لەم دێڕانەدا بەئاشکرا دیارە پلەی ئیمام ڕەزا لای شاعیر چەندە بەرزە و گەیشتۆتە پلەی پێغەمبەران. شیعرەکە وەک موناجاتێک دەکەوێتە بەرچاو، شاعیر ئاسۆیێکی سۆفیزمی و ڕۆمانتیکییانەی داوەتێ.

### چێژی فۆلکلۆری

بەشێک لە شیعری جافەر قولی مۆرکی خۆی تێدا نابینرێ، لە شیعری میللی سەر زارەوە نزیکترە. کارێکی ئاسایی بوو ئەگەر شیعری لەم جۆرەی شاعیرانی کورد لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبی میللی (فۆلکلۆری) تێکەڵ بەیەکتری بێن. هەندێ جار بەرهەمی میللی دەکەوێتە ناو شیعری ئەوانەوە، هەندێ جاری دیکەش بەپێچەوانەوە شیعری ئەو شاعیرانە لە ناو ئەدەبی میللیدا ون دەبن.

جافەر قولی لە گۆرانییێکی میللیدا دەڵێ:

مە کاغەزەک نڤیسی
سۆ ڕووزی یێ و گیڤانێ
جەمال کەتەهیڤ و روو
شەرقاتەدا خوارایسانێ
کەچک تو پادشایی
چما ناکی دیوانێ

جافەر قولی نامە دەنووسێ بۆ گوندەکانی ڕووز و گیڤان، ڕووناکی مانگ و خۆر خۆراسانی ڕووناک کردەوە. ئەی کچی جوان تۆ شای بۆ چ دیوەخانە دانانێی. بەم قسە ساکار و جوانانە شاعیر لەگەڵ دەوروبەری خۆی قسە دەکا.

لە گۆرانییێکی دیکەیدا شاعیر باس لەو کاتە خۆشەدا دەکا دڵدار و دلبەر لەسەر پشتی وڵاغ دەگەنە یەک و پێکەوە دەبن:

مالەک بار کر وەڕێ کەت
وەڕێ کەتیە بارخانە

یــاره یــانــده فــکــری
شـــەڤـــتی یانە یانە
مـــینا تە من یار نەدی
خــەراو بووە قــوشــخــانە

مالآن بار دەکەن لە گوندێک بۆ گوندێک، کاروان بەڕێ کەوتووە، دڵدار و دلبەر لەسەر بارخانە لەتەک یەکتری دانیشتوون. ژنەکە نموونەی جوانییە، ساتەکە ئەوەندە خۆشە ئەو گوندەی ناوی قوشخانەیە لە ناوچەی خۆراسان کە بۆی دەچن کاول بووە. بۆ ئەوەی دڵدار و دلبەر لە یەکتری جیا نەبنەوە و لەسەر پشتی وڵاغ نەیەنە خوارەوە.

***

جافەر قولی شاعیر و نوێنەری کۆمەڵی کوردەواری خۆراسانی ئیران و تورکمانستانی ئاسیای ناوەڕاستە. شیعری وتووە، گۆرانی چڕیوە، تاری لێ داوە. لە ناو چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ ژیاوە، لەگەڵ خۆشی و ناخۆشییان بووە. بەشداری شایی و زەماوەندیانی کردووە، شیعر و گۆرانی بۆیان وتووە. جافەر قولی گرفتاری دڵداری جوانێک بووە ناوی ملواری بووە. ئەم دڵدارییە تەنیا شێوەی سۆفیزمی وەرنەگرتووە بەڵکو لە دواییدا بۆ ژیانی بووە بەئەفسانە و کەرامات.

جافەر قولی باوەڕێکی پاکی ئایینی بووە لە ئایینزای شیعە لە لای بەرجەستە بووە. بەدرێژایی تەمەنی نزیکەی سەدەیێکی خایاندووە بەسادە و پاک و خاوێن ماوەتەوە، جافەر قولی شیعری جوانی وتووە، گۆرانی خۆشی داناوە، بەزمانێک نووسیویەتی هەموو هەست و نەست و چێژی ڕەنگدانەوەی خەڵکی ناو کۆمەڵەکەی بووە.

دەری تۆ کەعبە بوو (حاجی) تەوافی کرد و نەیزانی
چ قەوما کەعبە کە چ بوو مەسجیدولئەقسایە ڕووخاوە

حاجی ئەم غەزەلەی بۆ وەسفی ڕەوتی دلبەر داناوە. بزووتنەوە ئەوەندە نەرم و نیانە لە سەماییێک دەکا هەڵبەزین و دابەزینێکی تەنک هەموو لەشی دلبەر دەلەرێنێتەوە. لەملا کۆمەڵێک لە ئەندامە جوانەکان و لەولا هەندێ لە وێنەی سروشت و لەولاتر بڕێک کەلوپەلی وەک فێس و شەرواڵ و پانی بەرز کۆ دەکاتەوە و وەستایانە بەیەکترییانەوە دەلکێنێ و ئەم شیعرە نایابەی لێ دروست دەکا.

– ٣ –

ئەگەر خاڵت بڵێم میشکی خەتایە
عەزیزی من ئەمەم عەینی خەتایە
لەبەر نەوخیزی سەبزەی دەوری لێوت
تەنم کاهیدە میسلی بەرگی کایە
دەڵێن عونناب و شەککەر چاکە بۆ دەرد
گوڵاوی لێوی تۆ بۆ من شەفایە
تەبیبم هاتە بالینم وەهای گوت
دڕێغا دەردی عیشقە بێ دەوایە
ئەگەر کوفرە بڵێم من موبتەلاتم
وەرە سا بمکوژە بیللا غەزایە
ئەوە خاڵە لەسەر گۆنای شەریفت
وە یاخود دانەیی داوی بەڵایە
خەمیدە قامەتی داوی خەمی تۆم
ئەمەندەی ڕاستە (حاجی) بێ ڕیایە

ئەم شیعرە بەڕووکەش وەک وەسفێکی گشتی دەکەوێتە بەرچاو، بەڵام مەبەسی حاجی زۆرتر ئەوەیە لە وەسفی خاڵی دەموچاوی دلبەر بدوێ جلەو بۆ خەیاڵی شۆڕ دەکا و ئەو خاڵە بەهەندێ وێنەی مەتریاڵی دەچوێنێ، چونکە ئەو خاڵە لەو ئانەدا سەرنجی ڕاکێشاوە، لەبەر ئەوە دەستی ڕێزی لە سنگ داناوە بۆ دلبەر.



– ٤ –

لە نەزاکەت کەمەری وەک خەتی ئەهلی حیکەمە
لە نەبووندا دەهەنی بێ قسە عەینی عەدەمە
چین یەکێکە لە کەچی زولفی کەچی عاجزە بۆ
دڵی سەودایی خەتای کردووە بۆیە نەدەمە
ماچی ئەو غونچە دەمە بێ حەقی جان موهری دەمە
سالیکی ڕاهی عەدەم بێ دەمی نەقشی قەدەمە
گەر ڕەزا بێ چییە بۆ ماچی دەمی جانی عەزیز
تەجروبەم کردووە عیشرەت بەدەمە نەک بەدەمە

ئەم پارچە شیعرەی حاجی بۆ وەسفی دەمی دلبەر تەرخان کراوە، جگە لە دەم باسی ناوقەدیش دەکا و لە خەت باریکتر دێتە بەرچاوی، بەڵام بۆ دەم و لێو دەڵێ ئەوەندە بچووکە بووە بە«نەبوو» ، ئیتر شتێک ئەگەر نەبووبێ چۆن مرۆڤ دەتوانێ دەستی بکەوێ، ئەو دەم و لێوە ئەگەر نەبێ چۆن ماچ دروست دەبێ! ئەمە لای هەر کەسێک بەجێ نەبێ، لای شاعیر بەجێیە.

– ٥ –

بەشەستی زولف و ڕووی ماهی وەکو ماهی گرفتارم
گەهێ دڵگەستەیی مارم گەهێ گیان خەستەیی نارم
سەگی دەگات و مەجنوون و نوجوومی ئاسمان یەکسەر
مەگەر هەر خۆت بزانی چۆن گەواهن من کە بێدارم
بەیادی نەخلی باڵات ئاو لە چاوما بێ قوسوور هەردەم
دەجۆشێ غایەتی دوورم دەزانی من وەفادارم
لە بەحر و بێشە وو سەحرا نەهەنگ و زەیغەم و ڕووبا
وەکو سەک هەڵدەبێن ئێستا لە ئاه و ناڵەیی زارم
ئەمیش جاران نییە قوربان توفەیلی بێمە سەر خوانت
خەتت میهمانییە ئەمساڵ نەماوە لەززەتی پارم
بەگریانی ڕیا واعیز بەسەرما هات و نەیزانی
کەوا من ئاشنام ناگاتە قاپیم مەستی هوشیارم

عیراقی بێ نەوان مەشرەب موخالیف وەک سەبا هەستە
مەقامی ڕاستی (حاجی) حیجازە گەر دەچێ یارم

لەم شیعرەدا حاجی خەریکی وەسفی هەندێ لە ئەندامی لەشی دلبەرە، بەڵام وێنە شیعرییەکان تێکەڵ بەقسەی ژیری دانایانە دەکا. ئاه و ناڵەی حاجی ئەوەندە بەکوڵە نەهەنگ لە زەریا و شێر لە جەنگەڵستان و ڕێوی لە بیابان وەک سەگ لێی دوور دەکەونەوە، چونکە توانای ئەوەیان نییە لە کاری ئەو ناڵەیە خۆیان بپارێزن. هەروەها ئەگەر شاعیر لە دلبەر دوور بکەوێتەوە مەقامەکانی سەبا و ڕاست و حیجاز ئێش و ئازاری بێ نەوایانی خەڵکی عێراق کەم دەکەنەوە.

- ٦ -

جیهان بوویتە جەزیرەی بەحری گریەم
بەبێ بوهتان ئەتۆ زین و ئەمن مەم
لە جینسی ئادەمی وەک تۆ نەزاوە
پەری ڕوویێک لە ئادەم تا بەخاتەم
ئەمن شێخم سەرم شاخە هەناسەم
نەسیمە دیدەکانی مێزەرم تەم
دەڵێن مەعشووقە دێنە سەر سەرینم
دەزانم وا نییە (وەڵلاهو ئەعلەم)
لەبی زەححاکی فەرمووی ماری زولفم
جەمی کەللەی کەیە مووچەی سەری جەم
مەڵێ کەززابە سۆفی ساغە واعیز
لەلای من وەک یەکن بێ کەیفو بێ کەم
موریدی سادیق و شێخی کەرامەت
حەریسی قانیعە و عوششاقی بێ غەم
سەوادی ئەعزەمی قوستەنتەنییە
گەلێ بێ ناوی کردە سەدری ئەعزەم
بەدەستوور و بەقانوون و نیزامی
خودا وای کرد کە سووری کرد بەماتەم



کوڕانی دوو هەوێن دنیا و عوقبا
میسالی داکیانن ئەو لەگەڵ ئەم
بەیەک ناچن ڕەقیب و (حاجی) قادر
خودایە ئەو ڕەزیل کە و ئەم موکەڕڕەم

ئەمە شیعرێکە حاجی هەندێ وردەکاری لە جوانکاری شیعرایەتیدا دەکا و کۆمەڵێک وێنەی هونەری دادەهێنێ. گێتی کردووە بەجزیرەیێک لە ناو ئۆقیانووسێک لە فرمێسکی شاعیر دروست بووە. ئەمە موبالەغەیە کەچی جوانە لەوەش جوانتر ئەوەیە دلبەری کردووە بەزین و خۆی مەم، بەبێ درۆ هەردووکیان وەک «مەم و زین»ن. لێرەدا حاجی وێنەیێکی ڕەوانبێژی کێشاوە لە نێوان بوهتان (بوختان، درۆ) و ناوچەی بۆتانی مەڵبەندی مەم و زین. حاجی پەڕەمووچەکەی دەبا بۆ تابلۆیێکی دیکە و دەڵێ، لە ڕۆژگارانی ئادەمەوە تا خاتەم، واتە پێغەمبەر، جوانێکی وەک دلبەری ئەو لە دایک نەبووە. ئینجا باز دەداتە شاری قوستەنتەنییە (ئەستەموولّ)ی پایتەختی وڵاتی عوسمانی و دەڵێ نیزام ئەوەندە چرووک و دواکەوتووە هەرچی پیاو خراپ هەیە گەیشتوونەتە پلەی سەرەک وەزیران، یا لە تابلۆیێکی دیکەدا دەڵێ، خەڵکی ئەم گێتییە و ئەوەی دیکە (دنیا و قیامەت) منداڵی دوو هەوێن، ئەم دوو جۆرە منداڵانە هەریەکەیان ڕەوشتی دایکی هەڵگرتووە، واتە دژی یەکترین. دیسانەوە وەک بەڵگە بۆ ئەم بابەتە حاجی خۆی و ڕەقیب بەراوورد دەکا. لە خودا دەپاڕێتەوە خۆی بەرز بکاتەوە و ڕەقیب نزم بکاتەوە.

- ٧ -

بەستەیی زولفی نیگارێکم ڕەسەن بازی دەکا
سەففی موژگانی لە تابووری سوپاغازی دەکا
سامیری گۆسالەیە توڕڕەی کە تەڕڕاڕی دەکا
ساحیری ئەسلی هەیە غەمزەی کە غەممازی دەکا
هەر وەکو عیسا لەسەر بەحری هەوا کەوتە سەما
هەرچی مووسایی نەبێ چۆن نەفیی ئیعجازی دەکا
من فەقێم و غەیری سیپارەم لە باغەڵدا نییە
ئەو کەسەی ساحیب قرانە ئیددیعای غازی دەکا

ساغی لەم ڕێگایەدا کاری لە دین چی سادیقە
هەر کەسێکی عاشقە ئەلبەتتە ئەنبازی دەکا
دڵ کە دەربەندی حەیا و نەنگ و نام و عارییە
ئەو قوسووری کردووە دێ ئارەزووی نازی دەکا
سەیری لەو تەننازییە قازی بەمفتی ناکرێ
سۆفی ئیمانی دەدا (حاجی) بەگیان ڕازی دەکا

لەم وەسفەیدا حاجی وەکو شاعیرانی دیکە یادی چەند بەسەرهاتێکی ئەفسانەیی ئایینە کۆنەکان دەکاتەوە، هەندێ بزووتنەوەی دلبەر بەوان دەبەستێتەوە وەکو سامیری سیحربازی ڕۆژگارانی مووسا پێغەمبەر کە گوێرەکەییێکی لە زێڕ دروست کردبوو و داوای لە جوولەکەکان دەکرد بیپەرستن، یا کردەوەکانی دلبەر ئەوەندە بەرز و بڵند بوون گەیشتبوونە کەراماتی مووسا پێغەمبەر و عیسا پێغەمبەری جوولەکە و مەسیحییان، لە دواییدا بەقسە ژیرەکانی کۆتایی بەشیعرەکە دێنێ و دەڵێ، قازی گاڵتە و قەشمەری بەمفتی دەکا، سۆفی واز لە ئیمانی دێنێ بۆ ئەوەی بەدڵ حاجی ڕازی بکا، واتە لە ناو کۆمەڵدا هیچ جۆرە ڕەوشت و نەریت و دەستوورێکی ڕێکوپێک و مرۆڤایەتی و ئاشتییانە نەماوە.

- ٨ -

حاجی گیرۆدە و دڵبەندی شاری کۆیە بووە تا گەیشتۆتە پلەییێک لێی بووە بەهەوەس. کۆیە نیشتمانی بچووک و یەکەمی بوو. بەزۆر هەتڵە کراوە و سەری خۆی هەڵگرتووە و لێی دوور کەوتۆتەوە. لە دوورکەوتنەوە سۆزی بەتینتر بووە، ئەمە ڕەنگی لە دیوانی شیعری داوەتەوە، جگە لەمە شیعری تایبەتیشی بۆ وەسف و ستایشی کۆیە وتووە. لە یەکێ لەو شیعرانەدا سەرەتا بەم دێرانە دەست پێ دەکا:

لە مەیدانی بەهارا شارەکەی کۆ
قوبەی کیشمیری دا بەرشەق وەکو گۆ
لە مابەینی کە کۆن و هەیبەت سوڵتان
نسێی ئێوارە و سایەی سبەینان

لە پاشانا دەکەوێتە وەسفی سروشتی کۆیە:

نموونەی جەننەتە شێوی ڕەزانی
بەهاری شامە ئەییامی خەزانی



گوڵی حاجیلەکانی دەشتی هاموون
نەکەی بیدەی بەنێرگسەجاری گەردوون
لەسەر کێوان گوڵووک و لالەیی سوور
یەدی بەیزایی مووسایە لەسەر توور
لە غونچەی نەو دەمیدەی باغ و ڕاغی
دەڵێی گەردوونە هەڵگیرسا چراغی

ئەوجا لە ڕەوشتی خەڵکی کۆیە دەدوێ:

ئەهالی ڕۆستەمن وەختی شەجاعەت
لە حاتەم زێترن وەختی سەخاوەت
کوڕی غیلمانە کچیان عەینی حووری
نەزەر بازن و لێکین دوور بەدووری
بەنیسبەت عیسمەتی مێردی لەگەڵ ژن
ئەقالیمی ترن سەر سۆری بێ بن
مووسافیرپەروەر و یاری غەریبن
ئەوانن وا لە هەر عەیبێ بەری بن

ئینجا ستایشی خۆی دەکا:

وەتەن مەحبووبەیێکە حوجرە ئارای
نیشانەی دین و ئیمانە تەمەننای
لە ئادەم بگرە تا دەورانی ئێستا
یەکێکە (حاجی) لەو خاکە هەڵستا
کە غەمخواری بکا بۆ میللەتی خۆی
لە بەینی گەورەکان و شێخی بێ پۆی
زەمانە تووشی دەرد و غووربەتی کرد
غەمی کۆیێ پەرێشانی هەمووی کرد

ئەوجا باس لە ئاغایانی کۆیە دەکا:

دوو ئاغای ماوە وەک بیستوومە ئەخبار
ئەمین ئاغا و حەماغەی ساحیبی کار

ڕەژووی واپۆڕ و خوێ و نەوت و گۆگرد
لە کێوی ئێوەدا کۆبە وەکو گرد
لە بەینی میللەتی خۆتان بەیاری
بکەن تەقسیمی شاخ و داروباری

حاجی بەم دێرانە دوایی بەشیعرەکەی دێنێ:

ئەوانەی موڵکی خۆیان کردە دەوڵەت
وەکو بوت دەیپەرستن جەمعی میللەت
میسالی ئێوە بوون یاخود وەکو من
ئەوان بۆچی پیاون ئێمە وەک ژن
سکەندەر بۆچی چار چاو و دوو سەر بوو
فەرەیدوون فیل و کاوە شێری نەڕ بوو
لە دنیا هەر کەسێ هەستا بەهیممەت
فەرەیدوونێکە ئەسکەندەر مورووەت
لە سایەی شیعرەکانی وەک فەرەیدوون
دەمێنێ (حاجی) تا دەورانی گەردوون

لەم شیعرەدا حاجی هەندێ وێنەی دیکە لە جلوبەرگ و کەلوپەلی لەبەرکردنی لاوانی کۆیە دەخاتە ڕوو. لە بارەی دەوری شێخانی تەریقەتەوە ناوی شێخ نەبی ماویلی بە«کەر» و ناوی شێخ غەفووری تاڵەبانی بە«گای گوێر» دەبا. پێویستە ئەوەش بزانرێ شێخ نەبی شێخی تەریقەتی نەقشبەندی و شێخ غەفوور شێخی تەریقەتی قادری بوو لە کۆیەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم. هەروەها باس لە دەوڵەمەندی سروشتی کۆیە دەکا بەوەی لە گەزۆ و مازوو و گەنم و خەڵووزی پاپۆڕ و خوێ و نەوت و گۆگرد و شتی تری هەیە. ئەم هەموو دەوڵەمەندییە بێ کەڵک کەوتووە، سوودی لێ وەرنەگیراوە، کەچی لای خەڵکی دیکە ئەوانەی بوون بەدەوڵەت ئەم سامانە بووە بەمایەی خۆشی ژیانیان. لێرەدا حاجی ڕاست دەکا کە دەڵێ خۆی بێ کارە نەبووە، بەرهەمی هەیە، لە سایەی شیعرەکانییەوە ناوی هەتا هەتایە دەمێنێ. کەچی میللەتی بێ هەوڵ و کۆشش و تەمەڵ بەدواکەوتوویی دەمێنێتەوە و چێژ لە ژیان وەرناگرێ.



## ستایش و پێدا هەڵدان

لە مەدح و ستایشی خۆیدا حاجی دەڵێ:

خەزنەیێکە بەیتی من دوو میسرەعم داخستووە
کەس تەماعی تێ نەکا ڕێگای دزم لێ بەستووە
بیکە بەر دیبایی نەزمم تا قیامەت نادڕێ
چونکە ئەبکاری مەعانی تار و پۆیی ڕستووە
زاهیرا بەیتم لە نالی و کوردی زۆر کەمتر نییە
تالعم بەرگەشتەیە بەدبەختە بەختم نوستووە
باسی حوور و باسی غیلمان و پەری بۆ من مەکەن
وەک مەهی بێ میهری خۆم نەمدیتووە و نەمبیستووە
نیوەشەو گەر دەرکەوێ وەک ماهی سەرکەل تەلعەتی
وا دەزانن ئافتاب و موشتەری سەریستووە
دەست و پێی ئەو پادشاهی حوسنە کۆیلەم پێ دەڵێن
هێندە ئەنگوستی پەشیمانیم لە حەسرەت گەستووە
دڵ لە کونجی سینەدا گەر خوێن دەنۆشێ و غەم دەخوا
(حاجی) بۆ قوربانی عیدی وەسڵی تۆی دابەستووە

حاجی ئەم شیعرەی بۆ ستایشی خۆی داناوە وەک شاعیرێکی گەورە باس لە خۆی دەکا، لەگەڵ ئەوەشدا دیسانەوە ستایشی تێکەڵ بەدڵداری و وەسفی دلبەری کردووە، لەم مەبەسەدا سەرکەوتووە وەکو بڵێی بەمە دەیەوێ ڕاستی قسەی بەخەڵکی بسەلمێنێ کە شاعیرێکی گەورەیە.

## دانایی و پەند و ئامۆژگاری و دژی دەروێشیزم

لە دیوانی حاجیدا گەلێ ئێسگەی دانایی و ژیری و دووربینی دەکەوێتە بەرچاو، حاجی وەکو کەسێکی دنیا دیدە و هوشیار خۆی دەخاتە ڕوو، پەند و ئامۆژگارییەکانی لە مێشکێکی تەڕ و پڕ لە زانستی و زانیاری هاتوونەتە دەرەوە.

خۆت حاکمی ئەم مەسئەلەیە کەی دەبێ وا بێ
پیری وەکو تۆ ماهی هەبێ و ماکەری گا بێ
بێ مروەتێ بەم مروەتە قەت مروەتی نابێ
سەد دەفعە کەریش هەر وەکو تۆ مروەتی گا بێ
(حاجی) دەڵێ ئەم میسرەعە تەئریخییە قازی
ئینسافی نییە عاری چییە مروەتی گا بێ

حاجی لەم پارچە شیعرەدا لە هەڵبژاردنی کێش و قافیە لاسایی «مەستوورە»کەی نالی کردۆتەوە. کێشی بەحری هەزەجی (٨) جار ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووفی (مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)ی بەکارهێناوە. قافیەی دەتوانرێ بەدوو جۆر لێک بدرێتەوە، یەکەمیان (ابێ)یە، بەڵام ئەگەر حسێبی پاش قافیەی لەگەڵدا بکرێ دەبێ بوترێ قافیە (ا)یە، پاش قافیە (بێ)یە. هەروەها نیوە دێری یەکەم و دووەمی هەموو دێرە شیعرەکان لەسەر یەک قافیە ڕۆیشتوون. لە هەموو شتێکدا ئەم پارچە شیعرەی حاجی و «مەستوورە»کەی نالی وەکو یەکن تەنیا ئەوە نەبێ لای حاجی نیوە دێری یەکەمی دوا دێری شیعرەکە کە نازناوی حاجی تێدا هاتووە قافیەی لەگەڵ ئەوانی دیکە یەکتری ناگرنەوە. هەرچی مەسەلەی ناوەڕۆکیشە شیعری هەردووکیان مێبازی و جووتبوونی ژن و پیاویان تێدا هەیە. بێ گومان حاجی کە ئەم شیعرەی وتووە ئاگاداری شیعرەکەی نالی بووە لە بابەت وەسفی شتەکەی مەستوورەوە.

ئەم شیعرەی حاجی بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە نویشکی بەم جۆرەیە: ژنێک ناوی مروەت بووە، لە مێردی زیز بووە و چۆتە ماڵی قازی و شکایەتی لێ کردووە. قازی کە چاوی بەژنەکە کەوتووە گرفتاری بووە و وازی لێ نەهێناوە تا سواری بووە. ئەم ڕووداوە بۆتە هۆی ورووژاندنی حاجی بۆ ئەوەی ئەم شیعرە داشۆرین و کراوەیە (ئیرۆتیکییە) لە دژی قازی بهۆنێتەوە.

سەرچاوە لە ناوەوەیە ئەوە دەگێڕێتەوە بەسەرهاتەکە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم لە سابلاغ (مەهاباد) ڕوویداوە و مەسەلەکە پێوەندی بەقازی ئەو سەردەمەی شارەوە هەیە. ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست بێ یا درۆ هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، گرنگ ئەوەیە حاجی باس لە واقیعێکی کۆمەڵایەتی دەکا لە هەموو دەور و ڕۆژگارێکدا باو بووە. کاربەدەست بۆ بەرژەوەندی و چاکەی خۆی و زیان و خراپەی خەڵکی هەموو کارێکی نابەجێی کردووە. مەبەسی حاجی لەم کێشەیەدا خراپەی کاربەدەستانی میری عوسمانی و قاجاری ئێران بووە. بێ گومان قازیش مووچەخۆر و فەرمانبەرێکی گەورەی ئەو وڵاتە بووە.



**چوارینەکانی حاجی**

حاجی ژمارەیێکی کەمی لە چوارین هەیە، ناوەڕۆکیان بەگشتی خەریکی کێشەی کۆمەڵایەتی و قسەی بەتوێکڵ و وەرامدانەوەی پرسیاری دانایانە و هەندێ شتی دیکە.

حاجی لە چوارینێکیدا دەڵێ:

نەقدی عومرم بەغەزەل دا و دوکانم دانا
هیچ کەسێ نەیکڕی ترسام لە ڕزین و لە خوران
بێ بەها دامە ئەم و ئەو وەکو کوردێک کە ڕژا
ڕۆنی ئەو وەقتە دەڵێ کردمە خێری کوڕەکان

لەم شیعرەدا حاجی وەسفێکی جوانی چارەنووسی بەرهەمی شیعری خۆی دەکا و دەڵێ، شیعرم دانا، کەچی خوێنەری نەبوو، لەوە ترسام بفەوتێ بەخۆڕایی دامە ئەم و ئەو. ئەو کاتە وەکو ئەو کوردەم بەسەر هات ئەگەر ڕۆنەکەی بڕژێ دەڵێ کردمە خێری کوڕەکانم. حاجی ژیرانە بۆ ئەنجامی بەرهەمی شیعری خۆی چووە.

لە شیعرێکی دیکەیدا حاجی دەڵێ:

شەوکەتی جووتەی سمێڵت تاکەمانەندی کەمە
تەرکەشی تیری تەژا وو شیری دەستی ڕۆستەمە
ڕووی لە تەختی ڕوومەتت هێناوە بۆ شانت دەڵێی
ماری سەرشانی زوحاک و دوژمنی تەختی جەمە

حاجی ئەم شیعرەی بۆ وەسفی سمێڵی کابرایێکی خەڵکی تەقتەق داناوە. سمێڵەکە ئەوەندە جوانە بێ وێنەیە، وەکو شیرێکە لە دەستی ڕۆستەمی زاڵدا بێ، ئەوەندە درێژە لە ڕوومەتی تێپەڕیوە بۆ سەر شان و ملی وەکو مارەکەی زوحاکە. وێنەی هونەری تازە لەم لێکچواندنەی ئەم دێرە شیعرە دەبینرێ، هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە وەسفی ئەندامی پیاو ئەوەندە بایەخی پێ نەدراوە وەکو ئەوەی ژن، تاقیکردنەوە لەگەڵ ژندا زۆرە.

حاجی لە چوارینێکی دیکەیدا دەڵێ:

سمتی دەلەرێتەوە دەڵێی دووگی مەڕە
گرد و سپیی و لووسە وەکو تووری تەڕە
ماڵێکە ئەگەر بدا بەنەقدی دڵ و جان
خۆشت لەسەری نەبی جەهەننەم بکڕە

له شیعری پێشوو حاجی لەگەڵ سمێڵدا بوو، لەم شیعرەدا خەریکی سمتە، دەڵێ گرد و سپی و لووسە، ئەوەندە جوانە ئەگەر بەدڵ گیان بیفرۆشی و خۆشیت پێی نەیێ دۆزەخ بکرە، واتە دۆزەخ شایانی تۆیە.

لە چوارینێکی دیکەیدا حاجی دەڵێ:

چوومە جەرگەی ئەهلی دڵ جەرگێکی بێ داغم نەدی
ناڵەیی بولبول لە باغا بێ قـڕەی زاغم نەدی
عالەمێکم دی نەخۆش و یەک کەسی ساغم نەدی
دوور لە مەردانی خودا غەیری قوڕومساغم نەدی

لەم شیعرەدا حاجی دادپەروەری دەخوازێ، شکات لە ناهەمواری دەکا و دەڵێ، هەموو شتێک دژی هەیە، دڵدار نییە جیگەری داغ نەبووبێ. دەنگی بولبولی ناوباغ نییە، قیڕەی قەلەڕەشکە بەرامبەری نەبێ. هەموو دنیا نەخۆشە و ساغێکی تێدا نەماوە، جگە لە قوڕومساغ کەسی دیکەی تێدا نەماوە.

**تاکەکانی حاجی**

دیوانی حاجی کۆمەڵێک تاک دەور دەکاتەوە، لە یەکێکیاندا دەڵێ:

شێخ غەفوور بیستوومە چاچیم پێ دەڵێی
چاکە من نابم بەنوقتەی لابەلا

ئەم شیعرە وەرامی وتەیێکی شێخ غەفووری تاڵەبانییە گۆیا بەپێی گەمەیێکی ڕەوانبێژی کە «قەلب و تەسحیف»ی پێ دەڵێن بۆ گاڵتە ناوی «حاجی» کردووە بە«چاچی». ئەم وشەیە بەفارسی «کەمان»ە (کەمانی ئامێری مۆسیقا)، لێرەدا بەئاسانی دەنگی «ک» دەکرێ بە«گ» واتە «کمان» دەبێ بە«گمان»، ئەم وشەیە بەعەرەبی دەبێ بە«شک». ئەگەر نوختەکانی وشەکە لابرێن دەبێتە «سک» بەمانای «سەگ». بەم جۆرە شێخ غەفوور بەحاجی وتووە «سەگ». ئەویش لە وەرامدا ئەم تاکەی بۆ نوسیووە و نەیهێشتووە قسەی سەر بکەوێ.

حاجی لە شیعرەکەدا کە دەڵێ «نوقتەی لابەلا» مەبەسی ئەوەیە نوختەی دەنگی «غ» دەخزێ بۆ سەر دەنگی «ف»ی وشەی «غەفوور» جێ سروشتی خۆی و وشەکە دەبێ بە«عقور»، ئەم وشەیە بەمانای سەگی هار هاتووە. بەم جۆرە حاجی تۆڵەی خۆی لە شێخ



غەفوور دەکاتەوە. ئەو «سەگ»ی پێ وتووە، بەڵام ئەم ئەوی کردووە بەسەگی هار.

لە تاکێکی دیکەیدا حاجی دەڵێ:

جورمی من داوێنی عەفوی گەر نەپۆشی ڕۆژی حەشر
عەبرەتی من کافیە بۆ ئەهلی مەحشەر سەربەسەر

ئەم شیعرە قسەیێکی ژیرانەیە، حاجی دەڵێ تاوانی من لە ڕۆژی مەحشەردا ئەگەر شایانی لێبوردن نەبێ، ئەوەی بەسەر مندا هاتووە ئەوەندە زۆرە، شایانی ئەوەیە گوناهی هەموو خەڵکی ڕۆژی حەشر بشواتەوە.

شاعیر لەسەر ئەم قسە ژیر و دانایانەی دەڕوا و دەڵێ:

چاوەکەم تۆش پیر دەبی ڕیشت دەبێتە گۆڕەوی
وەک بفەرمووی من فلانم پێت دەڵێن تۆخوا هەوی!

لەم شیعرەدا حاجی دەیەوێ بڵێ هەموو کەسێک پیر دەبێ، هەزار جار بڵێ من فلانە کەسم بۆ ئەوەی بەرگری لە جوانی و لاویەتی بکا، بۆ گاڵتە و قەشمەری خەڵکی پێی دەڵێن تۆخوا ئەو کەسەی!

حاجی بەقسەیێکی جوان پێوەندیی نێوان خۆی و دلبەری دیاری دەکا و دەڵێ:

گەر نەچم لێم زویر دەبێ وەقتێ دەچم مەنعم دەکا
سەیری کە بێ مروەتە چیم لێ دەکا و چیم پێ دەکا

لەم شیعرەدا حاجی دەڵێ ئەگەر نەچم بۆ لای دلبەر لێم زویر دەبێ، کە دەچم بۆ لای دەرمدەکا، سەیری کە بێ مروەتە چیم لێ دەکا و چیم پێ دەکا.

## بەشی حەوتەم

# گەشتێک بەناو شیعرە میللی و نوێگەرییەکانی حاجی

### حاجیی ڕۆشنبیر و زانا و سیاسی و شۆڕشگێڕ

حاجی بەیەکێ لە گەورەترین شاعیری قوتابخانەی کوردستانی باشوور دەژمێررێ لە سەردەمی نەوەی دووەمیدا. شاعیر وەک نوێنەرێکی ڕاستەقینەی ئەو قوتابخانە شیعرییە هەموو مەرج و ڕێبازەکانی ئەم بزووتنەوەیەی پاراست بەتایبەتی لە ڕووی بەکارهێنانی وشە و وێنە ڕەوانبێژییەکان و قالّبە دروستکراوەکان لە تەعبیر و ڕستەی شیعری کلاسیکی، تا گەیشتە ئەو پلە شیعرییەی ماناکانی بگەیەنێتە گێتییێکی داخراو و تا ئێستاش ئێمە نەتوانین بچینە ناخی ئەو مەبەستانەی حاجی ویستوویەتی بیانخاتە ڕوو، واتە لەم لایەنەوە حاجی شاعیرێکی قورسی داخراوە، بۆ چینی خوێندەواری بەرزی نووسیوە، هەموو سیما و ئەدگارەکانی شیعری کلاسیکی کوردستانی باشووری پاراستووە و پەرەی پێ سەندووە و شۆڕشێکی هونەری ئیستێتیکی لە ناو بزووتنەوەکەدا کردووە، بەمە بووە بەیەکێ لە شاعیرە گەورەکانی قۆناغی کلاسیکی.

لە قۆناغێکی دیکەیدا بایەخ و هەوەسێکی تری ژیانی خوێندەواری حاجی بیرکردنەوە بوو لە چارەنووس و دوارۆژی میللەتەکەی خۆی، لەو سەردەمەدا کورد یەکێک بوو لە میللەتە دواکەوتووەکانی هەر دوو دەوڵەتی قاجاری عەجەم و عوسمانی تورک، بەتایبەتی لە ڕووی ئابوورییەوە بەوەی لە ژێر دەستی دوو دەوڵەتی بێگانە بوو، بەلای حاجییەوە کورد ڕزگاری لەم دواکەوتنەدا نەدەبوو بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ نەبێ. شاعیر بیروباوەڕی ئایینی ئیسلامی و تەنویری لە لا دروست بوو کە هێشتا لە مەڵبەندی خۆی بوو لە کوردستان، ئەمە لە هەندێ لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئاسۆی بیری لەو کاتەدا فراوانتر بوو کە وڵاتی خۆی بەجێهێشت و ڕووی کردە ئەستەمووڵ. بێ گومان هۆی کۆچکردنی حاجی ئەوە بوو بیروباوەڕە تەنویرییەکانی لەگەڵ چاکە و بەرژەوەندی کاربەدەستانی مەڵبەندی خۆی ڕێک نەدەکەوت. دیارە ئەو دەسەڵاتە لە ئەنجامی بیروڕای ئایینی و دەروێشی و بەرژەوەندی کەسایەتی پەیدا بووبوو و لەگەڵ دروشمەکانی «ئازادی و داد و یەکسانی» ناکۆک بوو.



ئاسۆی بیری حاجی لە وڵاتی عوسمانی فراوانتر بوو، بەهۆی بەدرخانییەکانەوە زیاتر لە کۆمەڵی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و خەباتی سیاسی و کاری نهێنی لە پێناوی شۆڕشی چەکدار نزیک بووەوە. تاقیکردنەوەی لە کۆمەڵی عوسمانی و لە ڕێگەی ئەویشەوە لە ئەورووپا وەریگرتووە. لەم ڕووەوە حاجی دەبوو ببێ بەنووسەر و ڕۆشنبیر و زانایێک بیروباوەڕەکانی بەوتار بڵاو بکاتەوە. کەچی لە کۆمەڵی کوردەواری ئەو سەردەمەدا هێشتا پەخشانی سیاسی پەیدا نەبوو و ڕۆژنامەگەری نەکەوتبووە ناوەوە. حاجی ناچار بوو ڕێگەییێکی تر بگرێتە بەر لەگەڵ ڕەوشتی کۆمەڵی ئەو سەردەمە ڕێک بکەوێ، ئەویش دەربڕینی بیروڕاکانی بوو بەشیعر، شیعرێک لە هەموو ڕوویێکەوە بەپێچەوانەی شیعری کلاسیکی بێ: وشە و تەعبیری ئاسانی خۆماڵی، کێش و قافیەی عەرووزی ئەوەی لە کێشە سووکەکانە و لە کێشی سیلابی میللییەوە نزیکە. بەم جۆرە حاجی بوو بەشاعیرێکی میللی و شەعبی و یەکێک لە دروستکەرانی شیعری پەروەردەیی و فێرکردن (دیداکتیکی). بێ گومان ئەم بابەتە شیعرە نرخی ئیستێتیکی کەمترە و زیاتر بایەخ بەناوەڕۆک دەدا، ناوەڕۆکەکەش لێکدانەوە و بۆچوونی سیاسی قووڵە بەڵام ئەو بەزمانێکی سادە و ئاسان دەریدەبڕێ.

حاجی دەورێکی بالآی هەبوو لە هێنانی بیروڕای تەنویری و شۆڕشگێڕی بۆ ناو کۆمەڵی کوردەواری، هەروەها هۆییێکی گرنگ بوو بۆ بەردەوامی بزووتنەوەی شیعری پەروەردەیی و تەنویری لە باشووری کوردستان.

حاجی لە دەرگاییێکی بلّند و فراوانەوە چووە ناو مێژووی ڕۆشنبیری نەتەوەی کوردەوە، وەکو شاعیرێکی پایە بەرز، سیاسییێکی ژیر، نەتەوەپەرستێکی دڵسۆز، دانا و زانایێکی ئاسۆ گەش و فراوان. شانازییە بۆ کولتووری کورد و سەرچاوەییێکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوو و ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی. تا ئێستاش لە گێتی حاجی مەیدانێکی فراوان و سەرچاوەییێکی لەبن نەهاتووە، لەبەر ئەوەیە حاجی بەڵگەییێکی گرنگە لە بوونی نەتەوایەتی کورد.

### بەیتەکانی حاجی

بەزۆری مەقامی حاجی لە ناو دڵی میللەتی کورددا لەبەر ئەو بەشە شیعرەیەتی کە جووت قافیە (مەسنەوی) پێ دەوترێ. حاجی لەم شیعرانەدا وەکو پسپۆرێکی زانستی کۆمەڵایەتی و زانایێکی ستراتیجی و ڕۆشنبیرێکی نوێخواز و نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز

لەم دێرانەدا حاجی لەو باوەڕەدایە هانا بۆ شێخ و مێخ نەبردرێ، کەس نانی کەس نادا، ئێوە تەنیا خەریکی جەلجەلووت و پاڕانەوەن، ئەورووپا هونەری گەیشتۆتە پایەیێکی یەکجار بەرز، ئینجا ئاماژە بۆ بورجی ئیفێل دەکا. ئەم ئاگادارییە هوشیاری حاجی دەخاتە ڕوو. بێ گومان هەواڵی ئەو بورجەی لە ڕۆژنامە و کۆوارەکانی ئەستەمووڵ یا ئەورووپا خوێندۆتەوە. ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێ ئەوەیە ئەندازیار گوستاف ئیفێل لە ساڵی ١٨٨٧ دەستی بەبیناکردنی ئەو بورجە کرد و لە ساڵی ١٨٨٩ کۆتایی پێ هێنا. لێرەدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ بینای بورجەکە لە سەرەتادا بووە و بەهۆی ڕۆژنامە و کۆوارەکانی ئەستەمووڵەوە حاجی ئاگاداری هەواڵی بیناکردنەکە بووە. حاجی لەو ساڵەی دەست کراوە بەبینای بورجەکە کۆچی دوایی کردووە.

ئینجا حاجی دەکەوێتە ئامۆژگاری و داوا دەکا واز لە تەمەڵی بێنن و بەکار و کردەوە وڵات ئاوەدا بکەنەوە:

تەنبەڵی کاری حیز و بێ خێرە
دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە
ئەهلی جەننەت نە شوان و گاوانە
ساحیبی فەنن و عیلم و عیرفانە
فائیدەی گەر بدایە زیکر و دوعا
دەبووە قاڕوون گەدایی سەر ڕێگا
هەرچی بێ بەهرەیە لە کەسبی کەمال
دەبتە دەروێش و مارگر و حەممال

تەمەڵی کارێکی بێ سوودە، هەر کەسێک ماندوو نەبێ برسی دەبێ. ئەوانەی دەچنە بەهەشت شوان و گاوان نین، بەڵکو زانا و خاوەن بەهرەن. ئەگەر پاڕانەوە و زیکر سوودی هەبووایە هەژاری سەر ڕێگە دەبوو بەقاروون، ئەوەی دوورە لە زانست و زانیاری دەبێتە دەروێش و مارگر و کۆڵهەڵگر.

ئینجا حاجی هەندێ ڕاستی لە سروشتی ئادەمزاد و ڕووداوی مێژوویی لە پێشکەوتنی میللەتان دەخاتە ڕوو:

شیعی وەک تیشنە بوو لە سینە زەدەن
بەدوو قەترە دەدا حوسێن و حەسەن



بەقسەی موخبیر و موئەریخی کۆن
میللەتی چینە چار سەد میلیۆن
سەربەسەر دەوڵەتی هەموو ژاپۆن
زۆر بەزەحمەت دەگاتە چل میلیۆن
ئەهلی ژاپۆن بەفەنن و سەنعەتی چاک
سەیری چۆن چینی گرت و کردییە خاک
ئیتتیحادی بەئیتتیفاقی ئەنام
سوپەرە بۆ حەوادیسی ئەییام
کوردی ئێمە نەزان و پاشکەوتن
پێکەوە پووش و ئاگر و نەوتن
بێ ئەگەر دەستی یەکتری بگرن
وەک سکەندەر جیهان هەموو دەگرن

حاجی لەم دێرانەدا ئەوە دەردەبڕێ، شیعە کە لە سنگ کوتان تێر دەبن، حەسەن و حوسێنیان لە بیر دەچێتەوە. هەروەها خەڵکی ژاپۆن بەژمارە نزیکەی چل میلیۆنە بەڵام لە پیشەسازیدا سەرکەوتوون، لەبەر ئەوە سەیری کە چۆن ئەو چینە گەورەیەی داگیر کردووە کە ژمارەی دانیشتوانیان چوار سەد میلیۆنە. ئەوجا دێتە سەر کورد بەنەزان و پاشکەوتوو و خۆ خۆر ناویان دەبا. مەینەتی کورد بەدرێژایی مێژوو ناتەبایی و سەرشۆڕی ناوخۆییە. حاجی دەڵێ ئەگەر کورد یەکێتی هەبێ هەموو گێتی دەگرێ.

ئەوجا حاجی بەتەوسەوە باس لە بێ توانایی کورد دەکا و دەڵێ:

کێ دەڵێ کوردەکان بێ ئیدراکن
بەسە ئەم نەقسە گوێ لە من ناکەن
لە قسەی ساغی من خەلەل دەگرن
واهیمەی شێخەکان لە دڵ دەگرن
ئەوی موحتاجی نان و پیوازە
یا هەتیوبازە یانە مێبازە
حەیفە بۆ مەردی ساحیبی تەمیز
هێندە باسی مەکانی پیسی و میز

عیشقبازی و هەوایی دەروێشی
میللەتی خستە فەقر و بێ ئیشی
ئەو کەسەی دەوڵەمەندەکی چاکە
٤ ڕۆمی یانی ناپاکە

حاجی لێرەدا کورد بەبێ هۆش لە قەڵەم دەدا، ئەگەر وانییە بۆ گوێی لێ ناگرن، قسەی باشی لە لایان خراپە. نادروستی شێخەکان وەردەگرن، ئەو چلێسانەی لە خواردن دەگەڕێن سەرەڕای ئەمەش یا مێبازن و یا هەتیوبازن.

شاعیر گلەیییەکانی بەم دێرانە کۆتایی پێ دێنێ:

قوڕی کام جێ بکەم بەسەرخۆدا
ئەمە لێم بوویتە عیللەتی سەودا
بەقسەی چاکە دەستیان دەگرم
تەرکی ناکەم بەلۆمە تا دەمرم

کە کەس گوێی لە حاجی نەگرتووە، ڕەشبینی گەیشتۆتە پلەیێک نازانی قوڕی کوێ بەسەر خۆیا بکا. ئەو نەخۆشییە گیانییە شاعیری گەیاندۆتە قۆناغی شێتییەتی، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ من قسەی چاکیان هەر بۆ دەکەم تا دەمرم.

### تاجی بیسمیللا

حاجی ئەم بەیتەی بۆ گێڕانەوەی پەند و ئامۆژگارییەکانی تەرخان کردووە، سەرەتا بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

تاجی (بیسمیللاهی ڕڕەحمان ڕڕەحیم)
نامە سەر بۆ دەفعی شەیتانی ڕەجیم
ماجەرایێکم هەیە بێ بێش و کەم
هیچ درۆی تێدا نییە با بۆت بکەم

وەک خۆی دەڵێ حاجی بەتەمایە بێ پێچ و پەنا و درۆ قسەیێک هەیە دەیەوێ بیکا و دەڵێ:

شکڵی تەکیە و خانەقاهی شێخەکان
واقیعا ڕەنگینە ئەمما بۆ ڕیان



لەم هەموو شێخ و موریدانەی ڕیا
فەردەکی ناچێتە مزگەوتی خودا
مەسجید و میحراب و مینبەر بێ کەسە
هەر مەپرسە حاڵی چۆنە مەدرەسە

بەلای شاعیرەوە وێنەی تەکیە و خانەقا جوانە، بەڵام بۆ ڕیایی بەکاردێ، ئەوانەی لەوێن شێخ و مورید و سۆفی و دەروێش ناچنە مزگەوت و نوێژ ناکەن. مزگەوت و میحراب و مینبەر چۆڵە، حوجرەی خوێندن «مەدرەسەی مزگەوت» حاڵی پەرێشانە. لێرەدا حاجی لە دژایەتی نێوان شەریعەت و تەریقەت دەدوێ. بێ گومان شەریعەت لە دژی تەریقەتە، بەتایبەتی لایەنی پراکتیکی کە دەروێشیزمی پێ دەوترێ. لە سەرەتادا سۆفیزم شۆڕشێکی پێشکەوتنخواز بوو لە دژی شەریعەت، بەڵام لە دواییدا شەریعەت تەریقەتی داگیر کرد، هەردووکیان بوون بەیەک کەچی لە ڕاستیدا دژایەتییان تا پلەیێک ماوە، زۆر جار بەنهێنی و هەندێ جار بەئاشکرا ئەم دژایەتییە بەرچاو دەکەوێ نەوەکو تەنیا لە نێوان شەریعەت و تەریقەت بەڵکو لە نێوان تەریقەتە جیاوازەکانی تەریقەتیش، بۆ بەڵگە نێوان قادری و نەقشبەندی. دەسەڵاتی عوسمانی ئەم هەموو گیروگرفتانەی بەکار دەهێنا بۆ چاکەی خۆی و بێ گومان بۆ خراپەی کوردیش دەکەوتەوە. حاجی بەوریایی ئاگاداری ئەم هەموو کێشە و بگرە و بەردانەی نێوان شەریعەت و تەریقەت بوو. لە پاشانا حاجی باس لەو شوێنانە دەکا کە بزووتنەوەی سۆفیزمی بەرایییان لێ پەیدا بوو:

هیند و داغستان و قازان و قرم
خێوە و هیند و بوخارا و خوارزەم
یەک بەیەک وەک ئێوە بوون و زێدەتر
سەر بەسەر بۆ باری کافر بوونە کەر
موعجیزە و کەشف و کەرامات و دوعا
بۆچی نەیبوو فەخری عالەم مستەفا

حاجی لێرەدا باس لە مەڵبەندەکانی تەریقەت دەکا، بێ گومان لە پێشانا کردەوەی ئەمانە باش بوو، لە دوایی بەهۆی دەروێشیزمەوە بوون بەکافر، واتە لە شەریعەت لایان دا، ئەمانە خەڵکیان بەدوعا و موعجیزە و کەشف و کەرامات هەڵدەخەڵەتاند، ئینجا حاجی دەڵێ پێغەمبەر باوەڕی بەمە نەبووە و ئەم کارانەی نەکردووە، لەبەر ئەوە ڕەت دەکرێنەوە.

هەموو عالیم هەموو شێخ و میرن
زیرەک و ژیر و ئەهلی تەدبیرن
وەسەتی پانی پازدە ڕۆژ ڕێیە
پڕ لە ڕەشماڵ و خانە و دێیە
بەدرێژی لە قاف کە ڕابووردن
تا بەشیراز و ئەسفەهان کوردن
شەهسوارن پیادەیان ئازان
بەردی نیشان و کۆلکی مەیدان
دان و بەخشنیان لە لا باوە
خوونی مەیدانیان لە کن ئاوە
بەشەجاعەت هەموو وەکو ڕۆستەم
بەسەخاوەت هەموو وەکو حاتەم
لە وەفا سموئیل و ئیسماعیل
عەهد و پەیمانیان چیای قەندیل
گوردی شانامە پاکیان کوردە
کافی ئەم سافە کافی ئەو وردە
لە شەڕا زۆر دەفعە قەوماوە
ڕۆمی یانیان چلۆن حەواب داوە
(حاجی) دەمرێ لە داخ و هاوارە
کوردی بێ چارە دەبنە ئاوارە

لەم شیعرەدا حاجی باس لە کورد دەکا وەک نەتەوەییێکی خاوەن مێژووی کۆن و دێرین، خەڵکەکەی هوشیار و ژیرن. ئینجا باس لە وڵاتیان دەکا لە ڕووی جوگرافییەوە، لە کۆتایی شیعرەکەدا حاجی لەو ڕاستییە دەدوێ کە کوردی بێچارە دەیانەوێ دەوڵەتی خۆیانیان هەبێ، کەچی چنگیان ناکەوێ. لەبەر ئەوە حاجی خەریکە لە داخانا بەزگ دەدا. بێ گومان ئەم هەموو ستایش و پێدا هەڵدانەی کورد لە لایەن حاجییەوە بۆ ئەوەیە بڵێ کورد توانای ئەوەی هەیە خاوەنی خۆی بێ، کەچی ڕۆژگار ئەم هیوایەی نەهێناوەتە دی. بەگشتی حاجی لە هۆی نالەباری کورد گەیشتووە، لە گەلێ شوێن لە ناو شیعریدا هۆی



ناوەوە و هۆی دەرەوەی خستۆتە ڕوو بۆ نەگەیشتنی کورد بەهیوا و ئامانجی لە ڕووی دروستکردنی دەوڵەتەوە.

- ٢ -

لە گاوان و شوانی کوردەکان یەک
بەسە بۆ لەشکری سەد کەڕڕە دوولەک
فیدای جووتیاریان بێ حاتەمی تەی
بەقوربانی سەپانتان ئالی بەرمەک
مریشکی ئێوە سەییادی شەهێنە
لەکن عەنقا فڕووجە حاجی لەک لەک
شوانی مێگەلی کوردان لە شەڕدا
وەکو قەسسابە دوژمن مێگەلی شەک
لەبەر حیزە بخۆیی و ناتەبایی
لە ژێری حیزی حیزان بووینە دۆشەک
هەتا وەک ئاگری بن کان لەگەڵ یەک
ئەگەر تۆفان بێ لەشکرتان بەپووشەک
لە گوێی نوستوون بۆیێکە ڕێوی
لەسەر ئێوە وەها شێر گیرە وەک سەگ
سەڵاحی ئێوە ئێستاکە سیلاحە
تەماعی گەورەیی بێ چەک نەکەن نەک
کراوە ئینتیخابی وشکەسۆفی
لە دیوانی کەری بێ نوقتەیی شەک

ئەم شیعرە لە بارەی ئازایەتی کوردەوەیە، بەراوورد لە نێوان کورد و کەسانی بەهێزی دیکە دەکا، لەمەشدا بێ گومان کورد هەمیشە بەسەر دوژمنانیدا زاڵ بووە. لەگەڵ ئەوەی ئازایەتی هۆی سەرەکی و بنچینەیی بووە بۆ هێنانە دی هەموو ئامانجێک کورد لە خەباتیدا سەرنەکەوتووە، هۆی ئەمە بەلای حاجییەوە لەبەر حیز بخۆیی و ناتەبایی و دوژمنایەتی کردن لەگەڵ یەکتری. لەبەر ئەوە کەوتووینەتە ژێر دەستی ژێر دەستان (حیزی حیزان بەقەولی حاجی) مەبەس لێرەدا پێم وایە تورک و عەجەمە. هەرچەندە ئەمانە دەوڵەتیان

## بەشی سێزدەم

# شیعری شێخ ڕەزا لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

## ئاسۆی شیعری شێخ ڕەزا

ناوەڕۆکی شیعری شێخ ڕەزا لایەنێکی زۆری ژیانی ئادەمزادی گرتۆتەوە، شاعیر بەشێکی گرنگی لە بابەتەکانی شیعری کلاسیکی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، لەبەر ئەوە دیوانی ئەم کەڵەشاعیرە گەلێ لە بابەتەکانی شیعری کلاسیکی لە ئەدەبی کوردیدا دەور دەکاتەوە. شێخ ڕەزا شاعیرێکە لە یادی زۆرینەی ڕۆشنبیر و نیمچە خوێندەواری کورد ناچێتە دەرەوە، یاخود دەتوانین بڵێین ناوی لە ناو کۆمەڵی نەخوێندەوارانیش بزر نییە، هەروەها شیعری شێخ ڕەزا بەگشتی ڕەنگدانەوەی گیروگرفت و جوانی و ناشیرینی و چاکە و خراپەی کۆمەڵی کوردەواری و هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

بەم ڕەنگە شێخ ڕەزا گێتییێکی بێ پایانی جۆرە جوانکارییێک لە ئەدەبی کوردیدا دروست کردووە لە پێش ئەودا ئەم بابەتە لە ناوەوە نەبوو، مەبەس لەوە ئەو جنێوە بازاڕییانەیە کە لەگەڵ ئەدەبی کراوە (ئیرۆتیک) تێکەڵی دەکا و لە شتی بێ نرخ و بایەخ قسەی جوان دادەهێنێ. لە کۆمەڵی کوردەواریدا جنێو دیاردەیێکی شوورەییە، بەکارهێنانی گەلێ گیروگرفت لە نێوان خەڵکیدا دروست دەکا، شێخ ڕەزا ئەم جۆرە جنێوەی بۆ داشۆرین بەکارهێناوە.

ئەو کەسانەی شێخ ڕەزا دایشۆربوون بەژمارە زۆر کەس دەگرێتەوە، لەوانە لە نزیکترین کەسوکار و خزمی خۆیەوە دەست پێ دەکا تا دەگاتە سوڵتانی عوسمانی و کاربەدەست و مووچەخۆر و دۆست و برادەر و هاوڕێیانی نزیکی خۆی. وەک دەردەکەوێ ئەم شیعرانە لە سەردەمی خۆشیدا هیچ جۆرە کێشە و تەنگوچەڵەمەیێکی بۆ دروست نەکردووە، لەبەر چەند هۆیێک، یەکەمیان ئەو شیعرانە لە ڕووی ئیستێتیکییەوە پلەیێکی بەرزیان هەیە؛ دووەمیان خەڵکی کورد و ئەو کەسانەی لەم شیعرانەدا ناویان هاتووە ئەوە دەزانن کە شێخ ڕەزا لە ڕق و کینەوە ئەو شیعرانەی نەوتووە، بەڵکو بۆ ڕابواردن و نوکتە کەوتۆتە ناوەوە و لە پاشانا بووە بەنموونەی شیعری بەرز.

سەرچاوە و ئیلهامی شیعری شێخ ڕەزا حاڵی نالەباری ناو کۆمەڵ و لایەنە ڕەشبینییەکانی قۆناغی دەربەگی بوون بەتایبەتی شیعرە داشۆرین و کراوەکانی، هەرچی



مەبەسەکانی دیکەی شیعری کلاسیکی کوردییە، شێخ ڕەزا هەمووی تاقی کردۆتەوە و لە هەموویاندا سەرکەوتووە.

## ئەدگاری شیعری شێخ ڕەزا

ناسینی شیعری شێخ ڕەزا دەتوانرێ لەم خاڵانەدا ببینرێ:

١- زۆربەی شیعری شێخ ڕەزا بەتایبەتی هەندێ لە تاک و چوارینەکانی لەناکاو و بەئەزبەر بۆی هاتوون، وەرامی پرسیارێک یا وێنەکێشانی هەڵوێستێک بوون، لەبەر ئەوە زۆربەیان لەناوچوون، ئەگەر لە کاتی وتنیدا نووسرابنەوە دیارە ماونەتەوە، ئەگینا لەناوچوون و لەبیرکراون.

ئەو شیعرانەی شێخ ڕەزا لە بابەتی داشۆرین و کراوە لە دژی هەندێ کەس و بنەماڵە هۆنراونەتەوە، هەر لە سەرەتای دانانیاندا هەوڵ دراوە بخرێنە پشتگوێ و بزر بکرێن، وەکو ئەو شیعرانەی بەمەبەسی ڕەخنەگرتن لە شاعیرانی کورد مەحوی و زێوەر دایناون.

٢- شیعری شێخ ڕەزا ڕاستە بەگشتی لیریکییە، واتە غەزەل و قەسیدەیە و یەکێتی کێش و قافیە و دێری شیعری کلاسیکی بەئاشکرا تێیدا دەبینرێ، بەڵام هەندێ شیعری گیانی ڕووداو و چیرۆکییان تێدایە، واتە لە سەرەتای گێڕانەوەکەدا ڕووداوێکە دێر بەدێر پیشانی دەدا، بۆیە دێرە شیعرەکان پێوەندییان بەیەکترییەوە هەیە. زیاتر گیانی چیرۆکی لە وەسفەکانی شێخ ڕەزادا دەبینرێ.

## نموونەی شیعری شێخ ڕەزا

دیوانی شێخ ڕەزا گەلێ بابەت و ژانرەکانی شیعری کلاسیکی کوردی دەگرێتە خۆ، بەتایبەتی وەستای شیعری داشۆرین و کراوەیە (ئیرۆتیک). هەندێ جار ئەم دوو مەبەسە هەریەکە بەتەنیا لە شیعریدا دەردەکەون، هەندێ جاری دیکە تێکەڵیان دەکا. هەرچۆنێ بێ ئەگەر شێخ ڕەزا داهێنەری ئەم جۆرە شیعرە نەبێ لە ئەدەبی کوردیدا، پێش ئەو شاعیرانی کورد کەم و زۆر شیعری لەم بابەتەیان وتبێ، بەڵام ئەم شاعیرەمان مەبەسەکەی کردووە بەقوتابخانە، هیچ شاعیرێکی کورد نە لە پێش ئەو و نە لە پاش ئەو بەئەدگار و بەناوەڕۆک و بەقەوارە ئەوەی شێخ ڕەزا کردوویەتی ئەوان نەیان کردووە.

لەم ماوەیەدا لەگەڵ قسەکردن لەسەر شیعری شێخ ڕەزا تێکستی بەڵگەی شیعرەکانی تۆمار دەکرێن.

## غەزەل و قەسیدەی ئاسایی

ئەگەر چاو لەوە بپۆشین شێخ ڕەزا وەکو شاعیرێکی پسپۆڕ لە داشۆرین و شیعری کراوە (ئیرۆتیک) مەقامێکی گەورەی هەیە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، لە مەبەسەکانی دیکەی شیعری کلاسیکی کەسایەتییێکی زۆر گەورە و مەزن و قوتابییێکی زیرەک و بەتوانای قوتابخانەی نالییە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا. شاعیر لە غەزەل و قەسیدە ئاساییەکانی کلاسیکیدا بەم جۆرە خۆی دەنوێنێ.

- ١ -

لە غەزەلێکیدا شێخ ڕەزا دەڵێ:

ڕۆژێ نەبوو ئەم دلبەرە بێ ڕەحمە وەفا کا
جارێ نەبوو ئەم کافرە شەرمێ لە خودا کا
حەیرانن ئەتیببا لە عیلاجی مەرەزی من
لوقمانی ویساڵێت مەگەر ئەم دەردە دەوا کا
کارێ کە غەم و دەردی فیراقت بەمنی کرد
سەرما بەهەتیو، با بەدەواری شڕی ناکا
دێوانەیە شەخسێ کە لە غەیری لەبی لەعلی
وەک شاهی سکەندەر تەڵەبی ئاوی بەقا کا
تاب و تەبی ئاتەشکەدەیی هیجری وەکو شەمع
نەزدیکە منیش واریدی سەحرایی فەنا کا
لەم ڕێگەیە تەقدیری ئەزەل وابوو کە ئێمە
پامالی جەفا بین و ڕەقیب سەیر و سەفا کا
ڕووح و دڵ و دین هەرسێ دەکەم بەزل و نەساری
کامی دڵی من گەر لە لەبی لەعلی ڕەوا کا
سەردانی لە ڕێی عەشق (ڕەزا) لازمە عاشق
بۆ یار سەر و ماڵی سوپەری تیری قەزا کا

لەم شیعرەدا شێخ لە یاری خۆشەویستی دوورە، هۆی ئەمەی خستۆتە ئۆباڵی ملی ڕەقیب، جوانکارییەکانی وێنەی تازەن، بەڵگەی ئەوەن ئەم شاعیرەمان بەتوانایە لە هەموو بابەت و ژانرەکانی شیعری ئاسایی و لاسایی کلاسیکی.



- ٢ -

لە پارچە شیعرێکی دیکەیدا دەڵێ:

سەرو و نەی چین کە لەگەڵ قامەتی تۆ بێنە نەبەرد
شەکەری خواردووە نەی، سەرو سەری داوە لە بەرد
گەر دەلیلێ وەکو نوقتەی دەهەنت نەبووایە
منیش ئینکارم ئەکرد وەک حوکەما جەوهەری فەرد
لێی دەپاڕێمەوە ئەی ڕووحی ڕەوانم تو خودا
چییە دەرمانی دڵم، پێم دەڵێ، لاچۆ دڵە دەرد

لەم شیعرەدا شاعیر باڵای بەرزی دلبەر لەگەڵ درەختی سەروو و دەوەنی قامیشی شەکر بەراوورد دەکا، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە ئەو دلبەرە دەمی ئەوەندە بچووکە وەک «جەوهەرفەرد»ە، ئەم قسەیە لە تیۆری فەلسەفەی کۆنی گریکی کۆن وەرگیراوە، لە سەردەمی ئێستادا ئەتۆم (ذرّة)ی پێ دەڵێن. هەرچۆنێ بێ ئەم جەوهەرە دابەش ناکرێ، ئەوەندە بچووکە لەو بچووکتر نییە، لەبەر ئەوە شاعیر کردوویەتی بەڕەمزی بچووکی.

- ٣ -

لەم پارچە شیعرەدا شێخ ڕەزا دەڵێ:

ئەم سادە ڕوخانە لە مەلاحەت کە تەمامن
دەورت کە دەدەن، تەفرە مەخۆ، قەت مەڵێ ڕامن
گەه دۆست و وەفادار کەهێ دوژمنی خونخوار
دڵ نەرم دەبن گاه و گەهێ سەخت کەلامن
عاجز مەبە، نەک بۆ تۆ، وەفایان نییە بۆ کەس
مەعلوومە کە ئەم تاقمە وەک تاسی حەمامن

کۆمەڵێک کیژۆڵە لە جوانیدا هاوتایان نییە و کەس لە سەرووی ئەوانەوە نییە. پێویستە نازیان هەڵبگیرێ دۆست بن یا نەیار، چونکە ئەوەندە بەجوانی خۆیان دەنازن، بێ باکن و وەفایان بۆ کەس نییە، بەڵام لەبەر جوانی و شۆخییان دەبێ لە هەموو خراپەیێکیان خۆش بین.

نووکی خامەی من کە بێتە مەعنی ئارایی کەماڵ
خەت بەخەت ئیزهاری نەقشی سوورەتی(مانی) دەکا

بەئاشکرا دیارە دێرە شیعرەکەی نالی کە ناوی مانی بردووە بووە بەسەرچاوەی ئیلهامی شێخ ڕەزا چونکە ئەویش ناوی مانی هێناوە. وەک دەردەکەوێ وێنەکانی نالی بەداهێنانێکی زۆرەوە بەیاریکردن بەوشە و عیبارەتەکان شێخ ڕەزا دەیلێتەوە و دووبارەی دەکاتەوە.

- ٦ -

جوانانی کۆیە دڵی شێخ ڕەزایان سمیوە، ئارامیان لێ بڕیوە، هەموویان شۆخ و شەنگن، بەتایبەتی لە ناویاندا زیبا سەنەمێک، لەو غەزەلەیدا دەڵێ:

شاری کۆیە کە لەبالەب لە بوتی غونچەلەبە
گەر فەلەک لێی بگەڕێ مەنبەعی عەیش تەرەبە
دلبەرانی بەمەسەل هەروەکو ئەشعاری منن
کامی لێ ئەگری ئەبێژی ئەمەیان مونتەخەبە
غارەتی عەقڵی منی کردووە زێبا سەنەمێ
عاریزی ڕەشکی قەمەر، قامەتی نەخلی ڕوتەبە
نەوزەر ئاسا و، فەرەیدوون سیفەت و سەلم ڕەوش
شێرمانەند و سیاوەش وەش و خوسرەو لەقەبە
عاریز و غەبغەب و ڕوخسار و زەنەخدان و لەبی
نازک و تورفە و زێبا و بەدیع و عەجەبە
دلبەر و زەرکەمەر و جیلوەگەر و عیشوەفرۆش
سەروی سیمین بەدەن و شاهید و شیرین لەقەبە
زاڵم و دڵ شکەن و دۆست کوژ و خەسم نەواز
عیسەوی دین و موغ ئایین و فەرەنگی مەزەبە
سێوی داناوە لە ژێر لێو کە ئەمەم گۆی زەقەنە
زیوی خڕ کردووە وەک گۆ کە ئەمیشم غەبەبە
خواستی لێی ماچی (ڕەزا) کافرە نەیدا و وتی
ئەی خودا ئەم کوڕە شێخ زادەیە چەند بێ ئەدەبە



کچانی شاری کۆیە هەموویان جوانن، ناشیرینیان تێدا نییە، وەکو شیعری شێخ ڕەزا ئەوانیش هەموویان جوانن. لە ناو ئەمانەدا جوانێک هەڵدەبژێرێ وەسفی ئەندامی لەش و خوو و ڕەوشتی دەکا، هەندێ زاراوەی سۆفیزم بەکار دێنێ ئەو کچە لە سەرروو هەموو ئایینەکانەوەیە. لوتکەی داهێنانی شێخ ڕەزا ئەوەیە داوای ماچی لێ دەکا، کەچی ئەو بەهەوەسێکی کوردانە و ڕۆژهەڵاتییانە دەڵێ ئەم شێخ زادەیە چەند بێ ئەدەبە!

**وەسف**

هەرچەندە شێخ ڕەزا وەکو شاعیرانی دیکە چەند مەبەسێک لە شیعرێکدا کۆ دەکاتەوە، بەتایبەتی زۆر جار وەسف تێکەڵ بەمەبەسەکانی دیکە دەکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمێکی زۆری دەچێتە ناو وەسفەوە.

مەیدانی شیعری وەسفی شێخ ڕەزا زۆر فراوانە، وەسفی گەلێ شتی مەتریالی کردووە، بەدەگمەن ئەم دیاردەیەی شاعیر لای شاعیرە کلاسیکییەکان دەکەونە بەرچاو. ئەو وەسفی کەلاوە و کۆنە خانوو و ماین و ئێستر و کەڵەشێر و شەڕوشۆڕ تەنانەت هینەکەی ژنیش، ئەمەیان هەر مەپرسە، لەگەڵ گەلێک لە شتی دیکەش.

- ١ -

شێخ ڕەزا وەسفی شەڕێک دەکا عەشرەتەکانی جەباری و داوودە و کاکەیی لەگەڵ تاڵەبانییان کردووە، لەو شیعرەدا دەڵێ:

سێ عەشرەت بوون بەیەک تا ڕیشەمان دەرکەون بەعێلجاڕی
جەباری و داوودە و کاکەییکانی دایە ڕیزواری
قەسەمیان خوارد بەڕۆحی سەید براکە و گۆڕی خان ئەحمەد
بەکەللەی خووگ و شاخی گایی حوول و گۆشتی مرداری
دەبێ ئەمڕۆ بەجارێ قەتعی نەسڵی تاڵەبانی کەین
تەق و تۆقیان کە هەستا گوللە هەر وەک تەرزە داباری
سوارەی تاڵەبانی دەرپەڕین وەک ڕۆستەمی دەستان
فیراریان ئیختیار کرد سەیدەکانی باوە یادگاری
فیراری کاکەیی هەر نەیسە ئەمما گوێی فەلەک کەڕ بوو
لە جرت و فرتی ئاغای داوودە و ساداتی جەباری

بەمەکری ئەمڕەتێنێ حەز بکا هەر لێرە تا موکری
پەناهم دەی خودایە خاوەنی زۆرزانە ئەم ڕیشە
کە سەیرم کرد دەزانم شێخ لە من مەسرووورە یا عاجز
حەمەی وەستا فەتاح بۆ حاڵی من میزانە ئەم ڕیشە
هەزار هەوسار و دەسبەند و گوریسی لێ دروست ئەکرێ
بەسەد باتمان خوری گەر بیکڕی هەرزانە ئەم ڕیشە

شاعیر لەو شیعرەدا ڕیشی حەمەی وەستا فەتاحی کردووە بەجەوهەری ئەو مەسەلەیەی دەیەوێ لێی بدوێ. حەمەی وەستا فەتاح وەک دەروێشێک یا موریدێک ڕیشی بووە، بەلای شێخ ڕەزاوە ئەو ڕیشە بۆ چاکەی تەریقەت بەکار نەهاتووە، بەڵکو بۆ ساختەچییەتی و قوڵ برین بەکار هێنراوە، شێخ ڕەزا ئەم وەسفەی بۆ هەندێ لەو جۆرە شێخانە بەکارهێناوە بەناوی تەریقەتەوە لە بەرژەوەندی کەسێتی خۆیان گەڕاون. بەڕووکەش شێخ بوون، بەناوەڕۆک پێچەوانەی تیۆری و ڕەوشتی سۆفیزم بوون.

- ٦ -

پێوەندی نێوان حەسەن کەنۆش دەلۆبی (١٨٤٠-١٨٩٤) و کچی کە ناوی پیرۆز بووە (لە ١٩١١ کۆچی دوایی کردووە) لەگەڵ شێخ ڕەزا و شەڕەجنێوەکانیان بەشیعر لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا جێگەی دیاری هەیە.

لە بارەی ئەو کیژەوە شاعیر دەڵێ:

حەسەن کەنۆشەن، حەسەن کەنۆشەن
ئینە کناچەی حەسەن کەنۆشەن
کەللەش شڵەقیا و ناوگەڵش بۆشەن
کونای قیرینش داییم وە جۆشەن
کورکەش دێوانەی کەڵپوس نەدۆشەن
بەلۆکەش لۆلۆن چون گەدەی مێشەن
هەر لۆیێ جەویش چل کێر نە تۆشەن
دە لۆن هەر لۆیێ سەد کێر نە تۆشەن
وێنەی هەر وەفال هەر وە خرۆشەن



پەی کێر قەوی خەیلێ پەرۆشەن
بۆس و کەنار و خەڵوەتەش خۆشەن

واتاکەی:

(حەسەن کەنۆشە، حەسەن کەنۆشە
ئەمە کچی حەسەن کەنۆشە
کەللەی شڵەقاوە، ناوگەڵی بووشە
قوونی ڕەشە، هەمیشە بەجۆشە
میتکەی شێتی ئەوەی ناو چەرمی تیسکدارە
میتکەی لۆلۆیە (شفرەی هەیە) وەک گەدەی هەنگ
هەر لۆیێک لەوان چل کێری تێدایە
دە لۆی هەیە هەر یەکێکیان سەد کێری تێدایە
ئارەزووی گان دەکا و دەیخورێ
بۆ کێری ئەستوور و بەهێز بەپەرۆشە
ماچوموچ و تەنیایی لەگەڵیدا خۆشە)

شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی بەدیالێکتی گۆرانیی زمانی کوردی وتووە، لەسەر کێشی خۆماڵی و دە سیلابی وەستانی لە ناوەڕاستدایە، بەڵام وەکو دیارە جووت قافیە (مەسنەوی) نییە، وەک زۆربەی شیعری ئەم دیالێکتە، بەڵکو یەکێتی قافیەی تێدایە.

سەرچاوە لە ناوەوە هەیە گۆیا پیرۆز بەشیعرێک وەرامی شێخ ڕەزای داوەتەوە. لێرەدا تۆمارکردنی ئەو بەرهەمە ئەدەبییە کارێکی پێویستە چونکە سەرچاوە لەبەردەست نییە بەشێکی تایبەتی لەم کتێبەدا تەرخان بکرێ بۆ بەسەرهات و شیعری پیرۆز خان.

پیرۆزی حەسەن کەنۆش دەڵێ:

ڕەزا وە زەفتم، ڕەزا وە زەفتم
هیچ کەس نەکردە وە تەعدا زەفتم
دەمت وە مابەین چاڵ ئەشکەفتم
بچێ وە چاوتا بەکۆکی جەفتم
ترم تەمیرە تسم سازت بۆ
گوزم هەفتاوەی دەست نمازت بۆ

بچێتە ناو چاوت کلۆمی خواروخێچم
ترم تەمیرە، تسم مۆسیقاتە
قوزم ئاوی دەسنوێژتە
ئەمە چەند ماوەییێکە ئەحواڵت دەپرسم
لووتت بەقوونم، دەمت بەقوزم
بەو عەبا دڕاوەی لە بان شانتەوەیە
بەوەی لە نێوان سمی وەک کەڵەشێرت کە کرنووشی دەبەی
دوژمنی کۆنیش بۆ خوا با بێن بەشایەد
بەپێی عورف و عادەت دادگامان بکەن
ڕەزا لەم کارە پەشیمان دەبێتەوە
بەقوونی ڕەزا لە کوێوە دەست پێ دەکرێ
هەر لە منداڵییەوە تا ئێستا کردەوەت بووە
لەشی خۆت لە بان چەند کێرێک دیوە
هەموو ئیسلام بۆ خودا با بێن بەشایەد
دادگامان بکەن بەپێی قانوون
ئەو کاتە دەزانن ئێمە لە کۆنا دوژمن نەبووین
هۆی ئەم شیعرە بەدفەڕانە چییە
بێ گومان لەبەر دەردی هارییە
ڕەوشتی پیس و ئازاردانی خەڵک
بەڕاستی تەماشا کەن، خەتای کامەمانە
دیارە ڕوو ڕەشی خاس و عامن
ئەویان پشتاوپشت سواری کەر کرد
خۆڵ و دۆیان بەسەردا کرد و شاربەدەریان کرد
ئەی شێخی دینی باش ئەی شێخی دینی باش
مۆر هەڵکەنی دانا، پسپۆڕی هەموو زانستییێک
سەگی ددان گڕ، ئاشنای نەناس
لەبەرچی لە ڕێوڕەسمی ڕاستی دووری
تۆ لە تایەفەی شمری شوومی ئەلحەنناسی



گەماڵی گەورە! پاسی کێ دەکەی!
یازووغە تۆ کوڕی شێخ عەبدولڕەحمان بی
ڕیشت چو گەندە، مووی بەری قەحبەیە
حەیات لە تاڵەبانییان نەهێشت (ئابڕووت بردن)
بەهەر چوار مەزهەب دەبێ تۆ نەمێنی
ئای بۆ دەلاکێ سەرت بتاشێ
ڕیشت قوت بکا وەکو کلکی جاش
ڕەزا لەم کارە پەشیمان بەرەوە
بزانە خودا ڕەزای لەسەر چییە
بەخودات دەبەخشم (لێت خۆش دەبم)، بەڵام من دەتوانم
کەللەت بنێمە ناو هەردوو ڕانم
وەکو سەگی هار تا نەتخنکێنم
شەرت بێ کەللەتی لێ دەرنەهێنم
من تەقییەی شێخ عەلی دەمگرێ
ئەگەر نا دەتوانم لە حەق ڕەزا بێم
دیارە ڕەزا قوونی دەخورێ
بەم ڕەوشتە لە خشتە چۆتە دەرەوە
کۆمەڵێک لاوی دەنێرمە سەر
قوون و کیسەی گونی بکەن بەیەک
بۆ ئەوەی ببێ بەپەند و لەو کارە دوور بکەوێتەوە
لەبەر شێخ عەلی ئەوەی دەمەوێ بۆم ناکرێ
شێخ عەلی تۆ چۆن شێخی ئەم شارەی
ڕەزا نامووس و حەیای لا نییە
خەڵکی لە شێخ ڕەزا دڵیان ئێشاوە
بێ گومان تۆش لەبەر ئەو دڵت بریندارە
سەری پان بکەرەوە وەک ماری ژەهراوی
پەندی پێشینانە شەرعی مار دارە (مار بەدار دەکوژرێ)
ئەم شیعرەی پیرۆز لەسەر دەستووری گشتی شیعری دیالێکتی گۆرانی هۆنراوەتەوە،

کێشی ده سیلابییه و له قافیەدا جووت قافیه (مەسنەوی) بەکارهێناوه.

له دوای خوێندنەوەی ئەم شیعره لیریکییه درێژه، هەست بەوه دەکرێ بەرهەمێکی جوان کەوتۆته ناو ئەدەبی کوردییەوه. ئەو دەنگوباسه له ناوەوەیه گۆیا حەسەن کەنۆش شاعیر بووه، هەروەها پیرۆزی کچیشی دەستی شیعری بووه. شێخ ڕەزا شیعری داشۆرینی بەسەر کچی حەسەن کەنۆش هەڵداوه، بەشیعرێکی داشۆرین وەرامی دراوەتەوه.

بێ گومان وەرامەکه یەکێکیان دایانناوه باوک یا کچ! ناوەڕۆکی شیعرەکه ئەوه دەگەیەنێ پیرۆز شیعرەکەی هۆنیبێتەوه. وێنەی وا له ناو شیعرەکەدا هەیە پێوەندی بەئەندامه سێکسییەکانی ژنەوه هەیه و ڕستەکان ژن بەکاری هێناون. ڕەنگه ئەوه بوترێ مەسەلەیێک نییه هێنانه دی قورس بێ، چونکه پیاوێک دەتوانێ شیعرەکه بەو جۆره بنووسێتەوه وەکو ئەوەی دانەری ژن بێ. لێرەدا باوەڕ ناکرێ حەسەن کەنۆش هەموو ئەندامی مێیینەی کچی بەناوی کچەکەوه بخاته بەر لووت و دەمی شێخ ڕەزا بۆ سووک کردنی. هەرچۆنێ بێ، شیعرەکه وەرامێکی جوانه بۆ شێخ ڕەزا، ژنه شاعیرێکی کورد لەو ڕۆژگارەدا ئەم هەموو شەرم و عەیبه بکا بەقسەی جوان، ئەمه بەڵگەی پێشکەوتنی گیانی کۆمەڵی خوێندەواری کوردییه.

– ٧ –

درێژترین قەسیدەیێک شێخ ڕەزا نووسیبێتی ئەوەیه بۆ داشۆرینی کاکەیی و ئایینی یارسان هۆنیویەتییەوه. لەو شیعرەدا بەچاویلکەی تیۆرییەکانی ئایینی ئیسلام و تەریقەتی سۆفیزمی قادری تەماشای تیرەی کاکەیی و ئایینی یارسانی ئەهلی هەقیان دەکا. کردەوەی ناشیرین هەڵدەبەستێ له بابەت ڕەوشتی ئایینیانەوه، بەخراپه باس له نەریت و کردەوه و کەسە پیرۆزەکانی تیرەی کاکەییان دەکا. بەخەیاڵێکی ورد وەسفی ئەو شەوەیان بۆ هەڵدەبەستێ گۆیا چرا دەکوژێننەوه و دەکەونه ناو یەک ژن و پیاو شەلم کوێرم ناپارێزم. قسەی قورسی شێخ ڕەزایانه له قەسیدەکەدا هەڵدەڕێژێ بەم دێرانه دوایی پێ دێنێ:

کە ئەم وەعزەی تەواو کرد پیره ئاخوند
ئیتر هەر پف له شەمعه و تف له حەیتار
ئیتر هەر ئەتکی دین و کەسری نامووس
ئیتر هەر تەرکی شەرم و عیففەت و عار



ئیتر هەر لنگ دەبێته لام ئەلف لا
ئیتر هەر کێر دەبێته باسکی هەوجار
ئیتر هەر کومەزەی سمته دەسوورێ
بەسوورەی سەر خڕا وەک چەرخی دەووار
ئیتر هەر لێ بڕین و لێ خوڕینه
بەرەو ژوور و بەرەو ژێر و بەرەو خوار
ئیتر هەر دایکه پیره و هەڵئەنیشێ
بەکەللەی کێرەوه وەک ورچی سەردار
ئیتر هەر پاوەنەی زیوه و زڕەی دێ
لەبەر کوت پێوەدان دەخشی له دیوار
ئیتر هەر خەپلەیه وەک جاوی گازر
بەمەترەق دەیکوتن ساداتی ئەبرار
ئیتر هەر جێگه ماچه خوێن ئەوێستێ
لەسەر گۆنای سپی وەک سێوی خونسار
ئیتر هەر ناوگەڵی خووبانی بیکره
لەخوێندا سوور دەبی وەک بەرگی گوڵنار
ئیتر هەر کێره وەک پەیکانی گۆشتین
بەژێر بنیا دەچێ وەک پەڕڕی سووفار
ئیتر یاخوا نەسیبی دوژمنت بێ
برینی نێزه و نووزەی بریندار
عەموودێکم هەیه وەک تووڵی داوود
کوتامه ژێر بەلۆکەی دایه ڕیزوار
تسێکی کەند بەڕیشی سەی براکه
تڕێکی دا بەیادی باوه یادگار
له وەسفی کاکەیی گەر سەرفی عومرم
بکەم، ناکەم بەیانی عوشری میعشار

ئەم دیمەنەی شاعیر دروستی کردووه، لەوانەیه ڕووبدا، بەڵام نەک بەو شێوەیەی ئەو

هەمووو گیانلەبەرێکدا سەپاند، هۆزی کوللە بوو بەخاوەنی وڵات و بەئارەزووی خۆی ڕەفتاری دەکرد. شاعیر ڕوو دەکاتە خودا و دەپاڕێتەوە، داوای لەناوچوون و لەناوبردنی سوپای کوللە دەکا؛ چونکە:

تەمامی وڵات گشت ناڵا جە دەرد
جە جەفای مەلەخ کێشا ئاە سەرد
نیشتن پەی تەگبیر ئەشخاس بەدڵواز
واتن: هانامان بەرمێ وە شیراز
عەرزە نویسان وە هونا و دڵ
وە لای ئاینەمەل پادشای عادل
ئیپتداش وەنام کار سازکاران
گونا بەخشندەی گشت گوناباران
دەوڵەت دەهەندەی گشت شاهان تەمام
سنعەتکار جینس هەژدە هەزار عام
بەڵێ شازادەی ئێرانی نەسەب
جەیحوون سپاسان ئاینەمەل لەقەب
فریشتەی فەڕت فزوون ئیقباڵ بۆ
دۆستت شادمان دوژمنت لاڵ بۆ
جە دەور گەردش تا کەی بێ باکی
ئەرسەد سپاهدار هەم سامناکی
نەمانت نە گۆش چون سەرسەری باد
زەمزەمەی شەیپوور سوپای شای جەڕاد
تەمامی وڵات گشت یەختەسارەن
نە جەور مەلەخ ئاڵەم بێزارەن
هەر جە ئەسەمووڵ تاکە (میسر و شام)
خاک ئەرزەڕۆم تەمامی تەمام
بایەزید و تفلیس مەحاڵانی وان
(فارس و ئەنادۆڵ تا موڵک ئێران)



دەوڵەتسەرای ڕۆم ئەرمەن و ئینگلیس
ڕووسیە و قەفقاس سیواس و بەدلیس
سەرحەد سەرحەدان عەرەب تا عەجەم
شای مەلەخ وە جەور گشت ماڵا وەلەم
تەورێز و تاران بەغدا و حەڵەب شار
تا وە دیاربەکر کەردش یەختەسار
هەولێر و مووسڵ گرد بەرباد کەردەن
ئاییر جە دەروون کەرکووک ئاوەردەن
ڕەواندز هەتا (خانەقی و زەهاو)
(مەندەلی و بەسرە) یەکسەر داچەپاو
پارچەی قەرەداغ تا وە شارەزوور
چەنی سلێمانی گرد کەردەن خاپوور
وێران کەرد لهۆن مڵک هەورامان
نەتەرسا جە زۆر سەڵتەنەی سانان
سەنگەر وەست وەپای سەخناخانی سەخت
وێران کەرد مەحاڵ هەورامان تەخت
مەزرەعەی مەحاڵ کاشتەر جە بیخ کەند
تەپڵ هەی تالان جە ژاوەرۆ ژەند
لەرزا جە سامش قوللەی سەر بەرزان
ڕێزا جە زۆرش گەڵای سەر تەرزان
کۆماسی وێران تا کەڵا تەرزان
سەقز شێونا مەریوان ناڵا
زوڵمش جە سەقف گەردوون و ناڵا
مەحشەر نمانا وەخاک بانە
ساوجبلاغش کەردەن وێرانە
غارەت دا وە تەخت مڵک سنە شار
بنار لەیلاخ مەنزڵ دا قەرار

ناحیەی سوور سوور تا دێهات لۆن
دێهاتی ئەو گشت کەرد وە دەرەکۆن
ئەلکە و بێڵەوار قۆشەن کەردش پەی
کەنووڵە وێران کەرد وە دەشتی ڕەی
کوردستانش کەرد وە خاک نەیکۆ
خوسووسەن بلووک خاکی جوانڕۆ
مایدەشت چون چووب تەختەی تەڕتاشان
غەزەب گرت نە دەور شار کرماشان
سەرپێل و قەمسەر، قەسر تا ڕاوەند
ماڵاش تا قەڵای شاری نەهاوەند
خاک لوڕستان وە توورەکە بەرد
پشتکۆ و ئێلامش تەمام وێران کەرد
خەراب کەرد هەرسێن هەتا وارماوا
با ساوڵش وە شار هەمەدان باوا
ئیرادەش تەسخیر مڵک ئێرانەن
قەسدش تەسەرروف بێشەی شێرانەن

له پاش ئەوەی شاعیر هەموو شتێک لە بارەی زۆر و ستەمی کوللەوە ڕوون دەکاتەوە بۆ شای هۆزی ئاینەمەل لە شیراز، ئەوەی تێ دەگەیەنێ کە کوللە تەنیا بەوەی داگیری کردووە ناوەستێ، بەڵکو وڵاتی ئەویش داگیر دەکا، ئینجا نامەکە بۆ شیراز دەنێرێ. شای ئاینەمەل لە کردەوەی کوللە تووڕە دەبێ، ئەنجومەن دەبەستێ، ڕوو دەکاتە وەزیر و فەرمانی بۆ دەردەکا:

دییا پەی وەزیر سەردار ئەکرەم
فەرما: سوپاهدار سوپا کەرۆ جەم
جە کەردەی مەلەخ هەناسەم سەردەن
ماچان ئێرانش یەختەسار کەردەن

شای ئاینەمەل پۆستەچی بۆ هەموو هەرێم و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی ڕەوانە دەکا. لە هەموو لایێک لەشکر کۆ دەبێتەوە، ئاڵا هەڵدەکرێ، مۆسیقا و تەپڵ و نەقارە، عەرش و



قورش دەهەژێنێ، جەنگ لە دژی فەرەنگ (کوللە) جاڕ دەدرێ. تیپ-تیپ لەشکری ئاینەمەل دەکەوێتە ڕێ، بەرەو دەشتی ڕەی. قۆناغ بەقۆناغ، شەو و ڕۆژ بەبێ حەسانەوە دەڕۆن هەر دەڕۆن، بەباڵەفڕێ، تا پێشەنگی لەشکر دەگاتە پەڕاو، لەشکر شەوێک لەوێ لادەدا. ئیتر دەکەوێتە سۆراغی شای کوللە، هەر تیپێک بەلایێکدا دەچێ، بۆ ئەوەی شای کوللە بدۆزنەوە، ئەو تیپەی ڕوو لە پاوە دەکا، هەموو کون و کەلەبەرێک دەگەڕێ، تا بارەگای شای کوللە دەدۆزێتەوە. ئینجا لەشکری ئاینەمەل دەگاتە شاری پاوە و ئۆردوگای خۆی هەڵدەدا:

سوپا گشت یەکسەر هۆردا بەیداغان
پۆشا کەش و کۆ و سارا و سەرزاغان
چاوشان ئەوسا گرتشان ڕاحەت
ژەندەن مەقامات بەزم ئیسراحەت
گرینگەی کەمانچە زیڕە و زرینگەی تار
وێنەی زێڵەی زەنگ زایەڵەی زەوار
کزەی مووکەشان دەروون مەکەرد چاک
ناڵەی نەوای نەی مەنیشت وە ئەفلاک
موغەننی و موتریب هەر کام پەرێ وێش
هۆر کێشان نەغمەی داوودی و دڵکێش
ڕەقس و ڕەققاسان لەنجەی دڵوازان
قوواقووی قازان زەمزەمەی سازان
شا هۆر داوە دەنگ بسات ئەو شەو
چون بەزم شیرین زەمزەمەی خوسرەو

بۆ ڕۆژی دوایی، شای ئاینەمەل فەرمان بۆ وەزیری دەردەکا، بۆ ئەوەی نامەیێک بۆ شای کوللە بنووسێ و ناڕەزایی شای ئاینەمەل دەربڕێ لە کردەوەی ناهەمواری کوللە.

پۆستەچی نامە بۆ شای کوللە دەبا، شای کوللە فەرمان بۆ سکرتێری دەردەکا و دەڵێ بۆ شای ئاینەمەلی گەوج و بێ هۆش بنووسە کە من ئامادەم سبەینێ بۆی بچمە مەیدانەوە، نیازم داگیرکردنی شاری شیرازە. لە پاش ئەوەی شای کوللە نامە وەردەگرێ فەرمان دەدا کە جەنگ جاڕ بدرێ:

سوپا چون جەیحوون دەردەم خرۆشا
وێنەی هەورکێن ڕووی سەما پۆشا
هەوا بی وەگەرد خورشید شەردەوە
ڕۆی مەحشەر جە یاد عالەم بەردەوە
چاوشان داشان نە جەنگە نامان
قەزا نیشت وە سەر قەدەر وە دامان
تووا تووی عەزیم بەرز بی وە بالآ
سەما سەدەق وات سەر زەمین نالآ
ماشەڵڵا جە تاو تاب ئاینەمەل
وەه وەه جە شانای شاب ئاینەمەل
واوەیلا جە ژار مار ئاسای مەلەخ
وا جە زۆر و سام فڕەی بای مەلەخ
ئاینەمەل وەچنگ مەودای جەرگ بڕ
مەلەخ وە بادەی ژاری دەروون دڕ
ئاینەمەل وە شاپ مینقار پڕ قین
جەڕاد لەت مەکەرد ماما وە زەمین
پەی پەی پەیاپەی مامان وە هەمدا
دنیا پۆشیا نە تۆز و تەمدا
گرمەی گەبرگان زەمزەمەی ناقووس
شریخەی شەیپوور ناڵەی بووق و کووس
سەدای سەوز و ساز زایەڵەی سەمتوور
بەیزا سیاکەرد سوپا کەرد دەیجوور
مەلەخ فوارەی ژار هەلاهەل
مەدانە ڕووی زام جەرگ ئاینەمەل
ئاینەمەل وە زۆر زەربش وە شانا
جەڕاد (لاتَخَفْ واضْرِبْ) مەوانا
داوا وەی تەورە نامان وە هۆشم
نەدیەنم وەچەم نەشنەفتەن گۆشم



مەرجە نۆ ڕۆستەم وە ڕەخش بۆ سوار
ڕوو بنیۆ پەی جەنگ نە ڕووی کارزار
یاخود کەیخوسرەو وە تەعجیل و تاو
ئامان پەی نە بەرد شای ئەفراسیاو
پاشای ئەسکەندەر جەمشێد و دارا
تیپ تیپ هەفت لەشکر لە ڕەی و نارا
سێ ڕۆژ تا ئێوار ئاشووب و جەنگ بی
هەوا زوڵومات چون شەوە زەنگ بی
مەلەخ زۆر ئاوەرد چون جۆشی جەیحوون
سوپای ئاینەمەل ڕەژیا چەنی هوون
پەی دەفع تاڵی ژار مەلەخ تاو
هۆر گێلا دما ڕوو کەرد وە سەراو
نە ڕووی وێش کێشا یەکسەر وە ئاودا
دووبارە هەنی پەی مەلەخ تاودا

لە ئەنجامی جەنگدا، قڕ دەکەوێتە کۆمەڵی کوللە و هەموویان لەناودەچن و دانەیێکیان لێ ڕزگار نابێ:

ئاینەمەل وێڵ وێڵ مەگێلا ئەنقەس
مەلەخ پەی دەرمان هیچ نەگنیش وەدەس
بووڵ وە یاگەی تەخت شای مەلەخ شانا
حەمد خوداوەند بێ هەمتا وانا
گێلاوە دما وە زەوق و شادی
چاوشان ژەندەن تەپڵ ئازادی
شا چەنی سوپا سەروەش وە دڵشاد
خەرمان غەمان یەکسەر دان وەباد
شانیشت وەسەر تەخت پادشای جەڕاد
جەم بین نە دەورش ئەمیران وە شاد
فەتحنامەش کیاست وە ئەترافدا
وە هەر هەفت ئیقلیم قوللەی قافدا

جەودەما خێزا واتش: ئەی یاران
بابشین وە پای سەهەنداران
دیا چێش قوشەن یەکسەر تەمامەن
فەرما: تووت تەڕ دەرمان زامەن
هەرکەسێ پەی وێش دەس کەرد وەچەپاو
هیچ نەبێ وە تەنگ حەساو وەکیتاو
یاران بەنامەی نەهاتی یاوەن
مەعلووم نامە دیش جە لای خوداوەن

بەم جۆرە کۆمەڵی کوللە دوایی دێ، شادی و خۆشی دەکەوێتە ناو کۆمەڵی ئاینەمەل و دەست دەکەن بەتووخواردن. لە پاشانا، بەسەرکەوتوویی دەگەڕێنەوە شیراز. ئینجا شاعیر بەموناجات دوایی بەچیرۆکە شیعرییەکەی دێنێ و ئەوە دەردەخا کە لە ئەنجامدا هەر ڕاستی و دروستی سەردەکەوێ:

فایدەش نەکەرد سوودێ نەدا پێش
گێلاّ و نۆشش کەرد وە دڵوازە وێش
تەمامی باغات جە سەر تا دامان
داگیر کەرد یەکسەر سوپای بێ سامان
سەروازان هەڵمەت پەرێ تووت بەردەن
هەر تا تاواشان نۆش گیان کەردەن
بازیانەی سوپای ئاینەمەل ئاوا
چون تەنیا چەند ڕۆمدرا جە ماوا
ناگا وە فەرمان شای والا تەبار
سوپا گێلاّوە پەرێ شیراز شار
ئەوشی پەی زێدش خواش بۆ چەنی
ئەمن مامەوە پەی زوڵمی هەنی
گشت وە دەست تۆن دانای کولل حاڵ
مەلەخ پەی مەردم کەردی وە زەواڵ
ئاینەمەلت کەرد وە زەواڵ ئەو
ڕۆی ڕۆشن کەرد لێش وە تاریکە شەو



ئومێدەن وە تۆ کەرەم فراوان
گۆشەی لوتف تۆ پەی گشت کەس یاوان
مەعلووم هەر زوڵمێ زەواڵێ دارۆ
هەر تۆز و گەردێ شەماڵێ دارۆ
هەر شادی و شەوقێ شینێش هانە شۆن
تەنیا بێ زەواڵ زات پاکی تۆن
سیوای زات وێت شاه بێ زەواڵ
نە شۆر نە شیرین نە ترش و نە تاڵ
ماباقی عالەم وێرانەن ماڵش
هەر کەس کەسێوەت کەرد وە زەواڵش
ئافەریدەی جینس ئەشیا گرد تۆنی
نە هەرجا هەنی نمەز چە کۆنی
ئەرسەد هەم عاسی، هەم گونام بێ شۆن
(قادر) ئومێدش وە ئەلتاف تۆن

بەرهەمی چیرۆکی شیعری "جەنگی کوللە و ئاینەمەل"ی قادر داهێنانێکی ئەدەبی پڕ مانا و گوڵێکی جوانە، بۆن و بەرامەییێکی تایبەتی هەیە لە باغچەی ڕەنگین و بێ هاوتای ئەدەبی کوردیدا.

## سەما و زەمین

وەک نەریتێک قادر سەرەتای پۆێمەکەی بەموناجات دەست پێ دەکا. لە ڕووی قەوارەوە ژمارەی دێرە شیعرەکانی گەیشتوونەتە دەوروبەری دوو سەد دێرە شیعر. چیرۆکەکەی لەسەر بنچینەی دیالۆج لە نێوان زەوی و ئاسمان بەشیعر هۆنیوەتەوە لەسەر شێوەی بەند (کۆپلە). هەر بەندی یەکێکیان قسە دەکا و ئەوی دیکە وەرامی دەداتەوە.

سەرەتا بەم دێرانە دەست پێ دەکا:

یاران زەمینەن یاران زەمینەن
سەیر گفتوگۆی سەما و زەمینەن
موقەددیمە تەرح بەزم ڕەنگینەن
مەعرەکەی مەساف دنیا و هەم دینەن

باس فـــەزیلەت بەین وێشـــانەن
نمەز تا ئاخـــر هەق وەکـــێـــشـــانەن

ئاسمان قسە دەکا، ئەوە دەردەخا کە بەزەیی بەزەمین دێتەوە چونکە بێ ڕێزی و پیسایی و کرم و ماری تێدا دەژی، جێی گوناهبار و شەرمەزارانە. پێی دەڵێ دڵم بۆ تۆ سووتاوە وەرامم بدەرەوە!

زەوی وەرامی دەداتەوە و بەئاسمان دەڵێ تۆ هەرزەگۆی و کەم هونەری. تانە لە من مەدە، من خاکم ترسی خودا لە دەروونم دایە. سەربەرزم میوەی ڕەنگاوڕەنگ و ڕووەکی زۆرم هەیە، هەنجیر و زەیتوونم هەیە. لە تووری سینا گفتوگۆ کراوە، نەوەی ئادەم لای منن، جەوا و خەزینەی عالەم لە ناو من پارێزراوە، ئادەم پێغەمبەر لە باوەشی مندایە.

ئاسمان وەرامی دەداتەوە و دەڵێ: تۆ جێگەت سەختە، من جێی مەلایەکەتانم. خودا هەموو قسەکانی لێرەوە بۆ لای تۆ ناردووە. من وێنەی گەورەییم، تۆ وێنەی بەندەیی. من با و باران دەنێرم و کێڵگە و میوەت پێ دەگا. من ئەسڵم تۆ فەرعی، ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە لای منن.

زەوی وەرامی دەداتەوە: ڕووناکی مانگ و خۆر بەتۆ چی ئەمە دیاری پاشای گەورەیە، خودا ئادەمی خوڵقاندووە. لای من پیر و دانایان دەژین.

ئاسمان دەڵێ: تۆ حەددت نییە بەم ڕەنگە قسە لەگەڵ مندا بکەی. من مەسجیدولئەقسا و سیدرەتولمونتەهام داوە، لەوح و قەڵەم و کورسی لای منن، تۆ جێگەی ڕێگر و شەرمەزارانی.

زەوی لە وەرامدا دەڵێ: ڕاستە تۆ جێی مەلایەکەتانی، بەڵام من جێی ئادەم و سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەرم، جێی پیاوچاکانم.

ئاسمان لە وەرامدا دەڵێ: من خاوەنی بەهەشتم، هەزاران حووریم هەیە، مەلایەکەتەکان لای منن، سەرچاوەی ئاوی سەلسەبیل لای منە.

زەوی دەڵێ: ئاسمان خۆت بێ ئەقڵ مەکە، لە قسەی خرفاوان دوور بکەوە. من کێوی عەرەفات و سارای شام و کەعبەم هەیە، مەککە و سەرچاوەی زەمزەم و بەردەڕەشم هەیە، مەدینە و ئیمامی شافعیم هەیە.

ئاسمان دەڵێ: من بەیتولمەعموورم هەیە، لە زاتی کردگار نزیکم. خاک تەماشاکە چەند بێ ڕووناکی، چەند لە خوداوە دووری، هەمیشە لە سایەی منی، من بەهەشتم هەیە، تۆ دۆزەخت هەیە.



زەوی دەڵێ: من کانی مەعدەنم، سەد پلە لە تۆ شەریفترم، من جێی پێغەمبەرم، کردگار گەردوونی بۆ ئەو دروست کرد.

ئاسمان لە ترسان سەری دانواند و لە قسەکانی پەشیمان بووەوە. بەزەوی وت: ئافەرین بۆ هۆش و زانابیت، ڕەحمەت لەو مامۆستایەی فێری کردووی.

قادر بەزمانی ئاسمانەوە دوایی بەپۆیێمەکەی دێنێ:

زەمین تۆبە بۆ هەنی نەکـــەس باس
تۆ پارچەی ئەتلەس من سیـــا پەڵاس
هیچ مـەشۆ وەشۆن کـەردەی ناکـەردە
بوویەر جە تەقسیـر کـەردەی وەیەردە
ئەگـەر ئادەمـەن وەگـەر هەم خـاکـەن
ئەگـەر لا مـەلاییـک وەگـەر ئەفـلاکـەن
گـشت هەر حـەزرەتەن دایم پەنامـان
مەبۆ جە مەحشـەر شەفاعەت خوامان
عـالەم گـشت وە ئەو ئومـێـدەوارەن
مـــوخـــتـــار دیوان دارولقـــەرارەن
(قـادر) وە سەرگەرد ئەبرۆی تاقش بۆ
فـــیـــدای گـــەرد سم پای بوڕاقش بۆ
هەرچەند عوسیانم جە حەد بەرشیەن
ژمـارەی دەفـتـەر حـەساوش نیـەن
شـووم بێ عـەمـەل هەم بێ تـاعـەتم
ئومـێـدم ئادەن پەی شـەفـاعـەتم

ئەم پۆیێمە وا دەکەوێتە بەرچاو قادر بەتەواوی بەرهەمی شیعری بۆ مەبەسی ئایینی تەرخان کردبێ، بەتایبەتی لە دیوانیدا بایەخێکی زۆری بەموناجات داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قادر شاعیری دڵداری و جوانی و کۆمەڵایەتییە. هەرچی ئەم پۆیێمەشە ناوەڕۆکی ئەوە دەخوازێ بایەخێکی زۆر بەڕووداو و دەستوور و شەریعەتی ئیسلام بدرێ، لەمەدا شاعیر لە ڕووی هونەرییەوە سەرکەوتووە.

***

له ده دێره‌وه تا سێزده دێره زۆر زیاترن، له‌مانه دوازده دێری و سێزده دێرییه‌کان ژماره‌یان له ده دێری و یازده دێرییه‌کان زیاتره. ئه‌گه‌ر له پازده دێره‌وه به‌ره‌و ژوور به‌قه‌سیده حسێبیان بکه‌ین، له ناو دیوانی حه‌ریقدا حه‌وت هه‌شت قه‌سیده ده‌بینرێن کورتترینیان پازده دێره و درێژترینیان بیست و نۆ دێره شیعره.

## شیعری هه‌ردوو دیالێکتی کرمانجی باشوور و گۆرانی

حه‌ریق شاعیرێکه سه‌ر به‌قوتابخانه‌ی کلاسیکی کوردستانی باشووره، به‌دیالێکتی کرمانجی باشوور شیعری نووسیوه، شاره‌زایی له شیعری دیالێکتی گۆرانی گۆرانزه‌مین بووه. شیعری نالی و شاعیرانی پێش خۆی هه‌وێنی بنچینه‌یی شاعیرییه‌تی بوو، به‌ڵام چێژی له شاعیرانی گۆرانزه‌مین و به‌تایبه‌تی مه‌وله‌وی وه‌رگرتووه.

قه‌سیده‌یێکی ڕه‌ندی به‌دیالێکتی گۆرانی هه‌یه و هه‌موو ده‌ستووره‌کانی ئه‌و جۆره شیعره‌ی به‌کارهێناوه وه‌ک کێشی خۆماڵی ده سیلابی و قافیه‌ی مه‌سنه‌وی (جووت قافیه).

## کێشی شیعری

له بابه‌ت کێشه‌وه به‌شی هه‌ره زۆری به‌رهه‌می حه‌ریق له‌سه‌ر به‌حری هه‌زه‌جی عه‌رووزییه، که‌متری له‌سه‌ر به‌حری ڕه‌مه‌له. له به‌حره‌کانی دیکه‌ی عه‌رووز ته‌نیا دوو شیعری له‌سه‌ر کێشی موزاریعن و یه‌کێکیشیان له‌سه‌ر به‌حری موجته‌سه.

## قافیه‌ی شیعری

حه‌ریق له ڕووی قافیه‌وه پێڕه‌وی ده‌ستووری شیعری کلاسیکی کردووه، هه‌موو شیعرێکی یه‌کێتی قافیه‌ی تێدایه، واته هه‌موو نیوه دێره دووه‌مه‌کانی پارچه‌ی شیعر له‌گه‌ڵ نیوه دێری یه‌که‌م هه‌موویان له‌سه‌ر یه‌ک قافیه‌ن. شاعیر له ده‌نگه‌کانی ئه‌لفوبێی کوردی و عه‌ره‌بی به‌شێکی که‌می هه‌ڵبژاردووه و کردوویه‌تی به‌قافیه. ده‌نگه‌کان ئه‌مانه‌ن (ا، ت، د، ر، س، ش، م، ن، ه، ی، ێ) لێره‌دا ده‌بینین شاعیر تخوونی ئه‌و ده‌نگانه نه‌بووه که تایبه‌تین به‌کوردی وه‌ک (پ، چ، ژ...) ته‌نیا «ێ» نه‌بێ، یا ئه‌وانه‌ی تایبه‌تین به‌عه‌ره‌بی وه‌ک (ث، ص، ط...). جگه له‌مه حه‌ریق له شیعری عه‌رووزیدا جووت قافیه‌ی به‌کارهێناوه (مه‌سنه‌وی) ئه‌مه زۆر که‌م به‌رچاو ده‌که‌وێ له شیعری کلاسیکی کوردیدا.



## هونه‌ره‌کانی شیعر

حه‌ریق له هونه‌ره‌کانی شیعردا ده‌وڵه‌مه‌ند نییه، به‌زۆری بایه‌خی به‌پارچه غه‌زه‌لی کورت داوه (لیریک) هه‌روه‌ها له دیوانیدا پارچه شیعری درێژیش به‌رچاو ده‌که‌وێ، جگه له‌مه حه‌ریق کۆمه‌ڵێک چوارین و تاکی (فه‌ردی) هه‌یه.

## وشه و ته‌عبیر و ڕه‌وانبێژی

که‌سایه‌تی شیعری یا شێوازی تایبه‌تی حه‌ریق له ته‌رکیبی هونه‌ری ناوه‌وه‌ی به‌رهه‌می به‌دی ده‌کرێ، ئه‌م خاسیه‌ته تایبه‌تییه‌ی له ناو دوو هه‌لی شیعریدا ده‌بینرێ:

(أ)- شاعیر وشه‌ی ساکار و مانا ئاشکرا به‌کار دێنێ، ئه‌گه‌ر وه‌کو شاعیرانی کلاسیکی دیکه‌ی کوردیش وشه‌ی بێگانه له ناو شیعریدا به‌رچاو بکه‌ون و له فه‌رهه‌نگی زمانانی نه‌ته‌وه موسوڵمانه‌کانی ده‌وروبه‌ر وه‌رگیرا بن، حه‌ریق له هه‌ندێ له شاعیرانی تر له‌م لایه‌نه‌وه جیا ده‌بێته‌وه به‌وه‌ی زۆربه‌ی ئه‌و وشه بێگانانه خه‌ڵکی کورد ئاشنایه‌تی له‌گه‌ڵیاندا هه‌یه، واته کوردێکی نیمچه خوێنده‌وار ده‌توانێ به‌بێ فه‌رهه‌نگ له وشه و ماناکانی شیعری حه‌ریق بگا.

له بابه‌ت لێکسیکۆنه‌وه که ته‌عبیر یا ڕسته له لای حه‌ریق ده‌گرێته‌وه ڕه‌نگدانه‌وه‌ی وشه‌کانییه‌تی. ئه‌و ته‌عبیرانه نوێ و جوان و داهێنراون خوێنه‌ری شیعر زوو تێیان ده‌گا.

(ب)- ڕه‌وانبێژی به‌مانای ئه‌و جوانکارییانه‌ی له شیعری کوردی به‌کارهێنراون حه‌ریق زێده‌ڕۆیی تیایاندا نه‌کردووه. له لایێکی دیکه‌وه بێ گومان وێنه‌ی ئاماده‌کراوی شاعیرانی پێش خۆی به‌کارهێناوه، له هه‌ندێکیاندا وه‌ریگرتووه و له هی تریاندا بووه به‌سه‌رچاوه‌ی ئیلهام بۆ شیعرێکی تازه، به‌ڵام داهێنانی خۆشی لێره‌دا به‌رچاو ده‌که‌وێ، له ڕه‌وانبێژیدا زیاتر بایه‌خی به‌ته‌شبیه و جیناس و ئیستیعاره داوه.

## نامه‌ی شیعری

حه‌ریق نامه‌ی شیعری هه‌یه. هه‌ر که‌سێک نامه‌ی بۆ نووسی بێ، یا خۆی نامه‌ی بۆ خه‌ڵکی نووسی بێ به‌شیعر وه‌رامی داوه‌ته‌وه، له‌مانه ئاڵوگۆڕی نامه‌ی هه‌یه له‌گه‌ڵ میرزا له‌تیفی قازی. له ساڵی ١٨٧٨ که شێخی بورهان له حه‌ج گه‌ڕاوه‌ته‌وه شیعری بۆ نووسیوه. جگه له‌مانه نامه‌ی شیعری هه‌یه بۆ کۆمه‌ڵێک که‌سانی دیار له ناو خه‌ڵکی کورده‌واریدا، له‌وانه سه‌ید ڕه‌شیدی شاعیری هاوڕێی، مه‌لا عه‌زیزی موفتی سلێمانی،

مەلا حەسەنی قازی (سەیفولقوزات)، مەلا ئەحمەدی ڕەببانی کە بە(مەلای سوور) ناسراوە، قازی مونعیم و... هتد. ئەو شیعرانەی لە ناو دیوانیدا تۆمار کراون.

## ناوەڕۆکی شیعری

سنووری ناوەڕۆکی شیعری حەریق لە لای هەموو شارەزاییێکی شاعیر کێشراوە، لە ناو بازنەییێکی بچووک و تەسک حەشار دراوە. گومان لەوەدا نییە حەریق ئەمەی بۆ ئەوە بووە لە بابەت لایەنی هونەرییەوە لە بەرهەمی شیعریدا سەر بکەوێ، لەبەر ئەوە گوێی نەداوەتە مەبەسە کلاسیکییەکانی شیعری شاعیرانی پێش خۆی. هەندێ لە مەبەس و هونەرە شیعرییەکان لە بەرهەمیدا بەرچاو ناکەون، وەک تەرخانکردنی شیعرێک بۆ پێداهەڵدان و ستایش و داشۆرین و مەبەسی دیکە، بەڵام شاعیر مەبەسە بنچینەیییەکانی شیعری نەخستۆتە پشتگوێ. ئەوانەی کە پێویست بێ لە سەرووی هەموویانەوە بایەخی بەدڵداری داوە، دیارە ئەمە وەسفیش دەگرێتەوە. هەر چۆنێ بێ دەتوانرێ مەبەسەکانی شاعیر لە ناوەڕۆکی شیعریدا لەم خاڵانەی خوارەوە بکەوێتە بەرچاو.

### شیعری ئایینی

بەشەکانی شیعری ئایینی لای حەریق ڕوون و ئاشکرا نییە، ناوەڕۆکی بابەتەکانی هەیە، بەڵام شیعری تایبەتی بۆیان تەرخان نەکردووە، واتە موناجاتی کردگار و نەعتی پێغەمبەر و ستایشی گەورە پیاوانی ئایین و شێخ و موریدانی تەریقەتەکانی سۆفیزمی تێکەڵ بەیەکتری کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا لەناو دیوانی شاعیردا خوێنەر دەتوانێ لیریکێکی حەریق بدۆزێتەوە نموونەی شیعری ئایینی بێ لە نەعت. ئەو شیعرەی بەم دێرانە دەست پێ دەکا:

بەو نووره لە زاهیر بوو لەسەر ڕوویی موحەممەد
عالەم هەموو ئاشوفتە بوو وەک مویی موحەممەد
مەخجوول و سەرئەفگەندەیە نەسرین و وەنەوشە
بۆ موویی سەمەن بۆیی دوو گێسوویی موحەممەد

بەم دێرانەش دوایی پێ دێنێ:

عالەم وەکو من جەرگی بڕاوە بەنیگاه و
ڕەم کردن و ئیستادەنی ئاهوویی موحەممەد



ڕووح و دڵ و دینت هەر بەهەرسێکی (حەریقی)
سەرفی کە لە ڕێی وەسف و سەناجۆیی موحەممەد

### شیعری دڵداری و وەسف

وەکو هەندێ شاعیرانی دیکە حەریق زۆربەی شیعری لە بارەی دڵداری و ئەڤین و عیشقی مەجازییەوەیە. ناوەڕۆکی وەسفی بۆ شیعری دڵداری بەکارهێناوە، دیاردە و دیمەنی سروشتی بۆ ئەو جۆرە شیعرە دۆزیوەتەوە. هەندێ جار لە ناو ئەم چەشنە شیعرانەدا هەست بەتەمومژی سۆفیزم دەکرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دلبەر هەر ئەو کچە جوانەیە کە مایەی ماچوموچی دڵدارییە.

حەریق ئەو جۆرە شیعرانەی بەوێنەی ڕەشبینی هەڵقوڵاوی دەروونی ئادەمزاد ڕەنگڕێژ کردووە. باس لە خەفەت و نائومێدی دەکا، لە ڕەوشت و ئەخلاق دەدوێ، خراپە و ناڕەوایی پیشان دەدا، لەمە پەیکەرێکی نایەکسانی دەخوڵقێنێ. گەردوون (فەلەک) دەکا بەخاوەنی ئەم هەموو ناخۆشی و پەژمردەیییە.

هەندێ جار لە وێنە شیعرییەکانی حەریق بۆچوونی فەلسەفی و میتافیزیکی سۆفیزمی هەوای ڕۆمانتیکییانە دروست دەبێ. باوەڕکردنی حەریق بەچارەنووس (قەدەر) سەرچاوەی هەموو ئەو وێنە شیعرییانەیە. ئەم وێنانە لە ڕووی ئیستێتیکییەوە هەڵدەسەنگێندرێن، زانستی کۆمەڵایەتی ناتوانێ بڕیاری «هەڵە» یا «ناشیرین»ی بەسەریاندا بسەپێنێ چونکە لە قسەی ڕاست و لۆجیکی و ماقووڵ چوونەتە دەرەوە و قاڵبی جوانکارییان وەرگرتووە، لەبەر ئەوە پەسەندە، با لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوەیە کەموکووڕی تێدا بێ و ناماقووڵ بێ.

لە بارەی قەوارە و ژمارەی شیعرەکانییەوە ئەوەی لەبەردەستمان دایە بەشێکی بەرهەمی حەریقە، گومان لەوەدا نییە کە بڕێکی لەناوچوون.

### دڵداری زەمینی و ئاسمانی

لە شیعری دڵداری حەریقدا بەگشتی نهێنییێک هەیە لە لای شیعردۆستی ئاسایی ئاشکرا نییە. بەزۆری حەریق دەیەوێ خۆی بسەپێنێتە عیشقی خودایی (حەقیقی)، وەک چۆن پێوەندی پراکتیکی لەگەڵ تەریقەتی سۆفی نەقشبەندی هەیە دەیەوێ لە ڕووی تیۆرییەوە ئەوە دەربخا عیشقەکەی ئەو حەقیقییە، لەبەر ئەوە یارەکەی لە هەندێ لە شیعرەکانیدا لە نێرینەیی و مێیینەیی دەچنە دەرەوە و دەبن بەنموونەی بەرهەمێکی

ئیدیۆلۆجییەتە سۆفیزمییەی بگونجێ کە شاعیر باوەڕی پێی هەیە. بەهەموو شێوەییێک ئەو داهێنانە لە ڕستەییێکی هونەری لە ڕووی جوانکاری شیعرییەوە وەک قسەی نەستەقێک یا پەندی پێشینانێک دەکەونە بەرچاو و نرخی مانای فەرهەنگی و زاراوەیی و ڕەوانبێژییان دەمێنێ و داهێنانی جوانکارییان تێدا دەبێ.

– ٤ –

حەریق بەردەوامە لەسەر گازاندەکانی لە ڕۆژگار:

موعتادی فەلەک داییمە هەر جەور و جەفایە
خۆ خاسسە لەگەڵ ئەهلی زەکایان بێ وەفایە
یا ڕەببی ڕەقیب تووشی بەڵاو دەردو غەمێ بێ
بەو دەردە بناڵێنێ هەتا ڕۆژی جەزایە
بەو ڕیشەوە ئێستا کە ڕەئیسێکە لە لای خۆی
تەزکیری کە تەزویرە لەسەر دامی خەتایە
بۆ ماچی دەمی ساڵێکە سۆفی لە ڕەهن دا
ئیمانی بەخت کرد و شوکور ماچی نەدایە
زاهید مەکە مەنعم کە دەکەم وەسفی گوڵی خۆم
گوڵ غونچەیی من لاییقە موشتەق لە سەنایە
هەرچەندە بەسن تیفلی شوکور عاقڵی قوربان
تێیهەڵدە بەشەق ئەو کەرە هەر عەینی بەڵایە
هەر شوکری خودا بێنە بەجێ تۆ کە (حەریقی)
ئامالی ڕەقیبت کە هەموو جەور و جەفایە

ئەم شیعرەی حەریق ئاسان و مانا دیار و جوانە، بەشێوەییێکی ئاسان و شێوازێکی ساکار شاعیر باس لە دوژمنایەتی نێوان واعیز و سۆفی (شەریعەت و تەریقەت) دەکا، بەڵام لە لاییێکی دیکەوە هێرش دەباتە سەر سۆفی. ئەمەی لە نالی وەرگرتووە، هێرش بردنەکەی بۆ سەر ئەو سۆفییەیە کە بەدڕۆیەتی، لە ژێر پەردەی تەریقەت خۆی شاردۆتەوە، ئەو سۆفییەی ژیانی خۆشی گێتی لە خۆی حەرام کردووە بەڕاستی نییە. لێرەدا ئەم بۆچوونەی حەریق دەچێتە ناو ئەدەبی کوردی لە دژی دەروێشیزم واتە هەندێ لایەنی پراکتیکی سۆفیزم.



– ٥ –

لە شیعرێکی دیکەیدا حەریق وردتر دانایی لە قاڵبێکی هونەری دادەڕێژێ:

لە خەرمانی ئەمەل مێرووی عەمەل جەزبی نەکرد دانێ
لە زیقەتخانەدا ترسم هەیە ئاخر سەری دانێ
دەڵێن جەردەی ئەجەل ڕێگا بەکاروانی نەفەس دەگرێ
شەقامی سینە دەبڕێ بۆ مەتاعی دیدە دەڕوانێ
تەریدەی نەفس و شەیتان قافڵەی تاعاتی غارەت کرد
ئەگەر جاسووسی ئیمانی نەبێ دەرناچێ ئینسانێ
تەرازووی تاعەتت لەنگە هەتا کەی ئەمسەر و ئەوسەرتە
بەپارسەنگی حەیا دەس هەڵبڕە بنوارە میزانێ
بەسی بێ تاعەتی ڕووکەش مەلەک سەرڕافی ئەعمالە
موحەسسیل نەقدی قەڵبە نارەوا ناباتە دیوانێ
ئەوا بەردی ئەجەل هات و لە شووشەی عومری دا ساقی
بەقوربانی پیاڵەی چاوەکەت بم تێکە فینجانێ
حەیات خۆ چوو لە نێو جامەی حەیاتی عارییەت بێ عار
ئەوە داوای دەکەن چ بکەم (حەریق) ڕێگەی ڕجا کوانێ

ئەم شیعرەی حەریق بەنجە بۆ دانایی و قسەی ژیر و مانای ماقووڵ درێژ دەکا. شاعیر هەوڵیداوە بەشێوازێکی قورس و داخراو وێنە و ماناکان بخاتە ڕوو. لە خوێندنەوەییێکی ورد خوێنەر ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێ شاعیر بەتەواوی شێوازی شێوازی نالی بەکار نەهێناوە، بەڵام لە کاتی هۆنینەوەی شیعرەکەدا خەیاڵی بۆ هەندێ لە شیعرە داخراوەکانی نالی ڕۆیشتووە.

**هەناسەی نالی لە شیعری حەریقدا**

کۆمەڵێک شیعری حەریق کەوتۆتە ژێر کاریگەری شێوازی شیعری نالی. ئەو شیعرەی بۆنی نالی لێ دێ گوێ لە کێش و قافیە دەبیستێ و ئاوازی تێیدا دەزرنگێتەوە؛ بیر لە ناوەڕۆک تێی دەگا چونکە پێش ئەوە شیعری نالی لە ناو مێشک و دڵی خوێنەر نەخش بووە. ئەمەیان کاریگەرییەکە چی بەشێکی تری شیعری حەریق وەک تەواوکەری شیعری نالی، یا سەر بەقوتابخانەی نالی خۆیان دەنوێنن. ئەمە جگە لەو شیعرانەی حەریق

ویستوویەتی بەرپەرچی شیعری نالی بداتەوە. بەڵگە بۆ نزیکبوون و تێکەڵبوونی شیعری نالی و حەریق لەم بابەتانەی خوارەوە دیار دەبێ.

– ١ –

نالی موستەزادێکی هەیە بەم دێرە دەست پێ دەکا:

ئەی تازە جەوان پیرم و ئوفتادە و کەوتووم
تا ماوە حەیاتم

بەم دێرە کۆتایی پێ دێ:

حاشاکە لە مەی دا ببمە سائیلی مەحرووم
هەرچەند لە عوساتم

حەریق هاتووە لەباتی موستەزاد غەزەلێکی داناوە لەسەر کێش و قافیەی موستەزادەکەی نالی کە لەسەر بەحری هەزەجە. لە دەوروبەری مانا و وێنەکانی نالی دەسوورێتەوە ئەوەی نالی نەیووتووە حەریق دەیڵێ. لە لای هەردوو شاعیر قارەمانەکانیان یووسف و یەعقووب وەک ڕەمزی لاویەتی و پیرییەتی خراونەتە بەرچاو. لە هەندێ لە بۆچوونەکانی حەریق ناوەڕۆکی ڕستەکەی ئاماژە بۆ مانایێک دەکا وتەیێکی نالی دێتەوە یادی خوێنەر لە موستەزادەکەیدا هاتووە. هەندێ جار مانا لێکدەداتەوە، جاری واش هەیە بەشێوازێکی دیکە دەیڵێتەوە.

حەریق لە شیعرەکەیدا دەڵێ:

ئەی خزری ڕەهی زوڵمەتی نێو ئاوی حەیاتم
بێ شەمسی روخت ساکینی قەعری زولوماتم
ئەفسوردەیی سەرمایی حوزووز و شەهەواتم
ڕەنجیدە و ئازوردەیی دەستی خەتەراتم
دڵ بۆتە پیادەی جلەوی ئەسپی هەناسەم
بۆ دەوری روخی شاهی جیهان بەیدەقی ماتم
هەرچەند کە هەڵاتم وەکو بووم شوومی وڵاتم
هەر چاوەنواڕی کەرەمی پیری هەراتم
گەرچی وەکو سەر دەفتەر و سالاری عوساتم
لەم خاکی دەری ڕەحمەتە مەئموولە نەجاتم



لەم دێرانەدا دەتوانرێ بەمەزەندە بیر لەوە بکرێتەوە حەریق موستەزادەکەی نالی ئەوەندە پێ جوان بووە، شەو و ڕۆژ لە سەرزاری بووە و هەمیشە بەئەزبەر لەگەڵ خۆی بۆ خەڵکی خوێندۆتەوە، ئینجا هەوڵیداوە هەندێ لە ماناکانی نالی بەشێوازی خۆی دووبارەیان بکاتەوە، لەمەدا هونەری نواندووە و داهێنانی دەست خستووە.

لەو پارچە شیعرەدا حەریق چاوەنۆڕی کەرەمی پیری هەراتە. مەبەس لەو پیرە سۆفیی ناسراو عەبدوڵلای ئەنسارییە (١٠٠٦ – ١٠٨٨م)، خەڵکی هەرات بووە، سۆفییێکی گەورە و خاوەنی کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەیە لە زانستی سۆفیزم و کتێبی زۆرە و لە موناجات و ئیلاهییاتدا شیعری هەیە. حەریق لەسەر شیعرەکەی دەڕوا و دەڵێ:

قوربانی سەگت بم شەهی مەیدانی هیدایەت
وەک سالیکی بێ مەسلەکی ڕێی هات و نەهاتم
زەنگی خەتەر و وەسوەسە وا قەلبی قەلب کرد
هەر مونتەزیری گۆشەیی میرئاتی جەلاتم
حەیران و سەراسیمە وەکو بولبولی بێ گوڵ
ئاشوفتە و گیرۆدەیی خاڵی سەر گۆناتم
تەعمیری دڵی باغی لە باغ چاترە قوربان
لەم چاوە منیش مونتەزیری مائی فوراتم
تا مەتلەعی کەنعانییە نێو چاهی زەمیرم
سەنگین بە سەعادەت بۆ تەرازوویی نیشانم

لێرەدا حەریق وەک نالی خۆی بەیەعقووب دەچوێنێ، بەڵام مۆنۆلۆجی ناوەوەی دەگۆڕێ، ڕاستە هەردووکیان وەکو یەعقووب چاوەنۆڕی هات و نەهاتێکن، بەڵام هەستیان بۆ وێنەگرتنی ئەو هیوایە دەگۆڕێ، ئەنجام ئەوەیە نالی ئیلهامی داوەتە حەریق وێنەی داهێنراوی تازە بەرامبەر وێنەکانی نالی دروست بکا.

ئینجا شاعیر بەم جۆرە دوایی بەلیریکەکەی دێنێ:

بۆ دیدەیی یەعقووبی خیرەد یەک نەزەری تۆ
خاسییەتی پیراهەنی کردووە بەخەڵاتم
زانیومە کە سووئی ئەدەبە شەکوە لە ئەحواڵ
چ بکەم دەسەڵاتم نییە بێ سەبر و سەباتم

تۆ شەمس و منیش زەڕڕەیی بێ جیلوە بەقوربان
نیسبەت هەیە عەیبی چییە جۆیایی بەراتم
یا وەسفی هەموو زیللەت و ئەحواڵی ڕەزیلم
چون مونکیری تۆ نیم وەکو سوڵتانی وڵاتم
بەم تەبلەیی عەتتاری خەیاڵاتە (حەریقی)
هەر بانگ کە وەرە موشتەری بۆ شەهد و نەباتم

لەو دێرانەدا حەریق دەگاتە لوتکەی داهێنان کە دەڵێ تەنیا دیدەنی خۆشەویست (یووسف) بۆی هەیە چاوی پیری کەنعان (یەعقووب) بکاتەوە، بەڵام خەڵات (مژدەی خۆشی) کراسە خوێناوییەکەیە کە ڕەمزی ئەوەیە یووسف نەماوە و گورگ خواردوویەتی.

- ٢ -

پارچە شیعرێکی پێنج دێری نالی سەرەتاکەی بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

سەرمایەیی سەودا کە دەڵێن زولفی دو تایە
هەر پێچیش و تایێکی سەد ئاشووبی تیایە

بووە بەسەرچاوە بۆ شیعرێکی حەریق، ئەم شاعیرە غەزەلەکەی لەسەر کێش و قافیەی نالی هۆنیوەتەوە کە هەزەجە. حەریق بەم چەشنە دەست دەکا بەنووسینی شیعرەکەی:

خەوفم لە خودا چونکە لەبەر غەیری خودایە
ئەمنم بەدرۆ سوورەتی وەک خەوف و ڕجایە
باڵی ڕەحمەتی داوەتەوە نەفسی خەسیسم
یا ئەمنی غینا یا ئەسەری یەئس و هەوایە
گەر تالیبی بۆ یووسفی خۆت نەفسی عەجووزە
زوو بێنەوە زوو بێنە دەڵێن ئەهلی وەفایە
ئینکاری سیرایەت مەکە ئەی مونکیری موفلیس
بێ سەیری قەمەر کە چ بەشەوق و چ بەزیایە

لەم شیعرەدا حەریق لە مانای ناوەوە و شارراوەیدا کاریگەری نالی بەسەرەوە دەبینرێ نەک لە لەیەکچوونی تەعبیر. بێ گومان ئەوەی زۆر سەرنج ڕادەکێشێ کێشی شیعری هەردوو شاعیرە نالی و حەریق. ئەم دیاردەیە وەنەبێ تەنیا لەو دوو شیعرەدا دەردەکەوێ بەڵکو ئەگەر کۆمەڵێک شیعری جیاوازی چەند شاعیرێک وەربگیرێن و شیعرەکان لە



بابەت و ناوەڕۆکیش جیاواز بن تەنیا هەموویان لەسەر بەحرێکی عەرووزی و قافیەیێک بن هەست بەلەیەکچوونێک دەکرێ لە نێوانیاندا.

- ٣ -

شیعرێکی نالی بەم دێرانە دەست پێ دەکا:

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاسسەیی شاهن
ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن
سەف سەف کە دەوەستن بەنەزەر خەتتی شوعاعن
حەلقەکە دەبەستن وەکو خەرمانەیی ماهن

بەم دێرانەش کۆتایی پێ دێ:

بۆ سەیری خەرامیدەنی ئەم سەر و قەدانە
سۆفی لە تەڵەب دان و هەموو سالیکی ڕاهن
بۆ زولف و ڕوخ و پەرچەم و ئەبرۆیی سیایان
عالەم وەکو (نالی) هەموو با ناڵە و ئاهن

نالی ئەم شیعرەی بۆ وەسفی سەربازانی هێزی تایبەتی یا پاسەوانانی ئەحمەد پاشای بابان لە سلێمانی وتووە. حەریق لەسەر ئەو کێش و قافیەیە کە هەزەجە شیعرێکی ڕێکخستووە بۆ وەسفی قوتابیانی قوتابخانەی ڕوشدیە کە تازە لە سلێمانی دامەزرابوو. هەندێ لە وەسفی نالی بۆ سەربازانی سوپا بووە بەسەرچاوە بۆ وەسفی قوتابیانی قوتابخانە بۆ حەریق. بێ گومان هەردوو شاعیر پابەندی ئەوە نەبوون سیفەتی جوانی کچان بۆ کوڕ بەکاری بێنن وەکو لە هەردوو شیعردا لە بەرچاوە، ئەو سیفەتانەی بەکاریان هێناوە بۆ کوڕ و کچ دەست دەدەن بەتایبەتی ئەو مێردمنداڵەی تازە خەت دەکێشێ. ئەوەی جێی تێبینییە ئەوەیە هەرچەندە ئەم دوو شیعرە لە شێواز و وێنەی شیعری لە یەکترییەوە نزیکن کەچی شیعرەکەی حەریق زیاتر هەوای سۆفیزمی بەسەرەوەیە کە نێرینە دەکا بەبەڵگەی دڵداریی حەقیقی.

حەریق لە شیعرەکەیدا دەڵێ:

ئەم تاقمە شیرینە لە مەکتەب کە دیارن
جەللادی دڵی عالەم و ئاشووبی دیارن

جوانکارییەی حەریق تێیدا خەرجی کردووە گەیشتۆتە پلەیێکی بەرز، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنێکی مەدەنییەت و پێشکەوتووی کۆمەڵی کوردی دەکێشێ لە سلێمانی لەو کاتەی قوتابخانەی تازە بابەتی تێدا پەیدا بووە.

- ٤ -

«عیشقت کە حەقیقی بێ...» قەسیدەیێکە حەریق دایناوە بەرپەرچی قەسیدە بەناوبانگەکەی نالی «عیشقت کە مەجازی بێ...» دەداتەوە. لە رووی روخسارەوە نالی شیعرەکەی لەسەر بەحری هەزەجی عەرووزی داناوە قافیەی «ا»یە، پاش قافیە وشەی «کچ»ە، لە رووی ناوەرۆکیشەوە کچی کردووە بەبەڵگەی عیشقی مەجازی زەمینی، واتە پێوەندی سێکسی نێوان نێرینە و مێیینە، کەچی کوڕی کردووە بەبەڵگەی عیشقی حەقیقی ئاسمانی کە رەنگی لە عیشقی سۆفیزم وەردەگرێ. عیشقێک لە نێوان ئادەمزادی پیاو و کردگار، بەپێی ئەوەی وشەی خودا یا کردگار لە زمانانی گێتیدا نێرینەیە، واتە هەردوو عاشق، یا عاشق و مەعشووق (ئاشق و ماشق) نێرینەن.

وەرامەکەی حەریق لە رووی روخسارەوە وەکو ئەوەی نالییە. بەم جۆرە کێشە عەرووزییەکەی هەزەجە، قافیەی «ا»یە، تەنیا پاش قافیە بەپێچەوانەی شیعرەکەی نالییە، لای نالی کچە، لای حەریق کوڕە. بەڵام لە ناوەرۆکدا عیشقی کوڕ بەراست دەزانێ و هێرش دەباتە سەر عیشقی کچ. لە هەموو بۆچوونەکانیدا پشتگیری لە نالی دەکا لە هەندێ ستایشەکانی بۆ کوڕ، کەچی هێرش دەباتە سەری لە بارەی هەموو وەسفە جوانەکانی بۆ کچ. بەم جۆرە نالی گێتییێکی جوانکاری دروست کردووە کە کچی کردووە بەنوێنەری عیشقی مەجازی و کوڕی کردووە بەنوێنەری عیشقی حەقیقی. ئەمانە هەردووکیان لە قارەمانانی شیعری کلاسیکین، بەڵام حەریق لایەنگری عیشقی حەقیقییە و عیشقی مەجازی بەکارێکی باش لە قەڵەم نادا.

حەریق قەسیدەکەی بەم دێرانە دەست پێ دەکا:

عیشقت کە حەقیقی بێ تالیب مەبە ئیللا کوڕ
هەم حەزرەتی لەولا کوڕ هەم یووسفی والا کوڕ
ئەو نوورە کە مەنشەئـ بوو بۆ عاشقی مەبدەئـ بوو
تێفکرە لە ئەو نوورە مەعلووم و هوەیدا کوڕ
عیشقێ کە بەقووەت بێ مایيل بەمرووەت بێ
نەمدیوە کە تالیب بێ ئیللا کە تەڵەب کا کوڕ



لەم دێرانەدا حەریق لەسەر ئەو باوەڕەیە پێویستە دڵداری بۆ کوڕ بێ، چونکە محەمەد پێغەمبەر و یووسف پێغەمبەر کوڕ بوون، ڕاستی و هەق لە پێغەمبەرانەوەیە، ئەوانیش هەموویان کوڕ بوون.

ئینجا شاعیر دەڵێ:

عیشقێ کە بەغەوغا بوو وەک عیشقی زولەیخا بوو
سەرگەشتە و ریسوا بوو، بۆ یووسفی والا کوڕ
شیرین کە شەکەر ڕێز بوو بۆ کێ بوو دڵ ئاوێز بوو
بۆ خوسرەوی پەروێز بوو فەرهادی هەواخوا کوڕ
کچ مایيلی والایە وەک دامی بەلا وایە
کوڕ وەک کوڕی شا وایە بێ خەوف و موحابا کوڕ
کچ تەبعی کەچ و ناقیس، کوڕ تەبعی تەڕ و خالیس
هام سوحبەت و هەم جالیس خۆش مەنزوسیما کوڕ

لێرەدا شاعیر هێرش دەباتە سەر کچ و دەیکا بەمایەی ئاژاوە و ریسوابوون، وەکو زولەیخا چۆن کارەساتی نایەوە بۆ یووسف، شیرین بەدبەختی دروست کرد بۆ خوسرەو و فەرهاد. کچ بەڵایە، کوڕ شازادە و نەترسە، کچ تەبیعەتی نزمە، کوڕ تەڕ و پاکە.

لە پاش ئەمە حەریق دەکەوێتە دەرخستن و ستایشی کردنی کوڕ و کچ، لەم لایەنەوە دەڵێ:

کچ زولفی پەریشانە کوڕ پەرچەمی ئەفشانە
کاکۆڵی بەجەمعییەت هەم شانی کچە یا کوڕ
کچ ساحێبی لەرزانە، کوڕ مەردە لە مەیدانە
کوڕ هەمدەمی ئینسانە خۆش مەشرەب گۆیا کور
هەر کەس بەتەبیعەت بێ، ئەربابی مرووەت بێ
لەم نوقتە تەماشاکا خانم کچ و ئاغا کوڕ
قامەت کە وەکو نەی بێ کێ دیویە لەگەڵ بەی بێ
ئەنیسبەتی ئەخلاقە دەرحەق بەکچە یا کوڕ
سەد حەیفێ کە تۆ نالی بەو پیرییە منداڵی
بەم تەرزە لە عیشق دەدوێی زیبا کچ و دیبا کوڕ

یاران هیچ کەسێ بەکام نەیاوان
وە چەفتی و درووغ دزدی رای کاروان
یەکردار پیشەی پیاو ڕاستگۆ نیەن
هەرچەند لای دزدان وەخاس باو بیەن
ڕۆیەک مۆ دزدی وەبێ ناز مەبۆ
گرۆی درۆغان ئینقیراز مەبۆ
هەر کە بەدش وات خار مەبۆ نەراش
هەر کە خاسش وات یار مەبۆ نەراش
دۆستان حورف خەلیل خەیاڵ مەزانە
چووار فەرد گرفتار داو ئەغیارانە
یەکەم گرۆی کورد جە یەکتر بێزار
دووەم گرۆی یار سێیەم فەلاکار
چووارەم مام خەلیل بەخت سیاە تار
جەرگش بیەن زام وەقەپ سەگسار
فیرقەتولئەکراد گشت جە نام یەکا
بیەن وە دوژمن گشت دەسی وە چەکا
داوودە عەدووی فیرقەی تاڵەبان
تیپ کاکەیی عەدووی هەردووشان
ئادمای عەشرەت کوێستان تا گەرمێن
گردین نە جەنگەن تا شاخ حەمرین
غەدەنگ مەشانان بەڕووی یەکترین
هەم بەیەک ماچان قسەی تاڵترین
کوشندەی یەکتر دەبا وەس بۆ وەس
بورازدێ وەیەک بو دێ هانا ڕەس
خەلیل منەوەر جە داغ ئی کارە
دڵش هوناوەن جە حاڵ بێزارە
پەریشان ماچۆ بەند و نەسیحەت
گرد بێ هۆشەنێ نیەنش قیمەت



## (٤)- وردکردنەوە و خوێندنەوەی دواڕۆژ

میرزا خەلیل کە دواڕۆژ دەخوێنێتەوە هیچ جۆرە نهێنییێکی سۆفیزمی ئاشکرا ناکا، هەروەها بیروباوەڕەکانیشی لە لێکدانەوەیێکی زانستی نەهاتوونەتە دەرەوە، بەڵکو کە تەماشای کۆمەڵی خۆی کردووە لە سەردەمی منداڵیدا بەشێوەیێک دیویەتی، لەگەڵ گەورەبوون و بەساڵاچوونی خۆشیدا کۆمەڵ لە گۆڕاندا بووە، ئیتر لەمەوە بۆی دەرکەوتووە لە پاش ئەو ڕۆژگارەش هەر لە گۆڕاندا دەبێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە تەرازووی ئەو گۆڕانە بەلای ئەوەوە ئایینە، لەبەر ئەوەی لە پێش چاوی میرزا خەلیل ئایین هەر دێتو کزتر دەبێ، ئەم گۆڕانە بۆ شاعیر نابێتە دروشمی پێشکەوتن بەڵکو وێنەی دواکەوتنە و بەڕەشبینی تەماشای مەسەلەکە دەکا، لەم لایەنەوە دەڵێ:

ڕۆیەک مۆ مەردان وە بلّباسی مەبۆ
جە لاشان ئەدیان وە پەڵاس مەبۆ
مزگەفت بێ مەلا وێرانە مەبۆ
پەرێ بەیان قوش وە لانە مەبۆ
دەروێشان جە دەف گرد بێزار مەبۆ
نە ڕاگەی ئایین وە ئیغمار مەبۆ
حاکم و مولووک وە هاشا مەبۆ
فەقیر هەژاران وە پاشا مەبۆ
خانەدان جەڕا بەد ئەتوار مەبۆ
گرۆی یارستان وە ئەغیار مەبۆ
دائیرەی شاهان وە هەراج مەبۆ
تەلای بوزورگان وە تاراج مەبۆ
خاوەن دیوەخان تار و مار مەبۆ
بەختش فرەوان سیا تار مەبۆ
مەردم جەرای حەق بێ باوەر مەبۆ
دز و درۆزن بەیاوەر مەبۆ
تۆپ و تەیارە تفەنگ زۆر مەبۆ
پەرێ مەوت مەرگ بێ قوسوور مەبۆ

کوڕە و کەناچە وە مەلا مەبۆ
هەردوو لا زانا وەک لا مەبۆ
کوڕە و کەناچە وەهام دەم مەبۆ
بێ خەوف نە ڕاگەی شای بێ غەم مەبۆ
ئاوەختە دەوری عارفان مەبۆ
دەوری سەنعات و عاقلان مەبۆ
نەزان پڕ جەفا بێ شوهرەت مەبۆ
زانا نە شادی نە ڕاحەت مەبۆ
دنیا سەرانسەر بەوانا مەبۆ
سەدای خەوەرات وەک هەوا مەبۆ
نەقلش پەی شاران وەئاسان مەبۆ
قاسیدان پەرێش وە رەهوان مەبۆ
ئەسپ و مایین گشت فەنا مەبۆ
پەری ڕاو یاران بێ ڕەوا مەبۆ
ئەسپ ئاهینی خەیلێ باو مەبۆ
نە گەرما و سەرما وەبێ خاو مەبۆ
هەم وەش دەماغ و هەم تیێژ باڵ مەبۆ
وەبێ واردەنی پەی را زاڵ مەبۆ
نرخی واردەنی فرێ بەرز مەبۆ
جە لای مەردمان شەراو فەرز مەبۆ
زیناح و بەر پا فراوان مەبۆ
بێ شەرم و حیجاب وەک حەیوان مەبۆ
ژنان وەبێ پرچ قاچاش باو مەبۆ
مێردان بێ مێزەر بێ کڵاو مەبۆ
ئەختیاران عەبلە گشت بێ نام مەبۆ
بەچە هەم ژیر و هەم پڕ فام مەبۆ
واتەنی (خەلیل) وە یادگار مەبۆ
ڕۆیەک مۆ یەک یەک گشت ئاشکار مەبۆ



## (٥)- پەند و ئامۆژگاری

داوود و سلێمان، باوک و کوڕ لە ئایینە ئاسمانییەکاندا جێگەیێکی دیاریان هەیە، بەدانا و زانا ناسراون، بەشاعیر و هونەروەر لە قەڵەم دراون، باوک بەخاوەنی زەبوور و کوڕ بەخاوەنی سروودی سروودان دانراون. میرزا خەلیلی ئێمەش هاتووە دیالۆجێکی لە نێوان داوود و سلێمان دروست کردووە بۆ دەربڕینی هەندێ پەند و ئامۆژگاری دانایانە. لە دیالۆجە شیعرییەکەیدا دەڵێ:

داوود پێغەمبەر عەلەیهی سسەلام
وات وە سلێمان نەبیی کیرام
سوئالێ دارۆم وە نەم کەر بەیان
زەن فرەن یا مەرد نە وەڵگەی جیهان
ئاما وە جەواب نەبیی سالار
نە دورج دەهەن کەوهەر کەر نیسار
واتش: یا پدەر نوور دوو چەمان
زەن جە مەرد فرەن نە وەڵگەی زەمان
پدەر وات: چ تەور فرزەند دلبەر
پەرێم بەیان کەر جە پا تا وەسەر
سلێمان واتش: ئەی دوڕ عەدەن
بسیار مەرد نەییام ها لە ئەمر زەن
هەر مەردێ وە ئەمر زەن کەمەر بەندەن
ئانە هەم زەنەن تا وەڕۆی مەردەن
پەرێ فیکر و ڕای مونەجیمەن زەن
بەڵێ وە ئەمریش هیچ کەمەر مەبەن
نە دڵ وە شاهان بدەری قەرار
ئەگەر کە ببان وە ئاهین حەسار
دووەم بێگانە مەوانە وە خوێش
سیڕ وەزەت ماچە بکەرە ئەندێش

دائیم جەی سێ چێز بکەرە حەزەر
ئەگەر نەکەری مووینی زەرەر
کەردش تەبەسسوم داوود پێغەمبەر
تەحسین کەرد وە عەقڵ ئیدراک پسەر
بەواتەی بەندەی زەعیف ئەحقەر
خەلیل ئیبن خزر منەووەر

میرزا خەلیل لە برێ لە شیعرەکانیدا هەرچەندە داد و فەریادیەتی لە دەست تەنگوچەڵەمە و نایەکسانی ژیان، بەڵام ناگزووری کۆمەڵایەتی خستۆتە قاڵبی پەند و ئامۆژگارییەوە. ئەم ئامۆژگارییانە لە بابەتێکی کورتی هونەری ئەدەبی کە چوارین (دوو بەیت)ە خۆیان دەنوێنن. بیروڕاکانی ڕەنگاوڕەنگن، لە دەروونێکی پاک و ڕوون و دڵسۆزەوە دێنە دەرەوە.

بەهێمنی و لەسەرخۆ دەڵێ شیعرم بۆ کورد نووسیوە، باسی ڕابردووم کردووە، لە پاش مەرگم با بەیادگار بۆ کورد بمێنێتەوە:

فرێ نویسانم شیعر وەکوردی
کەردەنم بەیان ئەحواڵ ڕابوردی
نە دمای مەرگم بمانۆ یادگار
بوانان کوردان نە ڕووی ڕۆزگار

لە چوارینێکی تریدا هاواری لێ هەڵدەستێ لە ستەم و زۆرداری عوسمانلی، پەنجە بۆ دەست درێژی جەندرمە بۆ سەر خەڵکی بێ تاوان درێژ دەکا:

لە دەست عوسمانلی گشت پەرێشانین
گشت سەر وەقوڕ و چاو بەگریانین
زەبتیەی عەسکەر ئەوەند غەددارەن
پەی تاڵان خەڵک دایم نە کارن

ئنجا هێرش دەباتە سەر عیسا ئەفەندیی مووچەخۆر و کاربەدەستی عوسمانلی، لە چوارینێکیدا دەڵێ:

عیسا ئەفەندی بەد زاتەن بەد فەڕ
جە زوڵم و زۆرش عالەم بیەن کەڕ



جارێ مەستانۆ لە خەڵک سەرانە
جارێ خەرج و باج جارێ کەرانە

لە چوارینێکی تریدا دەڵێ:

دادمان جە دەست عیسا ئەفەندی
هاورد وە سەرمان ماجەراو پەنی
ئەفەنی مەئموور کۆنە بارگیرەن
هەر خەریک تاڵان بگیر بگیرەن

لە چوارینێکی تریشدا، ژیرانە دوژمنانی نەتەوەی کورد دەستنیشان دەکا و خەڵکی هوشیار دەکاتەوە بۆ ناسینی دوژمنی ڕاستەقینەی ئەو نەتەوەیەی هەمیشە چاوی لە پێشکەوتن و ئازادییە:

ئەر شای ئێرانەن ئەر شای توورانەن
هەر دۆش زەواڵی شاهی کوردانەن
جە لای شای تورکان ئینساف نەمەندەن
خوداوەند ناموس غیرەتەش سەندەن

## شانازی و ستایش و پێدا هەڵدان

میرزا خەلیل هەرچەندە کەسێکی دەست کورت و هەژار بووە، بەڵام هەرگیز لە ڕێزی مرۆڤایەتیی خۆی نەهاتۆتە خوارەوە. ئەگەر شانازی کردبێ دروشمی ئەو شانازییە شاری سلێمانی بووە، ئەگەر ستایشی چەند کەسێکی کردبێ و پێیدا هەڵدابن لە سنووری لووت بەرزی وەکو ئادەمزادێک نەهاتۆتە خوارەوە.

میرزا خەلیل کە شانازی بەشاری سلێمانی کردووە، لەبەر ئەوە بووە چونکە بەدروشمی بوونی کوردی داناوە:

شاری سلێمانی شاری شێرانەن
جاگەی ئەکراد و شاری شێخانەن
نە موڵکی غەیرە و نە هین عوسمانلی
شاری پیران و پاشای بابانی
ئارۆ زەمانەی دەور ئینگلیزەن
نێکان وە بێزەن نانێک عەزیزەن

بێ گومان شاعیر کە ستایشی ئیمامی عەلی کردووە لە بیروباوەڕێکی قووڵەوە تەماشای کردووە. لە بنجدا بیروباوەڕی یارسان ئنجا ئیسلام هیچ پێچەوانە و دژایەتییێکیان دروست نەکردووە بۆ ئەوەی بەم جۆرە میرزا خەلیل ستایشی عەلی بکا:

عەلی کە داماد رەسووڵڵا بوو
وەسی ڕەسوول و وەلی یوڵڵا بوو
ئیبن عەممی پاک زات ڕەسووڵ بوو
هەم شێر خوداوەند حەی یولبەتوول بوو
خەلیفەی ڕەسوول هەم چووار یار بوو
وەی روتبەی سابیق جە عام ئیزهار بوو
بە چ تەور تیغش نمە بۆ بران
پەرێ غەزای دین قەتڵ کافران
هەرکەس جە بابەت مستەفا و حەیدەر
شکێ باوەرۆ جاش هاتە سەقەر
هەر کەس وە ئیخلاس گێرۆ دینشان
نە بەهەشت مەبۆ هام قەرینشان

شیعری میرزا خەلیل هەندێ ستایش و پێدا هەڵدانمان بۆ دەور دەکاتەوە کە بۆ نوێنەرانی چینی سەرەوە لە کاربەدەستانی کۆمەڵی نووسیوە، لەم شیعرانەدا زیاتر باس لە دەست کورتی و هەژاری خۆی دەکا کە ڕەنگدانەوەی ناگزووری کۆمەڵەکەیە، لەبەر ئەوە ناوەڕۆکی ئەم شیعرانە زیاتر بەلای ژیانی کۆمەڵایەتی دەشکێتەوە نەک ستایشی چڵکاوخۆری بێ بۆ ئەو کەسانەی بۆیان نووسراوە.

## ماتەمنامە و لاواندنەوە

بەکوڵترین ماتەمنامەی میرزا خەلیل ئەو شیعرانەیە کە بۆ کۆچی دوایی خێزانی نووسیوەتەوە. لە ماتەمنامەیێکی کە بۆ مەنیجەی نووسیوە زیاتر باس لە پەژمردەیی خۆی دەکا لە پاش کۆچی دوایی خێزانی و بەتەنیایی گوزەرانی ڕەش و سەختی لەگەڵ منداڵە بێ دایکەکانی.

شاعیر لەم بارەیەوە دەڵێ:



بێ کەس خەدەنگێ پەی یانەم شانا
بڕیش جەرگ حەریم منشی هاست تەنها
حەریم کۆچش کەرد کۆچی یەک جاری
چەمم کەرد لێلاو هوناو بی جاری
یاران بەیدێوە بویندێ ئەحواڵ
پەرێ من هاستەن کۆرپەسێ ئەتفاڵ
شەو هەتا سەبا سەبا تا ئێوار
هەر سێ ئایلێم مەگرەوان وە زار
لە مەئوای کفری هیچ کەسێم نیا
بەیۆ وە فەریاد بکەرۆم ئیحیا
ئانە خاستەرەن نەی شار کۆچ کەری
پەی نام کاکە ئیان زود هانا بەری
چونکی قەوم خوێش نە ڕۆی تەنگانە
پەرێ لێ قەومان برا و باوانە
یاخوا کەس وێنەم پەرێشان نەبۆ
مایل وەدەرگای خومخانان نەبۆ
یاخوا کەس وێنەم دڵ بیمار نەبۆ
دەروەدەر شاران دەس ئەغیار نەبۆ
یاران بەختەکەم تا کەی لار مەبۆ
هەتا کەی چەنام زرێبار مەبۆ

کەچی لە ماتەمنامەیێکی تردا کە هەر بۆ خێزانی تەرخان کردووە، یادی ژنە خۆشەویستە کۆچ کردووەکەی دەکاتەوە:

بالاَ بەرزم ڕۆ بالاَ بەرزم ڕۆ
یاری چەم سیاه بالاَ بەرزم ڕۆ
ئەبرۆ تیرکەوان مەنیج نامم ڕۆ
یاری لەفز شیرین شیرین جامم ڕۆ

یاری قەسەزان وەش دەماغم ڕۆ
یاری پرچ ئاڵتوون گوڵی باغم ڕۆ
ساحیب ئەگریجە لەعلی جوانم ڕۆ
بولبول وەش ئاواز نامدارانم ڕۆ
گلێنە دوو چەم نەوجەوانم ڕۆ
حەڵاڵ و هامسەر بێ دەرمانم ڕۆ
دایەی هەتیمان سێ منداڵم ڕۆ
یاری خۆشەویست هەم بێ باڵم ڕۆ
ئاهوویی خوتەن کۆهسارانم ڕۆ
بێ دایە و تاتە بێ باوانم ڕۆ

**داشۆرین**

میرزا خەلیل کۆمەڵێک شیعری داشۆرینی هەیە، لە پاڵ ئەم شیعرانەدا هەوڵیداوە هەندێ کەموکووڕی لایەنی جۆراوجۆری ژیانی کۆمەڵایەتی دەربخا. لەم بابەتە شیعرەیدا هەجوو و ژیانی کۆمەڵایەتی تێکهەڵکێش کردووە. یەکێ لە هەجووەکانی کە سەرنج ڕادەکێشێ، ئەوەیە کە بۆ حەمە گاوانی وتووە:

دەک حەمە گاوان تەن لوخت عوریان بای
پەرێ لوقمەی نان گەدای شاران بای
تینگ تامەزرۆ ریسوای جیهان بای
سۆچیا و رووسیای سەقر و نیران بای
بۆچ وەقەست شکنای دەست مانگا و باز
دەک دەس بڕیا بای وەکارد و میقراز
ماڵ ئاوایی تۆ سەر جەوێرە گا
وێنەی بەیان قوش کۆنە هەوارگا
دەنگ ناسازت یانەم وێران کەرد
ئایلم بێ شفت وەبێ عەیران کەرد
گوم بەر جە لام بێ هۆشی سەر ڕەق
نامەرد لۆتی هەتیمچەی ئەحمەق



مەلعوون مەردوود حیلەباز زەغەڵ
لوولە لوول چێشتەن بەوێنەی چەقەڵ
گۆشت مانگاووم هەی یانە خەراو
ئانە بی بەش بەش وەدەست قەساو
هەنی گاوانی وی تەور نەکەری
یەکێتر وێنەم پڕ جەور نەکەری
من پەرێ تو مەن نەک ببای زەوین
وەش بێ وەشیت بگێلاَن وەشین
بە(میرزا) واتەن پەی حەمە گاوان
تاوێش دویر گێرۆ جەرای خەراوان

بەڵام ئەوەی زیاتر بایەخی هەبێ لە بابەتی داشۆرین لە ئەدەبی کوردیدا، هەجووەکانی شاعیرە بۆ شێخ ڕەزا، یا شەڕە شیعری ئەم دوو شاعیرەیە کە لە سەردەمێکدا ژیاون.

ئەوەی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ئاشکرایە ئەوەیە شێخ ڕەزا شیعرێکی داشۆرینی پڕ لە وێنەی کراوەی نووسیوە لە بابەت بیروباوەڕ و ئیدیۆلۆجی هۆزی کاکەیی کە سەر بەئایینی یارسانە. شێخ ڕەزا ناکۆکی عەشیرەتی نێوان هۆزی کاکەیی و بنەماڵەی تاڵەبانی خستۆتە دوو توێی چەندوچوونی مەسەلەی ئایینی و مەزهەبییەوە (جیاوازی نێوان موسوڵمانی سوننە و یارسان). بێ گومان شێخ ڕەزا مافی ئەوەی نەبووە کە خەڵکی بەرپرسیار بن بەرامبەری و پرسی پێ بکەن بۆ ئەو بیروڕایانەی باوەڕیان پێی هەیە، هەروەها خۆشی دەربەستی ئەوە نەبووە کاکەییان چی ئایینێک بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، بەڵام کە ناکۆکی کەوتۆتە نێوان هەموو هۆز و عەشیرەتەکان لە سایەی ڕژێمی دەرەبەگی عوسمانلی لەسەر زەوی و بەراو و جێگە و شوێنی بەپیت و ستراتیجی مەسەلەکە شێوەیێکی تری وەرگرتووە لە لای شێخ ڕەزا. کە ناکۆکی عەشیرەتی کەوتۆتە نێوان کاکەیی و تاڵەبانییان شێخ ڕەزا هیچی نەدۆزیوەتەوە لە کاکەییان جیاوازی ئایینەکەیان نەبێ و شتی بۆ دروست کردوون تا خەڵکی ساکاریان لێ هان بدا بۆ ئەوەی بەربەرەکانیان بکەن. بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە هەندێ شیعری بڵاوکردۆتەوە، بڕێکیان ئاراستەی میرزا خەلیل دەکا و لە ڕێگەی ئەوەوە جنێوەکانی بۆ کاکەییان دەنێرێ.

ئیتر خەلیلیش وەکو یەکێکی کاکەیی سەر بەئایینی یارسان دەکەوێتە وەرامدانەوەی

ڕەزا، ئەوەی ڕەزا بەکاکەییان و خەڵکی تر دەکا، خەلیل منەوەر بەڕەزای تاڵەبانی کردووە:

ڕەزا نەواچی وە یاران خەراو
نە ڕۆژ فەردا ڕووت مەبۆ سیاو

هەنی تۆبەت بۆ ڕەزا بەد مەواچ
وەگشت میقرازێ ریش وێت مەپاچ

وێت سەنگین بگێر وەک مێرد نگین
نەکا چە نام دۆست دڵت بۆ غەمگین

قسەی ساغ واچە خاس کەرەش مەوزوون
پاک و بێ لاف بۆ سافتر جە ئاڵتوون

وێت وەهامرازی بەد قەوامەکەر
چەنی فاسقان وێت ریسوا مەکەر

چەن دەفعەن ماچی وێت نەزان مەکەر
وێت شێت و شەیدای نام شاران مەکەر

جیهان مەزانۆ کاکەیی مەردەن
گردین دامان پاک جەبێن بێ گەردەن

کەس وەگفتەی تۆ باوەڕش نیەن
گشت جە رەبابەت گوشش پڕ بیەن

زوڕنات بێ ئاواز تەپڵت بێ مەقام
خەڵکان جە دەنگش جەرگشان مەبۆ زام

گفتارت خامەن خەیاڵت بەتاڵ
کەللەت فاریغەن وەکو زرکی تاڵ

پەی چێش دەماغت پەوسە بەرز بیەن
مەیلت پەی بەدی پێشە و فەرز بیەن



ساحیب شواربین خەڵات ئیللان
دانش وە مێردان پەی ڕەمز و نیشان

گەر نمەزانی بلە لای زەنان
بزان سمێڵش هە نا کەسێشان

کەس حەد نەدارۆ غەزامان کەرۆ
جەنگ و عەداوە چەنیمان کەرۆ

درۆ خاس نیەن زوان وێت بگەز
وێت کەردەن وەلوت پەرێ نارەگەز

ئێمە جەمیعەن یەک دەس و دڵێن
هەم ڕەوشەن دەروون جە وێنەی گوڵێن

ئەگەر نە داری باوەڕ و ئیمان
ڕۆیێ جە لامان بوەر وە میمان

بوینە حورمەت خاس بناسەمان
وەسەن مەشانە دوورەکەران

(خەلیل) هەتا کەی تەنبیهت کەرۆ
جە دەم گورگان خەڵاست کەرۆ

لە شیعری تریدا هەر لە هەجووی شێخ ڕەزا دەڵێ:

ڕەزای تاڵەبان ڕەزای تاڵەبان
هۆش بارە وەسەر ڕەزای تاڵەبان
مەلە وە مەیدان چەنی نەزانان
وێت مەدەر قەڵەم چەنی ناکەسان
مەوەر وە دوژمن پەی تومەن فرزەند
مەوەر وە خاوەن گفتەی ناپەسەند

کاکەیی شیرینەن شیرینتر جە قەند
وەچی پەی ڕاستی زوانت کەردەن بەند
دیارەن وێت کەردەن وە پیاو ئەغیار
هەم تانە مەدی جە دۆستان و یار
کێ دیەن ڕەزا عەشرەت سەرانسەر
ببۆ وە خەراو نە راگەی خەتەر
تۆ چەمت کۆرەن نیەنت بەسەڕ
وەبێ دیدەنی مەشانی کەمەر
چەنی تالەبان وە زاتی داوەر
براین هەردوو لا خەیاڵ پیس لاوەر
شێخەنی نۆکەر پەی ماڵ و پارە
پەوکە خیتابت دائیم ویقارە
درۆ و چرووکیت وەپیشە کەردەن
بەناهت وە لای ناکەسان بەردەن
کردارت پەی عام وەک خۆر ئاشکارەن
گردین مە واچان ڕەزا بەدکارەن
حەیفەن پەی مەردم پەی جیفەی دنیا
نەی دنیا ڕەوشەن وێش کەرۆ ڕووسیا
نەسیحەت (خەلیل) خاس بکەر نۆشت
نەوا کاکەییان بوو ڕان گۆشت

ئنجا لە شیعرێکی تریدا دەکەوێتە هەجووی شێخ ڕەزا بەوەسفکردنی ئەندامی لەشی و پیشاندانیان وەکو دیاردەییێکی ناشیرین:

چەم زاق لووت پان چەناگە دراز
وەچی مەلوولنی وێنەی سپەهباز
سپەهباز بدی پەنەش خوشکە نان
مەبۆ وە ئاشنا تا بمانۆش گیان



بەڵام تو ئەوەند دوو جە وەفانی
پەرێ دۆست وێت پڕ نە جەفانی
نان بدی پەنەت گەر ڕۆیە سێ جار
مەکەریش زایە هەم مەدیش هاشار
مەواچی هەرگیز نەدیەنم وەچەم
یەک ڕێزە نانت نەلوان وەشکەم
چێشەن مەزەڕنی وێنەی نێرە هەر
دەوەسەن بارە عەقڵ و هۆش وەسەر
زەڕە زەڕ ڕەزا پەی زەڕ و پارەن
ڕەزا پەرێ زەڕ نە یار بێ زارەن
وەرۆ مەوانۆ قورئان جە میراو
وەشەو هان جە تۆی ناکەس ناپیاو
چەنی شەو دزدان یاوەریش خاسەن
پەی حەرام واردە خەیلێ کەساسەن
وەرۆ جە لای عام فرێ خواناسەن
بەڵام نە ڕاستی کەردەش پەڵاسەن
یۆشو ڕەفیقش پەی نان و کەوا
یۆشان بەد کەردەن کەردەی ناڕەوا
ڕەزا عارت بۆ ئی حەرفە وەسەن
حەرف نادروست پەرێ کەس مەشەن

لەم وەسفەی خەلیل ئەوە دەردەکەوێ شاعیر کە دەیەوێ تۆڵەی خۆی لە شێخ ڕەزا بکاتەوە پەنا دەباتە بەر دروست کردنی کەموکووڕی لە سیماو لەشی شێخ ڕەزا، چونکە نایەوێ باس لە ئایین و بیروباوەڕی موسوڵمانەتی بکا وەکو ئەوەی شێخ ڕەزا کردوویەتی بەرامبەر بە کاکەیی یانی یارسان.

## بەشی بیست و یەکەم

# پۆیێمی خەلیل

پۆیێم لە گەلێ ڕووەوە لە شیعری ئیپیکی (مەلحەمی) دەکا، بەڵام لەبەر ئەوەی جەنگ و شەڕوشۆڕ و زۆرانبازی و سوارچاکی مەرج نییە جەوهەرێک لە جەوهەرەکانی ناوەڕۆکی بێ، هەروەها شانۆی ڕووداو و سەردەم و کاتی فراوان و درێژ نییە، ڕاستتر ئەوەیە چیرۆکی شیعری یا قەسیدەی درێژ یا پۆیێمی پێ بوترێ.

ئەم جۆرە هونەرە لای میرزا خەلیل لە بەسەرهاتی کۆمەڵایەتی و ڕووداوی مێژوویی خۆی دەردەخا، بەڕاستی بریتییە لە چیرۆکێکی تازە بابەت بەڵام بەشیعر دانراوە، ئەگەر بەتەواوی بەرامبەر بەپۆیێمی ئەوروپایی نەبێ، ئەوا گەلێک لێیەوە نزیکە.

چیرۆکە شیعرییەکانی میرزا خەلیل لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەکرێن بەدوو بەشەوە:

١- چیرۆکی شیعری کۆمەڵایەتی.

٢- چیرۆکی شیعری مێژوویی.

### چیرۆکی شیعری کۆمەڵایەتی

ناوەڕۆکی چیرۆکی شیعری کۆمەڵایەتی لە شیعری میرزا خەلیلدا لە ڕووداوی جیاوازی کۆمەڵایەتی وەرگیراون، وەکو ئەوەی شاعیر دەست درێژ دەکا بۆ بەسەرهات و ئەنجامی ئەو کۆمەڵە چاوەشانەی کە کوێخا دێییێک دەیەوێ چەک هەڵبگرن و بێن بەسەربازی سوپا و بجەنگن، یا بەسەرهاتی هێرشی ئەو گورگە هارە دەگێڕێتەوە بۆ سەر شاری کفری و لە ئەنجامدا زیانێکی زۆر لە گیان و ماڵ دەدا، یا گێڕانەوەی ڕووداوە نالەبارەکانی ڕەشبگیری (سەفەربەر) لە کوردستانا لە جەنگی یەکەمی گێتیدا.

### چیرۆکی شیعری گورگە هار

چیرۆکی شیعری «گورگە هار» زادەی ئەو ڕووداوەیە کە گورگێکی هار لە ماوەییێکی نزیک پێشی سەفەربەر لە شاخەوە دێتە خوارەوە و هێرش دەباتە سەر شاری کفری، خەلیل بەم شیعرانە چیرۆکەکەی دەست پێ دەکا:

ئیمجا بیەین وە بەحس سنف ئەمیران
نێرە گورگ هار کفری کەرد وێران



جە فەوق گونبەد بابا شاسووار
قزلەر قەلعەسی مەنشوورەن حەسار

جە ناڵەی سەدای تۆپ قایەچی
جە دوود دوخان کوورەی گۆزەچی

جە مەشق مەیدان تەعلیم نیزام
جە مابەین شار شاسووار ئیمام

ئنجا لە هێرشی گورگەکە دەدوێ:

ئاما وە زەمین جە فەوق کۆهسار
پڕ تاف پادا چون باد باڵدار
هوجووم هاوەرد وە حەملەی پلنگ
چەم کاسەی پڕ خوون ناخوون ئەڵماس ڕەنگ
وە شەوکەت چون شێر وە سەرچون بزاو
وە هەیبەت چون وورچ وە قامەت چون گاو
کلک چون گەڵا درمش وێنەی تیغ
دندان چون خەنجەر ئینگلیزی تیغ
هەوا بەست وە هەی گورگ کۆهستانی
تا باب سوقاق ڕووی سلێمانی
جە وەخت سەحەر شوعای زوڵم تار
پڕ تافدا پادا نێرە گورگ هار
یەک تەرفەتولعەین وە حەملەی ئەووەل
وەیەرد جە خانەی ئەو سەفەرەشەل
وە حەملەی دووەم تاودا وە تاووش
وەیەرد جە خانەی ئەو عەلی باووش
وە حەملەی سێیەم ئەو دەعبای دیجلە
وەیەرد جە خانەی تەکیەی میم نەخلە

وه حەملەی چارەم چون تیرەباران
یا باد باران یا ئاهنگەران

له پاشانا باس له کوشتن و داپاچین و بریندارکردنی خەڵکێکی زۆر دەکا:

ده نەفەر جه ئەهل لات مووسڵ شار
یەک یەک زامدار کەرد نێرە گورگ هار
سێ نەفەر سەیید ساحیب کەرامات
دەف ژەن و شیش ژەن جه تایفەی لات
هەر سێ وەیەردەن جه ڕاگەی بازار
وەدەست بەڵای گورگ بیەن گرفتار

دەسەڵاتی میری دەکەوێتە خۆ و جاڕی هوشیاربوون و خۆپاراستن دەدا:

وه ئەمر ئامیر جاڕچی کەفت وەشار
عالەم خرۆشا پەرێ گورگ هار
گورگ پەرێ بازاڕ پێچنا کلک
یاوا وه دوکان ئەو بەقاڵ خلک

بەڵام بێ سوود دەبێ و گورگ دەکەوێتە کوشتاری خەڵکی:

عەلی محەمەد عەجەم کەبیال
بێ خەبەر جه کار هەم فاریغولبال
گورگ شکاری یاوا وه عەجەم
دەستش چون تەوان دەردەم بەرد وەدەم
جه ئەو گوزەر کەرد چو ئاهر کەری
تا یاوا وەلای ئەو خدری بەدری
ئەویش مەجرووح کەرد ئەو دڕندەی هار
یاوا وه فرزەند ئەو ئەحمەد تەیار
ئەر نمەناسیش ئەمیر چاووش بی
زەبتیەی پیادە قوڕنی قاووس بی

له پاش ئەوەی گورگ کارەساتێک دەنێتەوە و گەلێ کەس دەکوژێ و زۆریش بریندار دەکا، سلێمان زڵفەی ئازا و جوامێر گورگ دەکوژێ و خەڵکی له زیانی ڕزگارییان دەبێ:



سلێمان زڵفە ئاما جەسەردا
گورگش دی وەچەم دەس جەدەم وەردا

***

وه مەودای خەنجەر جەرگش هور دڕی
ریشەی بەند جەرگ وەمەودا بڕی
کەردن ئافەرین ئەهالی بازار
ئافەرین بۆ پەیت هەزاران هەزار
مەردی سلێمان مەنشوور بی نه عام
بی وەخەڵات پۆش جه لای قایمەقام
سلێمان مەنشوور نه کفری شارەن
قاتل وەحشی دڕندەی هارەن
به(خەلیل) واتەن مات و غەمگینەن
ئیسکان وەتەن کفری زەمینەن

***

ئەم جۆرە شیعرە کە زاراوەی «پۆیێم»ی ئەوروپایی بۆ دانراوە له ئەدەبی میللی نەنووسراوی کوردی (فۆلکلۆر)دا گەلێک باوە و «بەیت»ی پێ دەڵێن ئەگەر بەشیعر بێ، ئەگەر بەپەخشانیش بێ «حیکایەت»ی پێ دەوترێ. بێ گومان خەلیل ئەم پۆیێمە و ئەوانی دیکەشی لەسەر شێوەی ئەدەبی میللی داناوە.

## جەنگی یەکەمی گێتی

ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی گێتی سەرنجی میرزا خەلیلیان ڕاکێشاوە، هەستی بەوە کردووە کە مەینەتی و نالەباری تووشی ئادەمزاد دەبێ له ئەنجامی جەنگ، زیاتریش شاعیر ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بەپێوەندی دەسەڵاتی عوسمانلی بەخەڵکییەوە دەردەبڕێ کە له دواییدا، بەتایبەتی هەژار و ڕەش و ڕووت تووشی ڕەنجەڕۆیی دەبن. زەبروزەنگی دەسەڵاتی عوسمانلی سنووری بۆ نەبوو، بەتایبەتی شێوەی ئامادەکردنی لاو و گەنج بۆ شەڕ و جێبەجێکردن و دەستخستنی ئازووقە بۆ سوپا.

شاعیر سەرەتای گێڕانەوەکانی بەم دێڕانە دەست پێ دەکا:

هەڤدەی ڕەمەزان ئەشرەفلشوهوور
خێزا جە تاووغ زەلزەلە فیسوور

ئیرادەی سوڵتان شای ساحیب سەریر
پەیدا بی گوڵبانگ سەدای ڕەشبگیر

ئیعدام عیراق بەرشی بەرقەرار
پەی شەوق دەردەست پەی قەتل و کوشتار

مەئموور میللەت عیسا ئەفەندی
ساحیب مەفرەزەی دەوڵەت پەسەندی

وەکیل دەردەست عەشرەتان بێ داد
نە موڵک کەرکووک تا قەشقەی بەغداد

ئنجا دەسەڵاتی عوسمانلی دەکەوێتە خۆ بۆ گرتنی لاو و گەنج و زاراوەی «ڕەشبگیر» دەکەوێتە ناوەوە شاعیر بەم جۆرە تەماشای مەسەلەکە دەکا:

یەک تورفەتولعەین پەی ڕەنجەڕۆیی
سەد نەفەر گرتن جە عارەب کۆیی
وەزەرب چۆماغ قۆناغ تفەنگ
دونیا وەمەزلووم ئاوردەن وەتەنگ
وەزەرب قیرپاچ دار و دەگەنەگ
ڕۆ ڕۆی فەقیران یاوا وەفەلەک
فەریاد و زاری فەقیر و مسکین
یاوا وە گەردوون چەرخ هەفتەمین
وەئەمر فەرمان ئەو ئەبوو قلیج
کۆر و کەچەڵان سەقەت و ئیفلیج
سبیلچی و بەقاڵ چایچی و هەلاج
گاوان و شوان ڕەنجەڕۆ و موحتاج
نەجار و توجار سەڕاج و سەپان
بەگ و بەگزادەی مسکین میللەتان



تیفل و نەورەسید گەنج و ئیختیار
قۆڵ بەست بێن تەمام نەکەران فیرار
دۆم و دوڕاجی عەجەم و عەرەب
مەحبووس بێن تەمام وەخەشم و غەزەب
کورد و تاوغلی قەوم و بێگانە
سەوق کەردن تەمام پەی دیوەخانە

له پاش ئەوەی کۆمەڵێک لە خەڵکی کۆدەکەنەوە لە دیوەخانی گوندی عارەب کۆیی بەندیان دەکەن و پاسەوان لەبەردەرگای دیوەخان دادەنێن، ئنجا زەبتیە بەم جۆرە کرداری لەگەڵ خەڵکی دەکرد:

زەبتیەی زاڵم چون تەکو ئۆغڵی
غوران وەمەحبووس (هایدی کلب اوغلی)
«بڕۆ بەولاوە کوڕی سەگ»
مەواتت چاووش (رخصت ایت کزم)
«کەرەم کە ڕێگەم پێ بدە»
(دیدی آنانز بیر سیکەزم)
«وتی یەک یەک داکتان دەگێم»
وەزەرب قەمچی مەدان جە مەحبووس
پاماڵ بی حەیا و ئابروو و نامووس
(کیمسە گورمدی بو غدر افندی)
«ئەفەندی کەس ئەم غەدرەی نەدیوە»
ئەلئەمان جە دەست عیسا ئەفەندی
جە عارەب کۆیی پەیدا بی مەحشەر
ئایل وەژەنان خاک مکەر وەسەر

لەگەڵ ئەوەی میرزا خەلیل هێزی زوڵم و زۆرداریی دەسەڵاتی عەسکەریتاری عوسمانلی بەشێوەییێکی هونەروەرییانە و کاریگەر دەخاتە ڕوو، بەلام دوایی گێڕانەوەکانی وێنەیێکی کۆمیدی وەردەگرن، نەک وێنەیێکی تراجیدی کە پێویستی ئەم هەڵوێستە بوو. بەم جۆرە ناوبژی و تکای گەورەپیاو و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە ئەو خەڵکەی لە بەندیخانە ڕزگار کرد.

## چیرۆکی شیعری مێژوویی

### شەهیدبوونی شێخ سەعید

میرزا خەلیل بەشیعرێکی ٢١٠ دێری ڕووداوی کارەساتەکەی جەردە و ڕێگر و قاچاغ و پیاوکوژی بنەماڵە شۆڤێنییەکانی مووسڵ دەگێڕێتەوە لە بابەت ئەو ئاژاوەیەی خستیانە ناوەوە بۆ لەناوبردنی بنەماڵەی شێخانی سلێمانی کە لە مووسڵ دەستبەسەر بوون.

بنەماڵەی شێخانی سلێمانی (بەرزنجەیی) ڕابردوویێکی پاک و کاریگەریان لە هەموو ناوچەکانی خوارووی کوردستاندا هەیە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا سوڵتان سوهاک یەکێ لە مەزنەکانی ئایینی یارسان لە نەوەی باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵەیە. لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم، بەتایبەتی لە پاش دروستکردنی شاری سلێمانی شێخ مارفی نۆدێ و کاکەحمەدی شێخی کوڕی کەسانێکی دیاربوون لە زانستییەکانی ئایینی موسوڵمانی و بڵاوکردنەوەی تەریقەتی دەروێشی قادری لە کوردستاندا. لە پاش جەنگی گێتیی دووەمیشەوە سەرۆکایەتی سیاسی نەتەوەی کوردیان کەوتە دەست بەڕێبەرایەتی شێخ مەحموود. بەم جۆرە ئەم بنەماڵەیە دروشمی خۆ بەگەورە زانین و شانازیکردن بوو لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەی کوردەوە، دەوڵەمەند و هەژار، خوێندەوار و نەخوێندەوار، کاربەدەست و بێ دەسەڵات، هەر کەسە و بەڵگەی خۆی بەدەستەوە بوو بۆ ڕێزگرتنی ئەم بنەماڵەیە.

دیارە ئەو پێوەندییەی لە نێوان کاکەییانی پێڕەوی ئایینی یارسان و بنەماڵەی شێخان (بەرزنجەییان) هەیە دەگەڕێتەوە سەر شێخ عیسا و شێخ مووسا، ئەوانەی سوڵتان سوهاک و بنەماڵەی شێخانی سلێمانییان لێ بۆتەوە، لەبەر ئەو ئەم شێخانە جێی تایبەتییان هەیە لە ناو دڵی کاکەییانی یارسان. بێجگە لەمەش چینی سەییدی کاکەییان کە بەڕێزترین چینێکی ئایینەکەن لە نەوەی شێخ عیسا و شێخ مووسان و خۆیان بەبنعام دادەنێن لەگەڵ شێخانی سلێمانی. بێ گومان ئەم دیاردەیە پاڵی بەمیرزا خەلیلی کاکەییەوە ناوە بەکوڵ شین و شەپۆڕ بۆ شێخ ئەحمەد و شێخ سەعیدی سلێمانی بکا.

هەرچەندە ئەم کارەی میرزا خەلیل لە ڕووداوەوە وەرگیراوە، بەڵام تێڕوانینی شاعیر کاری خۆی کردووە و لە چوارچێوەی ڕاستی مێژوو هاتۆتە دەرەوە و بووە بەبەرهەمێکی



ئەدەبی. میرزا خەلیل داستانەکەی بەم دێرانە دەکاتەوە:

ئیپتیدا بەنام پادشای سەمەد
بوا چون داستان قەتڵ شێخ ئەحمەد
شەممێ جە تەعریف ئەو زات سەروەر
مەبۆ بنویسوون بەنەزم و دەفتەر
داد من جە دەست گەردوون گەردان
بەعزێ سەرەفراز بەعزێ سەرگەردان

ئنجا لەسەر باسی گیروگرفت و ناهەمواری ژیان دەڕوا تا دەگاتە ئەوەی بازرگانانی سلێمانی تاوانبار دەکا لە ئاوارەکردنی سەرۆکەکانی بنەماڵەی شێخانی سلێمانی بۆ مووسڵ:

تایەفەی توغیان سلێمانی شار
توتون فرۆشان، گشت تازە توجار

ئیتر ئەمانە دەست دەکەن بەناردنی تەلگراف بۆ کاربەدەستانی دەسەڵاتی عوسمانلی و داد و فەریاد دەکەن لە دەست کردەوەی شێخان:

ئەهل گوڵعەنبەر بێ ڕای بەد ئەتوار
تایەفەی توغیان توجاران شار
جەم بین چەند نەفەر بێ ڕەحم و ئینساف
پەی مولک بەغداد کێشان تەلوغراف
یەک تەلێ دیگەر بەمووسڵ ماوا
تەل کاری کەردن سوب تا خۆراوا
چەند تەلوغرافێ پەی باب عالی
پەی شێخولئیسلام میرلیوا و والی
مەعلووم بوو لێتان روئەسایی ڕۆم
شار سلێمانی تەما بۆ وە دۆم
دۆمیش لە ئێمە خاستەرەن یەکجار
جە خەرج و خاوەی شێخان زۆردار
یەکسەر تەلەف بوو فەقیر و هەژار
زەلزەلەی ستەم، زولم ناهەنجار

مەستانان ئەعشار كۆدە دووبارە
سەركولی پەسی پەنج قەڕان پارە
دادمان نە دەست زوڵم شێخ سەعيد
نە ڕاگەی ڕاستی حەقيقەت بەعيد

بەجارێک و دووجار نەوەستان، بەڵكو چەند جارێک شكاتيان نارده ئەستەمووڵ:

چەند دەفعە وەی تەور لايحەی ئەحواڵ
كێشان تەلوغراف نويسان عەرز و حاڵ
تا ئاخر فەرمان هات لە ئەستەمبووڵ
شێخان سەوق ببۆ پەی شار مووسڵ
بەئەمر و فەرمان زات شاهانە
شێخان پەی مووسڵ گشت بين ڕەوانە

دەوڵەتی عوسمانی داوای بازرگانانی هێنایە دی، چونكە ئەمانە لە دژی سەربەخۆیی میللەتی كورد بوون. دوورخستنەوەی سەرۆكەكانی كورد و ئاوارەكردنیان بۆ مووسڵ لە چاكەی دەوڵەتی عوسمانلی و بازرگانان (بورجوازيانی) سلێمانی بوو. لە مووسڵ و لە ماوەی زیندەگانیی دەستبەسەرەكان بنەماڵە دەسەڵاتدارە شۆڤێنییەكانی مووسڵ پیلانیان دانا بۆ ئاژاوە نانەوە و كوشتنی سەرۆكەكانی كورد:

ڕۆژێ بەئەفسوون موسڵاوی پەليد
نەتيجەی نوتفەی ناپاک يەزيد
سيلسيلەی سەگسار بێشنجی مەزهەب
سەبباب سوننی بێ دين و ئەدەب
پڕ مەكر و دەست بڕ شووم عەيياران
دوشمەن ئايين وەچەهار ياران
سازان يەک بوهتان توهمەت و كەززاب
دەرحەق شێخان سەعادەت مەئاب

***

بەزەرب قرمەی ماووزەر تفەنگ
دونيا وەشێخان ئاوەردن وەتەنگ



كێشان پەی مەساف سەيف و قەداران
دەس دان وەخەنجەر، خەنجەرگوزاران
پەيدا بی شۆرش بانگ واوەيلا
زاهير بی دەعوای ڕەزم كەربەلا
تيپ عومەری ئيسلام بەر حەق
ئەوانيش جۆشان تايەفەی ئەحمەق
خەنجەر و وەڕ وەڕ ماووزەر بەكەف
خێزا واوەيلا (أضرب لاتَخَف)
ئاغای عومەری غەڕڕاوە ڕووی قار
بەلەفز عەرەب ئاما وە گفتار
(اقتلوا سادات أهل العلومه)
(اني مسؤول من الحكومه)

ئاژاوە و شەڕوشۆڕ دەستی پێ كرد:

ئەهل مووسڵی ئاوەردن هوجووم
نيشانەی مەحشەر ئەو ڕۆژ بی مەعلووم
بەوێنەی تەگەرگ ڕەساس بێ حەد
ڕێزان وەئەندام زات شێخ ئەحمەد
نە تەرسان نە خۆف ديوان مەحشەر
گرتن وەنيشان ئەئيمەی ئەتهەر

خەڵكی سلێمانی و كوردەواری جۆشان و خرۆشان بۆ تۆڵەسەندنەوە:

چەندێ جە عەسكەر سلێمانی شار
موخليس تەكيەی سادات كيبار
مەوجوود بين نەوجا ديشان ئەی فەساد
جۆشان خرۆشان ئامان وەئيمداد
دەمار غيرەت ئەهل گولعەنبەر
مەغزو ئيستيخوان شێران سەروەر

جۆشیا پەرێ ئەخز ئینتیقام
خرۆشان نەودەم شێران پرسام
مووسڵی چەنی زەبتیەی عەسکەر
ئامان وەهەم دا مدران بەرابەر
نە هەردوو جانیب جۆشا نار جەنگ
شریقەی بەگلغ تەراقەی تفەنگ
بی وە زایڵەی زەلزەلەی مەحشەر
یا موحارەبەی رەزم هەفت لەشکەر
ئەهالی چەنی عەسکەر ستێزا
لاشە نە مەیدان چون گەڵاریزا
نە خەوف ئەو جەنگ پڕ خەوف و ستەم
والی بەپەنهان نە گۆشەی حەرەم

لەولاشەوە لە مووسڵ شیرازەی کۆمەڵ تێکچوو و کەس بەکەس نەبوو:

ئەو ڕۆژ ڕۆژێ بی کە نەبی وەکەس
برا وەبرا نەبی فەریاد رەس

***

فرزەند وە ئیمداد پدەر نە یاوا
گوللەی مارتلی جگەر مەشکاوا
جای هاو هاوار دەست بڕەس نەوی
بگیر و بکوش کەس وەکەس نەوی
کەس نەبی وەکەس چون ڕۆژ مەحشەر
برا جە برا نەبی با خەبەر

***

لە شڵپەی خەنجەر دەبان دوو دەم
غەرق مەبی نە جەرگ مەرد مەکەرد عەدەم
مەغلووبە گریا هەرکەس پەرێ وێش
داخڵ بین وەیەک وێنەی گورگ و مێش



ڕووی هەوا جە دوود با رووت بی سیا
چەند قەیسەری و کۆشک بی وە تووتیا
بی وە هەی بگیر دەنگ قال و قیل
چمان کە ژەنیا سوور ئیسرافیل
ئەو ڕۆژ تا وەعەسر جەنگ و کوشتار بی
چون دەعوای یەزید ئال ئەتهار بی
مووسڵ مەهجووم بی وە نینەوا
بی وە قەتڵگای ئال موستەفا

عوسمانلی لایەنی شێخانی نەگرت و یاریدەی نەدان، هەر لە بنجدا دەسەڵاتی عوسمانلی پیلانی ئەم ئاژاوەیەی دانا ، چونکە لە دژی سەربەستیی کورد بوو:

تایەفەی شێخان نەوەی نێک نام
تەدبیرشان کەرد پەرێ ئینتیقام
هەرچەند ئیستیدعا داشان بەوالی
وەشێخولئیسلام وەباب عالی
فایدەش نەبی هیچ نەدین چارە
نە وە ڕجای جەد نە قووەی پارە

ئەم ئاژاوەیە دەماری کوردی گرتبوو، عەشیرەت و هۆزەکانی کورد بیریان لەوە دەکردەوە کە تۆڵە بسێننەوە:

دیشان ئیجرائات نییەن جە حوکمەت
ناچار دەخالەت بەردن وە عەشرەت
نامەنویسنان وە تاڵەبانی
کۆچ کەردن نە موڵک مووسڵ مەکانی
نامەنویسنان وەلای شێخ حەمید
نامەیی بۆ زات موحەممەد خورشید
نامەیی دیگەر پەرێ هەمەوەن
نەسل کەیانان نەوەی فیلەتەن

# بەشی بیست و دووەم

## تاهیر

**١٨٧٨ – ١٩١٨**

### ژیانی تاهیر

تاهیر کوڕی عوسمان پاشای کوڕی محەمەد پاشای کوڕی کەیخوسرەو بەگی جافە. لە ناو خەڵکی بەتاهیر بەگی جاف ناسراوە و ناوی ڕاستەقینەی خۆی «تاهیر»ی کردووە بەنازناوی شیعری. دایکی ناوی عادیلە خانی کچی قادر بەگی ساحێبقڕانە، لە بنەماڵەییێکی سنەیی بووە، ژنێکی ژیر و تێگەیشتوو و هەڵکەوتوو بووە، بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری بنەماڵە و عەشرەتی جافی کردووە، چونکە عوسمان پاشا گەشتی دەرەوەی هەڵەبجە و دوورکەوتنەوەی لە ماڵ و منداڵ و عەشرەت زۆر بووە، لەبەر ئەوە عادیلە خان جێگر و یاریدەدەری بووە.

تاهیر لە ساڵی ١٨٧٨ لە هەڵەبجە لە دایک بووە. سەرەتا لە حوجرەی مزگەوت خوێندوویەتی، بەڵام پێویستییەکانی خوێندنی ئایینی لە حوجرە تەواو نەکردووە، لە پاشانا مامۆستا (میرزا)ی بۆ گیراوە و لە ماڵەوە زانست و زانیاری وەرگرتووە. لە سەردەمی مێردمنداڵیدا خۆی بەزمانی فرەنسییەوە خەریک کردووە و هەندێکی لێ فێر بووە.

لە ساڵی ١٩٠٩ ئی. بی. سۆن، کوردناسی بەناوبانگ بەخۆگۆڕین و ناوی نهێنی میرزا غولام حوسێن شیرازی دەچێتە هەڵەبجە و ماوەی شەش مانگێک میوانی ماڵی عوسمان پاشا دەبێ. سۆن بەکوردی و فارسی قسە دەکا و کەس نازانێ ئینگلیزە.

ڕۆژێک تاهیر موتالای نامەییێکی فرەنسی دەکرد. غولام حوسێن پێی دەڵێ: میرم وابزانم جەنابتان فرەنسی دەزانن. تاهیر لە وەرامدا دەڵێ: نەختێکی لێ دەزانم، ئەی تۆ هیچی لێ نازانی؟ غولام حوسێن دەڵێ: بەڵێ، ماوەییێک لەمەوبەر لە ئێرانا خزمەتکاری کابراییێکی فرەنسی بووم، لەوەوە هەندێ فێری بووم. تاهیر کە ئەمەی زانی ئەگەر بیویستایە قسەییێکی نهێنی لەگەڵ غولام حوسێنا بکا و کەس تێی نەگا بەفرەنسی قسەکەی بۆ دەکرد. ڕۆژێک لە گفتوگۆی ئاساییدا کە لەگەڵ غولام حوسێنا دەیانکرد زمانی



ترازا و لەباتی «نا یا نەء» وتی «نۆو – No»، تاهیر لەمەدا هیچ گومانی نەما کە غولام حوسێن دەبێ ئینگلیز بێ چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا «نا یا نەء»ی کوردی دەبێتە «نۆ»، ئیتر تاهیر بانگی دەکاتە لای خۆی و لە نەژادی دەپرسێ. هەرچۆنێ بێ غولام حوسێن دان بەوەدا دەنێ کە ئینگلیزە و ناوی سۆنە. ئینجا تاهیر داوای لێ دەکا لەوێ نەمێنێ نەوەکو لە لایەن حوکوومەتەوە زیانێکیان پێ بگا. سۆن لە گەشتنامەکەیدا باس لە زیرەکی تاهیر دەکا و بەشان و باهوویدا هەڵدەڵێ.

تاهیر لە ژیانیدا بەختیار بووە، چونکە لە بنەماڵەییێکی دەست ڕۆیشتوو پەروەردە بووە و پێگەیشتووە. کەسێکی بەزەین و زیرەک و چاوتێر بووە، هەموو هۆییێکی ژیانی خۆشی بۆ ڕەخساوە، وەک کوڕی خێزانێکی دەوڵەمەند سوارچاک و تفەنگچییێکی باشی لێ هەڵکەوتووە. دڵ تەڕ بووە، حەزی لە سەیران و ڕاوشکار کردووە، خواردنەوە و هەنگامی مەستی پێ خۆش بووە.

بەدرێژایی ژیانی تاهیر بۆ گوزەران و ماڵ بەڕێوەبردن ئارەقی ماندوویی نەڕشتووە، هیچ جۆرە کارێکی ئاسان یا قورسی نەکردووە، تەنیا ماوەییێک نەبێ بەهۆی مەقامی باوکییەوە دەسەڵاتی تورکی عوسمانی کردوویەتی بەقایمەقامی قەزای هەڵەبجە.

لەبەر ئەوەی تاهیر بەلەش لەڕ و لاواز و نەخۆش بووە، ژیانی کورت بووە، لە تەمەنی چل ساڵیدا نەخۆشی کاری لێ کردووە، بۆیە بردوویانە بۆ سلێمانی و لە ساڵی ١٩١٨ کۆچی دوایی کردووە. تەرمەکەیان بردۆتەوە بۆ گوندی عەبابەیلێ لە باکووری هەڵەبجە لە گۆڕستانی بەناوبانگی ئەوێ ناشتوویانە.

### شیعری تاهیر

بەقەوارە شیعری تاهیر کەمە، لە سیپارەییێکدا جێی دەبێتەوە. لەبەر تەڕی و ناسکی شیعرەکان و نزیکییان لە چێژی کلاسیکی خەڵکی کورد چەند جارێک بەچاپ گەیەنراون، بەڵام ئەو چاپانە هیچ یەکێکیان بەزانستی ناژمێررێن و شیعرەکان ساغ نەکراونەتەوە، جگە لەوەی هەڵەییێکی چاپی زۆریشیان تێ کەوتووە.

دیوانی ئەم شاعیرە تا ئێستا چوار جار بڵاو کراوەتەوە، جارێکیان لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٦، جاری دووەمیان لە بەغدا لە ساڵی ١٩٥٣، جاری سێیەم و چوارەمیان لە هەولێر لە ساڵانی ١٩٦٦ و ١٩٦٩.

## شیعری تاهیر لە ڕووی ڕوخسارەوە

شیعری ئەم شاعیرە لە بابەت زمانەوە (دیالێکتەوە) لە دوو وێنەدا دەبینرێ:

١- شیعری عەرووزی و یەکێتی قافیە، بەشی هەرە زۆری دیوانی تاهیر بریتییە لەو شیعرانەی لەسەر کێشی عەرووز و یەکێتیی قافیە بەدیالێکتی کرمانجی باشوور ڕێکخراون. ئەو بەحرە عەرووزییانەی شاعیر بەکاریهێناون تەنیا بریتین لە بەحری هەزەج و ڕەمەل. لە بەحری موزاریع تەنیا یەک شیعری هەیە ئەویش بەهاوکاری لەگەڵ شاعیرێکی دیکە دایناوە. لە بابەت قافیەوە وەکو شیعری کلاسیکی دیکەی ئاسایی یەکێتی قافیەیان تێدایە.

٢- لە دیوانی تاهیر دوو لیریکی خۆماڵی بەرچاو دەکەون بەدیالێکتی گۆرانی هۆنراونەتەوە، ئەم دوو شیعرەش وەکو هەموو شیعری شاعیرانی گۆرانزەمین لەسەر کێشی خۆماڵی (سیلاب) ڕێکخراون، ژمارەی کەرتی هەر نیوە دێرە شیعرێک دەیە، وەستان لە ناوەڕاست دایە، لە ڕووی قافیەشەوە دیارە جووت قافیەیە (مەسنەوی) (ا ا، ب ب، ج ج...).

هەموو ژانر و بابەتەکانی شیعری کلاسیکی لە بەرهەمی تاهیر کۆ نەبوونەتەوە، لەم ڕووەوە بەریان تەسکە، دەتوانرێ هەموو شیعری بە«غەزەل» بژمێررێ، بەمانای ئەوەی هەر پارچە شیعرێکی لیریکی بچووک لە پێنج دێرە شیعرەوە تا دوازدە یا چواردە دێری گرتۆتە خۆ. بەم جۆرە درێژترین شیعر لای تاهیر لە چواردە دێر پێکهاتووە و کورتترینیان لە پێنج دێر پێکهاتووە کە پارچەی (قیتعە)ی پێ دەڵێن.

## پێنج خشتەکی لەسەر شیعری تاهیر

هێشتا شاعیر لە ژیاندا بووە هەندێ لە شاعیرانی دەوروبەر و نزیکی خۆی بایەخیان بەشیعری داوە و چەند پارچەیێکیان کردووە بەپێنج خشتەکی. لەم شاعیرانە هی وەکو شێخ محەمەدی گوڵانی هەڵەبجەیی و مەلا کاکەحەمەی ناری و ئەحمەد موختار جافی برا بچووکی.

## بینای شیعری تاهیر

ئەو مانایانەی شاعیر لە قاڵبی وشەی زمانەوە دەریهێناون ئاشکرا و دیارن، بەخوێندنەوە یا گوێگرتن بەچاو هەست بەوێنەیان دەکرێ. کێشی شیعری سووکە، لەبەر



ئەوە وەک ئاواز و مۆسیقاییێکی نەرم و ڕەوان دەکەوێتە بەر گوێ. گومان لەوەدا نییە کە تاقیکردنەوەی لە قوتابخانەی نالیدا هەیە. ئەم دیاردەیە لەوە دەبینرێ هەندێ لە مانا و وێنەی نالی ئاسان کردووە، خوێنەر هەست بەوە دەکا تاهیر بەشیعری ساکار و مانای ئاشکرا برێک لە وێنە شیعرییە قورسەکانی نالی ڕوون کردۆتەوە.

## ناوەڕۆکی شیعری تاهیر

شیعری تاهیر زادەی شاعیرییەتێکی خۆڕسکە، هەموو مەرجەکانی جوانکاری (ئیستێتیکی) بۆ چێژ و خەیاڵی ڕۆژهەڵاتی کۆ کردۆتەوە، واتە ئیلهامی ڕەنگدانەوەی ویست و ئارەزووی ئەو چێژەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەری تەسکە، بەژمارە کەمە، لایەنێکی دیاریکراو لە ژیاندا دەگرێتەوە کەچی ئەو لایەنەی دەوڵەمەند کردووە لە شیعری کلاسیکی کوردی لەو ڕۆژگارانەی دوا قۆناغی ژیانی شاعیر بوو. خەریک بوو ئەو جۆرە شیعرە کلاسیکییە بەسەر دەچوو یا تا پلەیێک باوی نەدەما و شیعری نوێ پەیدا دەبوو.

دەتوانرێ شیعری تاهیر لەم مەبەسانەی لای خوارەوە بەدی بکرێ:

١- شیعری ئایینی: بەشێکی زۆر کەم لە شیعری تاهیر دەچنە ناو ئەم جۆرە شیعرەوە، دوو پارچە شیعر لەم ڕووەوە لای شاعیر دەبینرێن. یەکێکیان «نەعت»ە بۆ پێغەمبەری وتووە، ئەوی دیکەیان باس لە پێغەمبەر و ئەبوبەکر و تەریقەت و شێخانی قادری و نەقشبەندی دەکا.

٢- شیعری گازاندە لە چارەنووسی ئادەمزاد: لە دیوانی شاعیردا ئەم جۆرە شیعرە لەوەی پێشووش کەمترە، لەو شیعرانەدا باس لەوە دەکا چۆن تەنگوچەڵەمە و گیروگرفت ڕاستی و یەکسانی ون کردووە و مافی ئادەمزاد خوراوە.

٣- شیعری دڵداری: زۆربەی هەرە زۆری شیعری تاهیر لەم بابەتەیە. بریتییە لە وەسفی دلبەری زەمینی کە لە کیژێکی جوانی کوردی دەبینێ و پاڕانەوە و موناجاتی لەگەڵ ئەو یارە قەشەنگە دەگاتە ڕادەی موناجاتی خودا (کردگار)، بەڵام شیعری تاهیر لە سۆفیزمەوە دوورە.

## گەشتی ناو دیوانی تاهیر

### شیعری ئایینی

لە دیوانی تاهیردا تەنیا یەک نەعت هەیە لە شیعرێکی دە دێری پێکهاتووە. لە سەرەتایدا دەڵێ:

مەتلەعی سوبحی سەعادەت مەزهەری عیلمولیەقین
ئەی سوپەهسالاری فەوجی ئەنبیا وو مورسەلین
بۆ نەوازش زاتی حەق هەم حوججەت و هەم دەنگی تۆ
شاهیدی تەعزیمی تۆ بوو یاوەری رووحولئەمین

شیعرەکە بەم دوو دێرە دوایی پێ دێ:

ئەی حەبیبی خالیقی عالەم تەرەححوم تا زووە
ئەو سەگی ئەسحابی کەهف و من سەگێکی تابیعین
ڕوو لە قاپی موستەفا کە بێژە یا خەیرولبەشەر
نیمە تۆشەی ڕاهـ بەجوز ئیخلاسی ئالی (تاهیر)ین

لەم دێرانەدا شتێکی تازە نادۆزرێتەوە، لاساییکردنەوەیێکی جوانی هەموو شیعرە کلاسیکییە کوردییەکانی قوتابخانەی نالییە، یا دەتوانین بڵێین تاهیر خۆشی یەکێکە لەو شاعیرانەی پەرەی بەو قوتابخانەیە داوە و گۆڕانی قووڵی تێدا بەرپا کردووە.

لە شیعرێکی دیکەیدا یادی پێغەمبەر و ئەبوبەکری سدیق و شێخانی قادری و نەقشبەندی دەکاتەوە، لە سەرەتای شیعرەکەدا دەڵێ:

مەربووتە حەیاتم بەبیاری وو دیاری
خۆزگەم بەسەگی قاپییەکەی قوتبی مەداری
ئەم کاولە دنیایە لە نەو زێر و زەبەر بێ
پاش ئەحمەدی موختار و ئەبوبەکری سەیاری
فارووقی زەمان حەزرەتی نائیبی شێخ عوسمان
واسیل بەدەرگاهی کەرەم ڕەحمەتی باری

کۆتایی شیعرەکە بەم دوو دێرەیە:



ئەی قافلەسالار، وەی ئافەتی مەهـ و خورشید
تۆ مەرقەدی گەیلانی وو پیرانی بوخاری
ڕەحمێ بکە بەم (تاهیر)ی بێچارەیی مسکین
مەهجووری دڵی وا لە دنیادا بێزاری

تاهیر کۆمەڵێک لە مەبەسەکانی شیعری ئایینی، نەعت و پێدا هەڵدانی خەلیفەکانی ڕاشیدین و شێخانی تەریقەتی دەروێشیزمی کۆ کردۆتەوە لەم شیعرەدا، لەبەر ئەوە پێویستە تەنیا ناوی بنێین شیعری ئایینی، ئەگەر نا لە ئەدەبی کلاسیکیدا ئەم جۆرە شیعرانە بەسەر چەند بەشێکدا دابەش دەکرێن وەکو ئیلاهییات یا موناجات بۆ خودا، نەعت بۆ پێغەمبەر، ستایش بۆ گەورە پیاوانی ئایینی ئیسلامی و شێخ و موریدانی تەریقەتەکانی سۆفیزم.

### گازاندە لە گەردوون

ئەم جۆرە شیعرانە لە لای شاعیرانی کلاسیک یەکجار زۆرن، بەچاوێکی ڕەشبینی تەماشای ئاڵۆزی ژیانی ئادەمزاد دەکەن، هەموو ناکۆکییەکانی ژیان دەگەڕێننەوە بۆ چارەنووس (قەدەر)، لەبەر ئەوە «گەردوون» بەسەرچاوەی ناکۆکی و ئاژاوە و نایەکسانی دادەنێن، لە شیعرێکیدا تاهیر لەم لایەنەوە دەڵێ:

ئەلا ئەی عەقڵی کۆتا بین هەتا کەی مات و داماوی
بەقەیدی نەفسی ئەممارە سەراسەر بۆچی بەسراوی
خەیاڵی هیچپووچت وایە دەوڵەت هەم عینانت بێ
حیسابێکە کە موحتاجی نەسیبی دووگەزە جاوی
مەسەل دنیایە سەیاد و ئەتۆش مورغێکی بێ هۆشی
موقەییەد بە بەیەک دانە هەتا نەتخاتە ناو داوی
زەمانە هەر وەکو قەحبە هەم ئاغووشی هەزارانە
چ سوودێکی هەیە بۆ تۆ کە سەر دانێی لە پێناوی
مەبەستە دڵ بەدنیا (تاهیر)ا، بێ سوودە بۆ هەر کەس
مەحاڵە ناگیرێ بۆ تۆ گورێزکە سا لە گێژاوی

لەم شیعرەدا بەڕوونی هەست بەتارمایی شێوازی نالی دەکرێ، شاعیر هەست بکا یا نەیکا کەوتۆتە ژێر کاریگەری لێکسیکۆن و مانای هەندێ لە شیعرەکانی نالی.

تاهیر لە شیعرێکی دیکەیدا زیاتر هۆگری گێتیی نالییە کە دەڵێ:

دنیا کە هەموو لەحزە بەمەعشووقی کەسێکە
بنوارە کە چەند قەحبە چ کۆنە تەڕەسێکە
تێفکرە وەکو کەلبی نیهان گیری زەمانە
ئەبنائی جیهان یەک بەیەکی سەگ مەگەسێکە
عالەم هەموو وەک تەیری تەمەع، دانە ئەمەل داو
سەییادی ئەجەل ساحەتی دنیا قەفەسێکە
لەم حوجرەیی شەش گۆشە کە ڕێی مەعبەری عامە
یا ڕەب چییە هەر کەس بەهەوا وو هەوەسێکە
سەد قافیلە ڕابرد و ئەتۆ غافڵی ئەی دڵ
گوێ بگرە لە هەر لایە کە ناڵەی جەرەسێکە
شادی و غەم و ئەندۆه چییە ڕەنج و ئەلیمە
ئیقبال و زەوالیش بەخودا هەر نەفەسێکە
(تاهیر) مەبە ئازوردە زەمان عادەتی جەورە
دنیا کە هەموو ڕۆژێ ژنی بولهەوەسێکە

لەم شیعرەدا تاهیر خۆی وەکو قوتابییێکی زیرەکی قوتابخانەی نالی پیشان دەدا. ئیلهامی ئەم شیعرەی لە غەزەلێکی نالی وەرگرتووە، بەڵام وەستایانە ئەوەی نالی وتوویەتی ئەو دووبارەی نەکردۆتەوە، کەچی جیاوازییەکە لەوەدایە نالی بەشێوازێک نووسیویەتی مانا ئاشکرا نییە و نهێنییە، بەڵام لای تاهیر ڕووکەش و دیارە.

### دڵداری و جوانی پەرستی

وەکو ئاماژەی بۆ کراوە زۆربەی هەرە زۆری دیوانی تاهیر لە بابەتی دڵداری و جوانییە. مەبەس دڵداریی کچێکی جوانە، بەڵام وەکو هەموو شاعیرانی ئەو ڕۆژگارانە بۆی چوون ئەو کچە بەئاسانی دەست ناکەوێ، ڕاستییەکەش لەوەدایە کە بەئاسانی دەست نەکەوێ، ئیتر ئەم جۆرە نائاسانی لە لایێک، لە لایێکی دیکەوە نائاساییی دەبنە هەوێن و سەرچاوەی هەموو داهێنانێکی جوانکاری لە مەیدانەکانی هونەر، لە ناو ئەمانەدا بەتایبەتی شیعر.

ناوەڕۆکی ئەم جۆرە شیعرە ئەگەرچی بەگشتی لە بابەت دڵدارییەوەیە، بەڵام شاعیر



سەرچاوەی جیاواز بۆ ئەم مەبەسە بەکار دێنێ. لێرەدا پێویستە هەندێ نموونە بخرێتە ڕوو ئەم جیاوازییانەی تێدا دیار بێ.

- ١ -

لە شیعرێکیدا تاهیر دەڵێ:

موقەددەر گەر نەبێ ئاخر لە میهری مەهر و خانم چی
لە ناڵەناڵی نیمەی شەو لە ئاهی بەربەیانم چی
نیشانەی ئیفتیخاری من لە سینەم داغی هیجرانە
برۆ ئەی ناسیحی موشفیق لە ڕوتبە یا نیشانم چی
غەرەز وابوو موقابیل کەم لەگەڵ گوڵ ڕەنگی ڕوخسارت
وە گەر نەبێ قەدی سەرووت لە سەیری گوڵستانم چی
کە من میحرابی ئەبرۆی تۆ مەقامی سەجدەگاهم بێ
ئیتر وەک زاهیدی خودبین لە مەوعیدی جینانم چی
شەوم وەک ڕۆژی ڕووناکە لە شوعلەی تەڵعەتی ئالت
بەڵێ یەکبارە با ون بێ لە ماهی ئاسمانم چی
بەنەیڕەنگی فەلەک جانا لە دڵما دەرنەچوو میهرت
کە من یەک ڕەنگ و یەک نەوعم لە تەبدیلی زەمانم چی
وتم بێ ئالەتی کوشتن مەکە تۆ قەسدی جانی من
وتی من خاوەنی غەمزەم لە شمشێر و کەمانم چی
لە بازاڕی مەحەببەت موشتەری هەر نەوعە جنسێکم
بەسە من هەم خەریدار و لە سوود و یا زیانم چی
بەمن قەت نادرێ تەفسیری ئایاتی سەری کوڵمت
گرانە (تاهیر)ا بۆ من لە تەعریف و بەیانم چی

شاعیر لەم لیریکەدا هەندێ وێنەی شیعری داهێنراو دروست دەکا، لەمانە سنگی ئەگەر پڕ لە داغی دووری بێ لە یار، ئیتر نیشانە و میدالیەی بۆ چییە، ڕوخساری یار گوڵ بێ، گوڵستانی بۆ چییە، برۆی یار میحرابی بێ، نوێژی بۆ چییە لە پێناوی بەهەشت. لەگەڵ ئەم هەموو وەسفانەدا بەهیچ جۆرێ شاعیر ناتوانێ ئەو ئایەتانە، نەقش و نیگاری سەر کوڵمی یار لێک بداتەوە، لەبەر ئەوە جوانییەکەی لەگەڵ ئایەتی قورئان بەراوورد کردووە، چونکە لێکدانەوە و تەفسیری ئەو ئایەتانە کارێکی قورسە.

تاهیر دوو غەزەلی لەگەڵ شاعیری ڕەندی کورد دۆست و هاوڕێی خۆی ناری داناوە. ئەمە نەریتێکە لە ئەدەبدا هەیە بەتایبەتی لە دانانی شیعر ئەگەر ئەو دوو شاعیرە لە شێواز و چێژ و خەیاڵ لە یەکترییەوە نزیک بن. بەڵام چۆن بەدوو کەس ئەم شیعرە دادەنێن؟ هەریەکەیان دێرێک دەڵێ ئەوی دیکەیان دێرێکی تر، ئەم کارە لەو کاتەدا دەچێتە سەر ئەگەر هەردووکیان توانای ئەوەیان هەبێ لەپڕ شیعر دابنێن، دیارە ئەگەر مەسەلەکە وابێ ئەوەی دێری یەکەم دادەنێ ئەو دێرە ئەوەندە دەچێتە دڵی شاعیرەکەی ترەوە و لەگەڵ ناخی شاعیریەتی دەگونجێ یەکسەر دێری دووەمی بۆ دێ و دەیخاتە سەری. هەروەها دەتوانرێ بیر بۆ لێکدانەوەیێکی دیکەش بچێ، ئەویش ئەوەیە شاعیرێک غەزەلێک دادەنێ، شاعیری دووەم کە هاوڕێیەتی ئەوەندە شیعرەکەی پێ جوانە وا دەزانێ خۆی وتوویەتی، یا ئارەزوو دەکا هی خۆی بێ و خۆی هۆنیبێتیەوە، بەم پێیە کارێکی بەجێیە ئەگەر لە بنجدا شیعرەکە لە لایەن یەکێکیانەوە دانرا بێ و بەناوی هەردووکیان تۆمار بکرێ. ئەمە کارێکی بەجێیە، لەبەر ئەوە ئەو نموونانەی لەم ماوەیەدا خراونەتە پێش چاو بۆ ئەوە دەشێن بەناوی تاهیر یا ناری تۆمار بکرێن، چونکە ئەم دوو شاعیرە لە یەکترییەوە نزیکن، شێوازی داهێنانی شیعرییان لە یەکترییەوە دوور نییە.

لە شیعرێکیاندا هەردوو شاعیر دەڵێن:

بەغەمزەی چاوی مەخمووری سیاهی مەستی مەی کردین
بەماچی لێوی موستەغنی لە ئەنواعی مەزەی کردین
ترازا بەندی سوخمەی ئاڵی گوڵناری بەئاهی من
کەچی دەستی لەسەر دانا لە سەیری باغ و بەی کردین
بەهەوری پەرچەم و ئەبرۆ و ڕوخ و زولفی کە داپۆشی
لە شەوقی ڕوئیەتی بەدری هیلالی یەک شەوەی کردین
ئەگەرچی کوشتینی خۆ قابیزولئەرواحی موژگانی
بەقانوونی مەسیحایی لە خەندەی لێوی مەی کردین
عیلاجی دەردی دڵ (ناری) لە (تاهیر) بەگ تەمەنناکە
بڵێ ئەمرۆ گوڵەندامێ بەتیرێ جەرگی پەی کردین

وەک دەردەکەوێ سروشتی ئەم پارچە شیعرە ئەگەر نازناوی تێدا نەبێ، نەوەکو تەنیا لە



دیوانی تاهیر یا لە دیوانی ناری نووسرا بێ کەس گومانی لەوە نابێ کە هی ئەوانە، بەڵکو ئەگەر لە دیوانی هەندێ لە شاعیرانی دیکەی قوتابخانەی کلاسیکی نالیی کوردستانی باشوور نووسرا بێ کەس هەست بەوە ناکا هی ئەوان نەبێ.

لە شیعرێکی دیکەدا ناوی هەردوو شاعیر تاهیر و ناری هاتووە، شیعرەکە بەم جۆرەیە:

فەسڵی خەزانی هیجرە، ڕەسمی زەمانی دوونە
دەردی فیراقی یاران، تەقدیری کاف و نوونە
دنیا بەم ڕەسمە وایە، بەزمی وەکو بەڵایە
عەیشی هەموو جەفایە، بادە بەڕەنگی خوونە
گوڵە ڕەفیقی خارە، شەرابە پڕ خومارە
گەنجە ئەنیسی مارە، وەیە بوون و نەبوونە
بێزارە تەن لە هیجران، چاویش پڕە لە گریان
چبکەم عیلاجێ قوربان؟ دڵ عاجز و زەبوونە
مەیلی فیراقی (ناری)، دنیا وەها بەکاری
ئەم چەرخە پڕ لە شۆرە، ئەرکانی وا ژگوونە
شیرینە وەسڵی یاران، چونکە دەگاتە هیجران
نازانێ ڕوحم ئەمما، چەند تاڵ و ترش و توونە
لە ژێر غەما مەوەستە، فەرموو دەستت بهێنە
خزمانی شادمانە، (تاهیر) مات و زەبوونە

ئەم شیعرەش وەکو شیعرەکەی پێشوو دەتوانرێ بەهی هەردوو شاعیر دابنرێ، ئەگەر بەڵگەکانی شیعری پێشتر بخەینە ڕوو، دەتوانین بڵێین ئەم شیعرەش زادەی خەیاڵی هەردوو شاعیرمانە. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێ بیر لەوەش بکرێتەوە کە شیعرەکە تاهیر دایناوە. لە ناوەڕۆکی شیعرەکەدا ناوی ناری هاتووە وەک خۆشەویستێکی تاهیر. بەڕاستی شیعرەکە هەر ئەوە دەگەیەنێ کە تاهیر داینا بێ و یادی ناری کردبێتەوە. بەڵام ئەوە هەیە هەموو شیعری تاهیر لەسەر بەحری هەزەج و ڕەمەلی عەرووزییە، لەسەر بەحرەکانی دیکە نیەتی، ئەم شیعرەیان لەسەر کێشی موزاریعە تاکە شیعرە لە دیوانی تاهیر لەسەر کێشی ئەم بەحرە عەرووزییە بێ.

شاعیر لە ژیانیدا تووشی ناخۆشییەک یا کارەساتێک دەبێ بەوەی دەمانچە بەدەستییەوە دەنێ، پەنجەی بریندار دەبێ یا دەشکێ. شاعیر ئەم ڕووداوە تراجیدییە دەکاتە سەرچاوەیێک شیعرێکی ڕەنگینی لێ دروست دەکا، لەو غەزەلەدا دەڵێ:

عیلاجی دەردی عیشقی غونچەیی لێوی شەکەر باری
گوڵ و شەککەر دەبارێنێ بەحەقەقەت نوتقی گوفتاری
فەلەک زانی کە دەشکێ ڕەونەقی بازاڕی مانگ و خۆر
شکاندی پەنجەکەم تا من نەنووسم وەسفی ڕوخساری
بەغەمزەی نیم نیگاهی سەد دڵی بیمارە مەحبووسە
لە بابول خوێندوویە ئەفسون دوو چاوی بێچوە عەییاری
بەشوعلەی شەمعی ڕوخساری دەسووتێ دڵ وەکو قەقنەس
وتم پەروانەیە یا ڕەب نییە وا بانگ و هاواری
وەکو یووسف ئەگەرچی موشتەری وەستاوە سەف دەرسەف
وەکو (تاهیر) نییە ئەمڕۆ بەجان و دڵ خەریداری

ئەم شیعرە لە بنجدا دڵدارییە، باس لە نهێنییەکانی دەکا، بەلای شاعیرەوە مەگەر ئەوانەی لە بابل فێری جادوو بوون بتوانن تەلیسمی جوانی ئەم پەیکەرە بکێشن. ئەو جوانە بەیووسف دەچوێنێ کە خەڵکی ڕێزیان گرتبوو بۆ کڕینی، بەڵام کەسیان بەجان و دڵ کڕیار نەبوو. شا بەیتی ئەم شیعرە ئەوەیە شاعیر کە دەڵێ، گەردوون (فەلەک) دەیویست بازاڕی جوانی لە ناو ببا، لەبەر ئەوە پەنجەی شکاندم بۆ ئەوەی نەتوانم بەشیعر وەسفی ڕوخساری یار بکەم.

### پیری مەیخانە

لە شیعرێکیدا تاهیر پەرێشان و پەژمردە بووە، وا خۆی پیشان دەدا وەکو کەسێک لە پێش مردن بۆ خۆی بلاوێنێتەوە، یا وەسیەت بۆ خەڵکی بکا.

لە شیعرەکەدا دەڵێ:

لە دەوری پیری مەیخانە سەدایی موتریبان با بێ
لە تاریکی شەوی هیجران چرای دەفعی غەمان با بێ



لە ناو بەزمی حەریفاندا لە زومرەی بەزمی ڕەنداندا
لە ناڵینی غەریباندا دەوای دەردی دڵان با بێ
لەبەر ناڵەی حەزینی من لەبەر شین و گرینی من
لەبەر دەردی برینی من نەسیمی هەم زبان با بێ
غولامی سەروی بالاتم ئەسیری زولفی تاتاتم
شەهیدی چاوی شەهلاتم قڕانی عاشقان با بێ
لە هیجرانی خەزان تا کەی بەئومێدی گوڵان تا کەی
لە نەغمەی بولبولان تا کەی خودا فەسڵی گوڵان با بێ
زەمانە بەزمی ڕەندانە بدە ساقی بەپەیمانە
لەبەر تەعزیمی مەیخانە بڵێن پیری موغان با بێ
نەماوە حالەت و ژینم لە دەست چوو رووحی شیرینم
ڕەفیقان بێن بکەن شینم سەدای گریە و فەغان با بێ
کە (تاهیر) قوڕبەسەر ماوە سەراپا غەرقی خوێناوە
ئەڵێن دووبارە کوژراوە تەبیبی حاڵزان با بێ

لەم شیعرەدا شاعیر ئێش و ئازار و دەردی دڵی هەندێ جار وەک نەخۆشێکی مەعنەوی و هەندێ جاری دیکە وەک نەخۆش و دەردەدار و بریندارێکی ڕاستەقینە خۆی پیشان دەدا. جا لە هەردوو باردا داوای پزیشک دەکا، ئەو پزیشکە یەکێکیان حەکیم و پیشەی پزیشکییە، ئەوی دیکەیان یاری خۆشەویستە، خۆ لای شاعیران بەزۆری یار هەردووکیانە. سۆز و ڕاز و نیازێکی بەکوڵ لەم شیعرەدا هەیە، وەرامی ویست و ئارەزووی گەلێ کەسە لەسەر ڕووی ئەم زەوییە، دڵداری ڕاستەقینە و نەخۆش و زامدار و پیری پەککەوتە و هەموو کەسێکی دەردێکی مەتریالی یا گیانی هەبێ. ئەم شیعرە تەعبیر لە چێژی ئەدەبی و هونەری هەموو ئەو کەسانە دەکا.

### شیعری خۆماڵی تاهیر

تاهیر شیعری بەدیالێکتی گۆرانی هەیە، ئەم دیالێکتە بۆ تاهیر و بنەماڵەی لە عەشرەتی جاف زمانی دێرینی میللییانە، هەروەها عادیلە خانی دایکیشی کە سنەییە ئاشنای دیالێکتی کرمانجی باشوور و دیالێکتی گۆرانی بووە. لە ڕۆژگارانی مێژوودا ناوچەکانی یەکێتی عەشرەتی جاف لە هەموو ڕوویێکەوە بەتایبەتی لە ڕووی زمانەوە سەر

بەگۆڕانزەمین بوون، واتە ئەو هەرێمانەی تیرەی گۆرانی کورد تێیدا دەژیان. ئەگەر شاری سلێمانی دروست نەبووایە و نەکرایە بەپایتەختی باشووری کوردستان و میرنشینی بابان دروست نەبووایە و نالی دەرنەکەوتایە لەوانە بوو تاهیر و هەموو شاعیرانی دیکەی کوردی ناوچەی سلێمانی شیعریان بەدیالێکتی گۆرانی بووتایە.

تاهیر لە شیعرێکیدا بەدیالێکتی گۆرانی لەسەر کێشی سیلابی خۆماڵی پرسیار لە بای شەماڵ دەکا، قسەکانی هەمووی پرسی خۆیەتی. دێرە سەرەتاییەکانی شیعرەکە لەسەر سیستێمی پاش قافیە دەڕۆن کە وشەی «نەدیت»ە، هەروەها بەشێکی زۆر لە شیعرەکە جووت قافیە نییە، بەڵکو نیوە دێرە شیعرەکان لەسەر یەک قافیەن.

تاهیر شیعرەکەی بەم دێرانە دەست پێ دەکا:

شەماڵ یار نەدیت شەماڵ یار نەدیت
وەختێ تو ئامای دیدەی یار نەدیت؟
ئەو دیدەی سەیوان پڕ خومار نەدیت
ئەو توررەی چین چین سیاتار نەدیت؟

واتاکەی:

شەماڵ یارت نەدیوە شەماڵ یارت نەدیوە
وەختێ تۆ پەیدا بووی چاوی یارت نەدی؟
ئەو چاو خومارە کەوانییەت نەدیوە
ئەو توررە چین چینە ڕەشەت نەدیوە؟

لەو شیعرەدا تاهیر پرس لە بای شەماڵ دەکا ئایا یاری نەدیوە؟ هەر خۆی وەرامی پرسەکان دەداتەوە و بەردەوام دەبێ لە وەسفی جوانی یار. ئەو پرسانەی لە شەماڵ دەکرێ پێوەندییان بەجوانی یارەوە هەیە. لە ئەوانی دیکەیدا باس لە جوانی و نەرم و نیانی دەکا، بەڵام وەک دەستووری دڵداری ڕۆژهەڵات باس لە دڵڕەقی و بێ بەزەیی یاریش دەکا.

شاعیر بەم دێرانە دوایی بەشیعرەکە دێنێ:

مەستانو خەراج زولفت نە ڕێحان
مەدەن باج وە رووی گوڵنارت گوڵان
بزانە (تاهیر) بەستەی خاڵی تۆن
مەست نەبوون وە دین دیدەی کاڵی تۆن



واتاکەی:

زولفت خەراج لە ڕەیحانە وەردەگرێ
گوڵنارت (گۆنات، ڕوومەتت) باج لە گوڵ وەردەگرێ
ئەوە بزانە تاهیر پابەندی خاڵی تۆیە
مەست بووە بەچاوی کاڵی تۆ

تاهیر لەو شیعرەدا پارێزگاری جەوهەرە میللییەکانی زمانی کوردی کردووە کە لە شیعری دیالێکتی گۆرانیدا خاسیەتی خۆیان هەیە.

شاعیر لیریکێکی دیکەی هەیە وەک نموونەی شیعری خۆماڵی بەم دێرانە دەست پێ دەکا:

یاران فەرهادم یاران فەرهادم
جانشینی خاس قەومی فەرهادم
ئەورۆ کە فەرهاد پۆشانە و کەفەن
ئەرواش کرد فیدای شیرینی ئەرمەن

واتاکەی:

یاران فەرهادم یاران فەرهادم
جێنشینی ڕاستی قەومی فەرهادم
ئەمڕۆ کە فەرهادیان لە کفن لوول داوە
لەبەر ئەوە بووە گیانی کردە فیدای شیرینی ئەرمەن

بەم دێرانەش کۆتایی پێ دێنێ:

بەل وێنەی فەرهاد دێوانەی خودسەر
نەجات بووم جە دەست چەرخ بەدئەختەر
بە(تاهیر) واتەن دەروون پڕ جە غەم
زامەش جە زامی فەرهاد نیەن کەم

واتاکەی:

فەرهاد ئاسایی لەسەر دراوی دێوانە (شێت)
ڕزگاریم بوو لە دەست چەرخی بەدبەخت
دەروونی (تاهیر) پڕ لە غەمە
برینی لە برینی فەرهاد کەمتر نییە

# لیستی ناوی کەسان


ئـ

ئادەم (پێغەمبەر) 244، 360
ئاقەی کوڕی مەلەک قاسم خان 78
ئامینە (فەقێ ئامینەی دلبەری حەسەن) 621، 622
ئاهی (ساڵحی کوڕی ئەحمەد) 595
ئەبووبەکری سدیق 568، 569
ئەبووحەنیفەی ئەلنەعمان 195
ئەبولحەسەنی شازلی 219
ئەحمەد پاشا (برای پاشای ڕواندز) 18، 20
ئەحمەد پاشای بابان 281، 282، 305، 306، 442
ئەحمەد تاقانە 285
ئەحمەد موختار جاف 567، 579
ئەحمەدی کۆر 127
ئەختەر (ئەمین ئاغای حەویزی) 47 – 50، 52، 137
ئەدەب (عەبدوڵڵا بەگی میسباح – دیوان) 6، 23، 457، 459، 461، 462، 465 – 468، 471، 472، 475، 477، 479، 481 – 485، 487 – 489، 491 – 499، 501، 621
ئەدمۆندس سی. جەی 285، 317
ئەرستۆ 217
ئەسعەد ئاغای حەویزی 47
ئەسکەندەری مەکدۆنی 473، 481
ئەفلاتوون 208، 217، 250
ئەڵماس خانی کەلهوڕ 78
ئەلیاس بەگ کوڕی خدر بەگ 9
ئەمانوڵڵاخانی ئەردەلان 11، 12
ئەمیرە بەگ کوڕی حاجی عومەر بەگ 14
ئەمین بەگی دزەیی 127
ئەمین زەکی 14
ئەمین فەیزی 282
ئەنوەری 254
ئومێد کاکەڕەش 285
ئۆغوز بەگ کوڕی عەلی بەگی سۆران 17
ئیبراهیم پاچەچی 284
ئیبراهیم پاشای بابان 8
ئیبراهیم کوڕی ئەدهەم 219
ئیبنولفاریز 219
ئیسماعیلی سەفەوی (شا) 14
ئیسماعیلی سەییدیان 461
ئیحسان فوئاد 121
ئیمام ئەبووحەنیفە 309
ئیمام ڕەزای مووسای کازم 113
ئیمام عەلی کوڕی مووسای ڕەزا 238
ئیمام قولی میرزا عیماد 77

ب

بابا ئەردەلان(دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەردەلان)9
بەدرخان پاشا 177
بەهائەدینی نەقشبەندی 230
بەهرامی گۆڕ 483
بوتیفار(عەزیزی میسر، وەزیری فیرعەون) 103
بوداغ خان 15
بیکە بەگ کوڕی مەئموون بەگ 10
بێسارانی (مەلا مستەفا) 127





پ

پیرەمێرد 347، 348
پیرۆز (کچی حەسەن کەنۆش) 319، 320، 324، 325

ت

تاهیر (تاهیر بەگی جاف) 6، 565 – 574، 576 – 579
تەیووری بایەزیدی بەستامی 219
تەیموور (شاعیری کورد) 585، 587
تەقیەدین پاشا (والیی عوسمانی) 47
تۆفیق وەهبی 183، 285، 317، 318

ج

جافەر قولی 107 – 115
جافی (نوورەدین) 215، 254
جزیری (مەلای جزیری) 5، 127، 200
جەلالەدینی ڕۆمی 107، 219، 224، 254
جەلی (مەلا عەبدوڵڵا) 31، 32، 39، 42، 73، 74، 119
جەمیل سدقی زەهاوی 284، 300
جونەیدی کوڕی محەممەدی بەغدادی 219
جیهان ئارا (شاعیر) 611 – 613

چ

چالاک تاڵەبانی 285

ح

حاتەمی تەی 161
حاجی (حاجی قادری کۆیی) 28، 31، 36، 39، 47، 96، 100 – 102، 119 – 122، 125 – 128، 130 – 135، 137، 139 – 141، 145، 147، 149 – 157، 159 – 162، 168، 169، 171، 173، 174، 209، 460، 591
حاجی بەکتاش 219
حاجی مەلا عەلی 91
حافزی شیرازی 125، 341 – 343
حەبیبوڵڵاخان (سەرەک عێلی باباجانی جاف) 611
حەریق 425، 427، 428، 430 – 432، 434 – 438، 441، 443 – 449، 452 – 454، 493، 494، 497
حەسەن ئەلبەسری 219
حەسەن کوڕی ئیمامی عەلی 156، 343، 463، 509
حەسەن کەنۆش 319، 325
حەسەن (حەسەنی دڵداری فەقێ ئامینە) 621، 622
حەیدەرخانی کوڕی ئەمیرە بەگی موکریان 14
حەلیمەی کچی مەلا محەممەدی کۆیە 39
حەمە ئاغای غەفووری 137، 168
حەمە بەگی وەکیل 611
حەمەی وەستا فەتاح 319
حەمدی بەگی بابان 284
حوزنی موکریانی 460، 477
حوسێن کوڕی ئیمامی عەلی 237، 343، 363، 509
حیماری (شاعیر) 127

خ

خاکی (شاعیر) 599
خانای قوبادی 78، 448، 464
خان ئەحمەد خان 10، 11
خانە پاشای بابان 11
خانزاد (خوشکی سلێمان بەگی سۆران) 16، 17

خانی (ئەحمەدی خانی) 5، 123، 127، 167، 448
خدر بەگ کوڕی کلۆڵ بەگ 9
خەستە (شاعیر) 127
خەلیل (میرزا خەلیلی منەوەر) 505، 506، 508 – 510، 514، 515، 517، 518، 520، 525، 527، 529، 534، 536، 538 – 540، 543 – 545، 548، 549، 552، 555، 556، 561، 562
خوسرەو خانی والی 9، 11، 12، 23، 611
خوسرەوی پەروێز 473

**د**

دارا (شاهنشا) 473
داوود (پێغەمبەر) 538

**ڕ**

ڕەزا قولی خانی ئەردەلان 12
ڕەسووڵ بەگی سۆران (برای پاشای ڕواندز) 18، 20
ڕەشید ئاغای بەکر ئاغای حەویزی 33، 34
ڕەشید پاشا (سەدری ئەعزەمی عوسمانی) 19، 20
ڕەشید فندی 121
ڕەفیق حیلمی 121
ڕەنجووری (شاعیر) 127
ڕووس (دکتۆر) 19

**ز**

زەردەشت 14 ، 224، 473
زەننوونی میسری 219، 224
زێوەر (شاعیر) 334

**س**

سارم بەگ کوڕی سەیفوددین 14
سافی (کاک مستەفای هیران) 69، 71، 72
ساڵح (سەید محەمەد ساڵح نیعمەتوڵڵاهی) 6، 237، 240، 243، 244، 246، 249، 252، 254، 255، 257، 261، 267، 270، 383
سالم 21، 127، 605
سالمی سنە 24، 605
سانی (کاک عەبدوڵڵا کوڕی کاک عەلی) 57–60
سلێمان بەگ (والیی عوسمانی) 16
سلێمان بەگی میری سۆران 16، 17
سلێمان بەگی بابان 11
سلێمان خانی ئەردەلان 11
سلێمان زلفە 551
سەید ئەحمەدی خانەقا 347
سەید ئەحمەدی نەقیب 599، 600
سەید براکە 585
سەید تاهیری هاشمی 611
سەید تەهای نەهری 360
سەید ڕەشید (شاعیر) 428
سەید مەحموود گەیلانی 284
سەید نووری بەرزنجی 299
سەید یەعقووب (شاعیر) 77 – 79، 81 – 83، 85 – 87، 255
سەردار حەمید میران 122
سەعدی شیرازی 254
سەلاحەدینی ئەیووبی 304
سەلیم بەگ بابان 284
سەلیم سلێمان 448





سەیفوودین (دامەزرێنەری میرنشینی موکریان) 14
سوبحی پاشای کوڕی سامی پاشا 282
سوڵتان سوهاک 555
سوڵتان سلێمانی قانوونی 10، 14، 16
سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی 196
سوڵتان عەبدولعەزیزی عوسمانی 183، 281، 282
سوڵتان موورادی سێیەم 14
سوکرات 217
سۆن ئی. بی. 14، 565، 566

**ش**

شا عەلی بەگی کوڕی عیسای سۆران 16
شاکەڵی بەگ میری سۆران 16
شەرەفخانی بدلیسی 9، 14، 16
شوکری فەزلی 73، 74، 312، 314
شوکور مستەفا 285
شێخ بورهان شێخ یووسف شەمسەدین 425
شێخ خالیدی شارەزووری نەقشبەندی 127، 196، 202، 360
شێخ ڕەزا 22، 31 – 33، 42، 47، 73، 74، 127، 160، 279 – 281، 285، 287، 289 – 291، 294، 295، 298، 304، 544 – 548
شێخ سەعیدی حەفید 347، 555
شێخ سەلام (شاعیر) 460
شێخ عەبدولقادری گەیلانی 284، 303، 309، 351، 360
شێخ عەلی تاڵەبانی 42، 279، 280، 283 – 285، 318، 330، 342
شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری 347، 348، 351
شێخ عوسمانی تەوێڵە (سەراجەدین) 91، 100، 426
شێخ عومەری بیارە (زیائەدین) 39، 40، 42، 605، 606
شێخ عیسا (بەرزنجە) 555
شێخ غەفووری تاڵەبانی 31، 139، 147، 279، 281، 310، 314، 316، 342
شێخ مارفی نۆدێ 196، 303، 360، 555
شێخ مەعرووفی کەرخی 219، 309
شێخ مەعرووفی هەڵەجە 63
شێخ محیەدینی عەرەبی 215، 216
شێخ مستەفای تەختە 605
شێخ مستەفای شێخ عەبدولسەمەدی قازی 347
شێخ محەمەدی بەرزنجی 425
شێخ محەمەد حەسەنی کاشانی 237
شێخ محەمەدی خاڵ 196
شێخ محەمەدی گوڵانی هەڵەبجەیی 567
شێخ نەبی ماویلی 120، 139، 144، 154
شێخ مەحموودی حەفید (مەلیک) 555
شێخ مووسا (بەرزنجە) 555

**ع**

عادیلە خانم 300، 565، 576، 579
عەلائەدین سەجادی 122
عەبدولڕەحمان پاشای بابان 172
عەبدولڕەحمان خالیس 127
عەبدولڕەحمان سەعید 122
عەبدولسەتار تاهیر شەریف 122
عەلی ئەکبەر خانی ئەردەڵانی 611
عەلی بەردەشانی 127
عەلی بەگ کوڕی سلێمان بەگی سۆران 17
عەلی بەگ سالار سەعید 458

عەلی پاشا (سەرەک وەزیران) 282
عەلی ڕەزا پاشا (والیی بەغدا) 17
عەزیزخانی موکریان 15
عەلی هەریری 127
عـەلی کـوڕی ئەبووتالیب 189، 242 – 244، 252، 254، 265، 269، 343، 402، 463، 509، 520، 541
عوسمان پاشای جاف 300، 565، 579
عوسمانی لوڕی عەففان 100
عیزەدین شێری جزیرە 177
عیزەدین شێری کوڕی شا عەلی بەگی هەولێری 16
عیزەتوڵڵاخانی میر پەنجی 458
عیسا (پێغەمبەر) 135، 360، 495
عیسا ئەفەندی جەمیل زادە 284، 458
عیسای کوڕی کەلۆس (میرانی سۆران) 16
عیمادەدینی نەسیمی 219

غ

غەزالی (ئەبووحامید) 219
غولام ڕەزا ئەرکەوازی 275

ف

فاتیمە (کچی پێغەمبەر) 463، 509
فایەق (عوسمانی کوڕی حاجی ئیسماعیل) 91، 93 – 97، 100، 103، 104
فرایزەر جەی. بی. 19
فەتح عەلی شای قاجار 15
فەرهاد میرزا 12
فەریدەدینی عەتاری نیشابووری 219
فەقێ ئەحمەد (ئامۆزای میهرەبان) 617
فەقێ تەیران 127، 618
فـەقێ قـادر (قـادری کـوڕی ڕەسـووڵی کـوڕی
جوامێر) 183 – 191
فیردەوسی (ئەبولقاسم) 254
فیرعەون 206، 214

ق

قـادر (مـیـرزا قـادر، عـەبدولقـادر، ئەولقـادر، ئۆلقـادر) 383 – 386، 392، 395، 399، 401 – 403، 406 – 408، 418، 421
قەرەنی جەمیل 6
قوشەیری (ئەبولقاسم عەبدولکەریم) 219

ک

کاکەحمەدی شێخ 39، 63، 183، 302، 303، 555
کەریم خانی زەند 11، 15
کەریم شارەزا 122
کەلۆس (دامەزرێنەری میرنشینی سۆران) 16
کەلیمی هەمەدانی 125
کەیفی (فەتحوڵڵا جوانڕۆیی) 31 – 33، 35، 36، 47، 73، 74، 127، 279
کلۆڵ بەگ بابا ئەردەلان 9
کوردی (مستەفا بەگ) 21، 58، 59، 123، 124، 125، 127، 339، 367، 368، 591
کۆشکی (شا وەیس) 591
کۆماسی (ئەحمەد بەگ) 127
کیسە شەکەل (شاعیر) 127

گ

گیوی موکریانی 122، 460

ل

لۆنگریک 9



م

مارف خەزنەدار 461
مامە محەمەد حەسەن خان 77
مانی 294، 295
محەمەد (پێغەمبەر) 360، 463، 509
محەمەدئەمین میسری 461
محەمەد بەگی جوانڕۆیی 383
مـحـەمـەد پاشـای ڕواندز (پاشای کوێرە) 17 – 20، 172
محەمەد حەسەن حەیران 238
محەمەد ڕەحیمی سماقلوویی 185
محەمەد سەعید نەججار 461
محەمەد عەلی شای قاجار 15، 457
محەمەد عەلی پاشای میسر 19
محەمەد عەلی سوڵتانی 78
محەمەد فاروق بەهائەدین نەقشبەندی 100
محەمەد فیکری 127
محەمەدی مەلا کەریم 122
محەمەد میهری کەرکووکی 282
مستەفا نەریمان 507
محەمەد نوور بەخشی 100
مفتیی زەهاوی 39، 195، 284، 308، 338، 342
مستەفا فازل پاشا 282
مەلا ئەحمەدی ئۆمەر گونبەتی 119
مەلا ئەحمەدی ڕەباتی 428
مەلا ئەسعەدی جەلی زادە 39، 279
مەلا حەسەنی قازی 429
مەلا حەسەنی قزڵجی 196
مەلا حوسێنی کەرکووکی 63
مەلا خدری ڕوودباری 127
مەلا سەعیدی نائیب ئۆغلی کەرکووکی 196
مەلا سمایلی مەنتک 47
مەلا شەریفی ڕەنگەڕێژانی 63
مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی 69، 127
مەلا عەبدولڕەحمانی پێنجوینی 425
مەلا عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلا عەباس 63
مەلا عەبدولکەریمی پیرەبابی 605
مەلا عەبدولسەمەدی گۆج 40
مەلا عەزیزی مفتیی سلێمانی 196، 428
مەلا فەیزوڵڵا 457
مەلا محەمەدی کاک عەبدوڵڵا 39، 119
مەلا محەمەدی خەتی 20
مەلا مەحموودی مەزناوەیی 196
مەلا مەعرووفی زەنگنە 342
مەلا وەلەد خان 78
مـەحـوی 127، 195، 196، 197، 199، 201، 205 – 207، 209 – 213، 215، 221، 222، 224، 228، 230، 232 – 234، 290، 333
مەستی ئەفەندی (ڕەسووڵ مەستی) 316، 317
مەسعوود محەمەد 122
مەستوورە (ماە شەرەف خانی ئەردەلانی) 12، 23، 142، 370، 387، 388، 611
مـــەسنووری هەلاج 219، 221، 224، 225، 228، 229
مەلکەقۆر (شاعیر) 127
مەلەک نیاز خانی گۆران 585
مەنفی (مەلا ڕەسووڵی کوڕی مەلا مەحموود) 69 – 74
مەولەوی 127، 452
مووسا (پێغەمبەر) 135، 360، 361
میرزا یەعقووب 127

میرزا ئاغا خان (سەدری ئەعزەمی ئێران) 15
میرزا قادری پاوەیی 407
میرزا لەتیفی قازی 428
مینۆرسکی ڤ. ف. 407
میهرەبان (کچی مەلا حەسەنی مایی) 617، 618

### ن

نادر قولی 11
ناری (کاکە حەمەی بێلوو) 567
ناسرەدین شای قاجار 12، 15، 282، 585، 611
ناسری ئیبراهیمی 285
نالی 21، 22، 24، 25، 28، 36، 48، 53، 54، 57، 60، 78، 85، 86، 88، 92، 96، 100، 120، 122 – 124، 126، 127، 145، 178، 200 – 202، 294، 295، 366، 367، 370، 375، 378، 427، 432، 437، 438، 441، 442، 447، 448، 451، 454، 462، 487، 493، 494، 497، 568، 569 – 571، 573، 574، 577، 591، 599
نامیق پاشا (والی عوسمانی) 47
نامیق کەمال 282
نەجمەدین مەلا 333
نوسرەت خانم 451، 457، 459، 471، 477، 488
نیزامی گەنجەوی 254، 464
نیکیتین ڤ 9، 12، 461
نیهانی (شێخ محیەدین شێخ عەبدولکەریم) 63 – 65

### و

وەستا ڕەجەب 18
وەفایی (میرزا عەبدولڕەحیم) 23، 127، 347، 348، 350 – 356، 358 – 371، 373 – 379

### هـ

های دبلیو. ئار 28
هەردەوێڵ کاکەیی 507
هەمزە حیماری 332
یەعقووب (پێغەمبەر) 441
یووسف (پێغەمبەر) 441، 575
یووسف کامیل پاشا 281
یووسف مەزهەر پاشا (والیی کەرکووک) 283



## لیستی ناوی جوگرافی

### ئـ

ئاختاجی 14
ئازربێجان 13، 611
ئاکرێ 17، 190
ئاکۆ 190
ئامێدی 10، 17، 617
ئەبداڵ (کێو) 273، 275
ئەحمەد بڕندە (گوند) 599
ئەردەلان 7 – 13، 20، 23، 24، 606، 611، 332
ئەرمەنی بلاغ (گوند) 457، 459
ئەستەموڵ 20، 22، 27، 31، 33، 36، 73، 120، 121، 149، 155، 175، 176، 178، 179، 196، 249، 280 – 282، 285، 302، 305، 316، 347، 557
ئەفەریقا 192
ئەنادۆڵ 190
ئەوروپا 22، 155، 191، 206، 240، 289
ئێران 8 – 16، 23، 24، 108، 210، 461

### ب

بابل 575
بادینان 10، 14
باراو (گوند) 10
بازیان 183، 187
باریک (ناوچە) 14
باڵەکایەتی (باڵەکیان) 39، 119
بانە 9
بانیاران (ناوچەیە لە کرماشان) 585
بایەزید 190
برادۆست 14
بلووجستان 190
بیارە 425، 605
بەریتانیا 19
بەسرە 249، 316
بەغدا 11، 18، 19، 40، 47، 184، 185، 196، 224، 237، 249، 250، 285، 359، 461، 566
بوخارا 101، 230
بولغار 153، 190، 305
بۆتان 170، 173
بۆکان 13، 15، 457
بێتووش 69
بێجاڕ 8، 9
بێرووت 207
بێستوون 190، 579

### پ

پاریس 384، 403
پاوە 9، 383، 611
پیرەمەگروون 190، 273، 425
پیرمەم 273
پێنجوین 425

### ت

تاران 78، 457، 585
تاووغ (داقووق) 507
تەختە (گوندێکە لە سنە) 605
تەقتەق 146

تەنجە (لە مەغریب) 51
تەوریز 458
تەوێڵە 91
تورکستان 481
تورکمانستان 107 – 109
تورکیا 16، 24
تووت شامی (گوندێکە لە ناوچەی کرماشان) 585
تووری سینا (حۆریب) 361

**ج**

جزیری بۆتان 17، 121، 153
جوانرۆ (ناوچە، قەڵا) 31، 36، 383، 611
جەیحوون 409
جوودی (شاخ) 161

**چ**

چەمچەماڵ 183، 187، 279
چین (چینستان) 50، 51، 354

**ح**

حەسەن کێف 17
حەلەب 31، 282، 237
حەمرین 183
حیجاز 39، 347
حیللە 47

**خ**

خەلیفان 16
خوراسان 107، 109، 113، 115، 238
خوتەن 403
خوللەر (شار) 473، 485

**د**

دەرباس (ناوچەی جوگرافی) 14
دەرگەزێن (گوند) 91
دەماوەند 190
دهۆک 17
دیواندەرە 9

**ڕ**

ڕانیە 17
ڕواندز 9، 10، 16، 17، 18، 25، 28، 152
ڕەزاب 9
ڕەوان (ئەریڤان، یەریڤان) 403
ڕەوانسەر 9
ڕووسیا 18، 151، 426، 461
ڕۆمانیا 475

**ز**

زاخۆ 17
زەنگلانە (گوند) 108
زێی بچووک (کۆیە) 10، 16، 17
زێی گەورە (بادینان) 9، 16
زێبار 16
زێوە (گوندی ناوچەی خۆشناوەتی) 63
زێوە (گوندی قەد شاخی پیرەمەگروون) 425

**س**

سانت پیتر سبورگ 461
ساینقەڵا 457
سرووچک (بەرزنجە) 101
سلدووز (ناوچە) 14
سلێمانی 5، 7، 8، 11، 16، 21، 23، 24، 25، 28، 36، 63، 91، 176، 195، 230، 302، 303، 316، 330، 335،





337، 347، 348، 378، 425، 442، 443، 501، 538، 540، 555 – 558، 566، 577، 591، 595، 599
سنە 8، 9، 12، 23، 152، 195، 330، 565، 599
سەقز 8، 9، 433
سەردەشت 13، 119
سەرچنار 599
سەمەرقەند 237
سوورداش 425
سووریا 24، 121، 282
سیرب 153
سیروان 507
سۆران 7، 10، 13، 16، 18، 20، 23 – 25، 27، 28، 57، 460

**ش**

شارەزوور 10، 11، 14، 36، 454، 458
شام 207، 249، 348
شاهۆ 190
شکافکۆس 107
شنۆ 119
شەقلاوە 16، 63
شیراز 51، 403، 413، 417، 485
شیواشان (گوندی ناوچەی کۆیە) 40
شێخ وەتمان (گوندی باڵەکیان) 39، 119

**ع**

عەبابەیلێ 566
عەرەبستان 347، 379
عەرەب کۆی (گوند) 506، 520، 554
عەزە (گوندی دەشتی هەولێر) 63
عەلی سەرای 506
عومان 257
عێراق (میزۆپۆتامیا) 13، 24، 47، 133، 172، 348

**ف**

فرەنسا 32
فەیزاباد (گوند) 238

**ق**

قارس 190
قازان 403
قاهیرە 121
قاف (کێو) 257
قرخ (گوند) 279، 280
قرم 190
قەباعلەندس (گوند) 426
قەرەناو (گوندێکە لە ناوچەی شوانی کەرکووک) 63
قەرەحەسەن 280
قەرەداغ 10، 153، 425، 591
قەسری شیرین 579
قەمەشە (گوند) 77، 78
قەلاچۆلان 8، 11
قەندەهار 249
قەندیل 190
قودرەت 183
قوروە 9
قۆنیە 19
قۆچان 107

**ک**

کابول 249، 403
کاشان 237، 238

کاشتەر (گوند) 383، 425
کاشفەر 491
کامیاران 9
کرند 77، 585
کفری 10، 506، 507، 549
کرماشان 8، 10، 24، 238، 383، 585
کشمیر 249، 403، 483، 491
کەرکووک 7، 8، 10، 16، 21، 22، 24، 27، 184، 185، 187، 189، 249، 279، 280، 281، 283، 288، 307، 316، 328، 337، 506، 507
کەشکەمیر (گوند) 190
کوێرەدێ (گوند) 31
کۆشک (گوند لە قەرەداغ) 561
کوردستان 5، 7، 10، 13، 15، 18، 21 – 24، 27، 28، 63، 83، 85، 87، 88، 91، 104، 121 – 123، 128، 149، 162، 167، 170، 176 – 179، 183، 184، 190، 195، 196، 200، 202، 232، 265، 276، 344، 351، 360، 378، 379، 406، 451، 454، 487، 500، 549، 555، 574، 577، 579، 595
کۆیە (کۆیسنجەق) 10، 16، 17، 25، 27، 28، 31، 33، 34، 36، 39، 43، 47، 48، 57، 63، 69، 73، 119، 120، 139، 178، 279، 295، 296، 332، 337، 595

**گ**

گەرمیان 7، 21، 22، 24، 507
گەنجە 51
گورجستان 51
گۆڕقەرەج (گوند) 119، 178

**ل**

لاجان 120
لەندەن 384، 403
لەیلان 280
لوڕستان 10، 24

**م**

ماچین 51
ماردین 17
ماوەت 195
ماهیدەشت 77، 184، 237
مایی (گوندی ناوچەی بەرواری) 617
میاندواو 13، 457
مەخموور 16
مەراغە 13
مەریوان 9، 457، 605
مەشهەد 238
مەککە 237، 249
مەمەد ئاوات 112
مەهاباد (سابلاغ) 8، 13، 23، 145، 347، 348، 426، 461، 605
موکریان 7، 8، 10، 13–16، 20، 22، 23، 378، 379، 457، 458، 460، 499
مووسل 14، 16، 17، 27، 31، 184، 185، 187، 249، 280، 316، 555–557، 559، 621
میسر 207

**ن**

نازەنین (گوند) 57
نسێبین 17
نەجەف 255



نەجد 259
نەوبە (وڵاتێکی ئەفەریقییە) 51
نیشابوور 238
نیل 207

**و**

والتیمۆر (ناوچە) 14
ورمێ (ڕەزائییە) 10، 13، 16

**ھ**

هەرات 237
هەرسەک 190
هەریر 10، 16، 25، 28
هەکاری 14
هەڵەبجە 565، 566
هەلەجە (گوندی دەشتی هەولێر) 63
هەمەدان 8، 10، 11
هەورامان 190، 265، 383، 407
هەولێر 9، 13، 14، 16–18، 24، 25، 28، 31، 32، 280، 285، 328، 329، 460، 566
هیران (گوند) 57
هیندستان 51، 354، 473

**ی**

یابان (ژاپۆن) 156، 210، 392
یەحیاوا (گوند) 280
یەمەن 281، 282
یۆنان 153

# ناوەڕۆک


**پێشەکی**

**بەشی یەکەم**

بەکورتی مێژووی هەرێمە جوگرافییەکانی باشووری کوردستان و... 7
مێژووی سیاسی هەرێمە جوگرافیاکانی باشووری کوردستان 7
بڵاوبوونەوەی ڕینیسانسی ئەدەبی کوردی لە هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستاندا 21

**بەشی دووەم**

ڕینیسانسی شیعری کوردی لە کۆیە 27
شاری کۆیە 27
شاعیرانی کۆیە 28
کەیفی 31
نموونەی شیعری کەیفی 33
جەلی 39
ئەختەر 47
گەشتێ لە گوڵزاری شیعری ئەختەر 48
سانی 57
نموونەی شیعری سانی 58
نیهانی 63
نموونەی شیعری نیهانی 64
مەنفی 69
نموونەی شیعری مەنفی 70

**بەشی سێیەم**

سەید یەعقووب 77
ژیانی 77
شیعری 78
نموونەی شیعری 79

**بەشی چوارەم**

فایەق 91
ژیانی فایەق 91
شیعری فایەق 91





نموونەی شیعری فایەق 92

**بەشی پێنجەم**

جافەر قولی 107
بەسەرهات 107
شیعری جافەر قولی 108
نموونەی شیعری جافەر قولی 110

**بەشی شەشەم**

حاجی 119
ژیانی حاجی 119
شیعری حاجی 121
نموونە کلاسیکییەکانی شیعری حاجی 128

**بەشی حەوتەم**

گەشتێک بەناو شیعرە میللی و نوێگەرییەکانی حاجی 149
حاجیی ڕۆشنبیر و زانا و سیاسی و شۆڕشگێڕ 149
بەیتەکانی حاجی 150
لیریکەکانی حاجی 162

**بەشی هەشتەم**

فەقێ قادر 183
ژیانی فەقێ 183
شیعری فەقێ 184
نموونەی شیعری فەقێ 186

**بەشی نۆیەم**

مەحوی – مەحوی و شیعر 195
ژیانی 195
شیعری 197

**بەشی دەیەم**

شیعری گێتی سۆفیزمی مەحوی 217
سۆفیزم 217
نموونەی شیعری سۆفیزمی کۆزمۆسی (گەردوونی) 220
نموونەی شیعری وەسفی سۆفیزم 228
شیعری دژی دەروێشیزم 231

### بەشی یازدەم


سالح ... 237
بەسەرهاتی شاعیر ... 237
خاسیەتی شیعری لە ڕووی ڕوخسارەوە ... 238
خاسیەتی شیعری لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ... 242
گەشتی گێتیی لاهووتی شیعری سالح ... 243


### بەشی دوازدەم


شێخ ڕەزا – ژیان و شیعری لە ڕووی ڕوخسارەوە ... 279
ژیانی شاعیر ... 279
شیعری شێخ ڕەزا لە ڕووی ڕوخسارەوە ... 285
بەشی سێزدەم ... 289
شیعری شێخ ڕەزا لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ... 289
ئاسۆی شیعری شێخ ڕەزا ... 289
ئەدگاری شیعری شێخ ڕەزا ... 290
نموونەی شیعری شێخ ڕەزا ... 290


### بەشی چواردەم


وەفایی ... 347
ژیانی ... 347
شیعری وەفایی ... 348
گوڵستانی شیعری وەفایی ... 351
شیرین تەشی دەڕێسێ ... 370
شیعری خۆماڵی سیلابی ... 375


### بەشی پازدەم


قادر – ژیان و شیعری لیریکی ... 383
ژیانی قادر ... 383
شیعری قادر ... 383
شیعری لیریکی قادر ... 386


### بەشی شازدەم


شیعری ئیپیکی قادر ... 407
جەنگی کوللە و ئاینەمەل ... 407
سەما و زەمین ... 418




### بەشی حەڤدەم


حەریق ... 425
ژیانی ... 425
ڕوخساری شیعری ... 426
ناوەڕۆکی شیعری ... 429
شیعری مەسنەوی ... 448
شیعری دیالێکتی گۆرانی ... 450
تاک و چوارین ... 452


### بەشی هەژدەم


ئەدەب – ژیان و خاسیەتەکانی شیعری ... 457
ژیانی ئەدەب ... 457
خاسیەتەکانی شیعری ئەدەب ... 459


### بەشی نۆزدەم


گەشتی گوڵزاری ئەدەب ... 477
وەسفی بووکی پەردە و بەزاوابوون ... 477
پەری بەسەما دێتە سەر شانۆ ... 489
کچی ئەدەب بەیادی نالی ... 493
دیالۆجی دڵدار و دلبەر ... 497
شیعری ئەدەب بۆ گۆرانی ... 499


### بەشی بیستەم


خەلیل – ژیان و شیعری لیریکی ... 505
ژیانی شاعیر ... 505
شیعری شاعیر ... 507
شیعری لیریکی شاعیر ... 508
موناجات و نەعت ... 508
دڵداری ... 510
وەسف ... 514
کۆمەڵایەتی ... 525
شانازی و ستایش و پێدا هەڵدان ... 540
ماتەمنامە و لاواندنەوە ... 541
داشۆرین ... 543

**بەشی بیست و یەکەم**
پۆپێمی خەلیل ........ 549
چیرۆکی شیعری کۆمەڵایەتی ........ 549
چیرۆکی شیعری گورگە هار ........ 549
جەنگی یەکەمی گێتی ........ 552
چیرۆکی شیعری مێژوویی ........ 555
شەهیدبوونی شێخ سەعید ........ 555
**بەشی بیست و دووەم**
تاهیر ........ 565
شیعری تاهیر ........ 566
ناوەڕۆکی شیعری تاهیر ........ 568
گەشتی ناو دیوانی تاهیر ........ 569
**بەشی بیست و سێیەم**
شیعری بەرزی هەندێ لە شاعیرە کەم ناسراوەکانی کورد ........ 581
تەیموور ........ 585
کۆشکی ........ 591
ئاهی ........ 295
خاکی ........ 599
سالمی سنە ........ 605
جیهان ئارا ........ 611
میهرەبان ........ 617
حەسەن و ئامینە ........ 621
**بیبلیۆگرافیا** ........ 635
**ناوەڕۆک** ........ 639

